# ترۆپک

## "هەوارێک بۆ بەرهەمە ترۆپکەکان"

گۆڤارێکی رووناکبیری، کەلتووری، هونەری سەربەخۆیە
دەزگای ترۆپک بۆ چالاکی کەلتووری و هونەری
هەر وەرزەی جارێک دەریدەکات

ژمارە (١)   هاوینی ٢٠١٢

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: د. ئازاد حەمە شەریف**
**بەڕێوەبەری نووسین: گۆران رەسوڵ**

Mob :٠٠٩٦٤٧٥٠٦٦٧٧٩٥٨
٠٠٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٢٤٤٤٣

Email: dezgaytropk@yahoo.com

**دەستەی راوێژکاران:**
• شێرزاد حەسەن / راوێژکاری روناکبیری
• د. ئیسماعیل قەرەداغی / راوێژکاری وەرگێڕان
• د. حەمید عەزیز / راوێژکاری فەلسەفی
• شیرین ک. / راوێژکاری ئەدەبی ژنان
• جەلیل کاکەوەیس / راوێژکاری ئەدەبی
• فوئاد سدیق / راوێژکاری کەلتووری

**دەستەی نووسەران:**
چنار نامیق - عەبدولرەحمان بێلاف - نەوزاد جەمال
نەخشەسازی و بەرگ: حەمید ئازمودە

ژمارەی متمانە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (٤٨٨) لە ٢٠١١/٥/٨

**تێبینی**: گۆڤاری ترۆپک بە هیچ جۆرێک بەرپرسیار نییە لەو بیروڕایانەی لەبابەتەکاندا هاتوون، هەر نووسەرێک خۆی لێی بەرپرسیارە.

## پێڕست

**لاپەڕە**




١- هەڵکشان بەرەو ترۆپک : سەرنووسەر

**٧**

**تەوەر: داگیرکاری و چەوساندنەوە ،ژن و یاخیبوون**



٢- شەهرەزاد چیرۆک دەگێرێتەوە تاوەکو نەمرێت (شێرزاد حەسەن)

**١٣**



٣- فرانتس فانۆن: هاواری مرۆڤی چەوساوە (د. ئیسماعیل قەرەداغی)

**٢٧**



٤- ئیزابێل ئەلێندی: سێکس و پۆستکۆلۆنیالیزم و واقیعیەتی سیحری (گۆران رەسوڵ)

**٣٥**



٥- سافۆ: دەنگی جەستە (چنار نامیق)

**٤٣**

**شانۆگەری ژمارە**



٦- شانۆیی (گیرفانی سیانزەهەم) ( د. ئازاد حەمە شەریف)

**٥١**

**دیدار**



٧- دیدار لەگەڵ کانی شیعری گۆرانی: عەبدولرەحمان بێلاف (سازدانی: گۆڤاری ترۆپک)

**٧١**



٨- دیدار لەگەڵ شاعیری لاو: رێبین احمد خدر (سازدانی: گۆڤاری ترۆپک)

**٧٧**

| پێڕست | لاپەڕە |
|---|---|




**ئازادی، رۆشنبیر، دەسەڵات**

٩- ئازادی و بەرپرسیارێتی لە دیدی (هربێرت مارکۆز)ەوە ( نەوزاد جەمال) ٨٩



١٠- وەزیفەی حیزبی سیاسی ( فۆئاد سدیق) ٩٩

**دەقی ئەدەبی (شیعر و چیرۆک)**



١١- جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە (شیعری:مۆهجە کەهف)
(و: د. ئازاد حەمە شەریف) ١٠٩

١٢- سەفەربەرلک (شیعری : رێبین احمد خدر) ١١٥



١٣- ئەنگوستیلە (چیرۆکی: ئەنییس نین) (و: گۆڤاری ترۆپک) ١١٩

**خوێندنەوەی کتێب**




١٤- کتێبی (IQ84)ی هاروکی موراکامی (گۆڤاری ترۆپک) ١٢٥

**هونەری تازە**



١٥- روانین لە ترۆپکەوە (بەڕێوەبەری نووسین) ١٣١



## ژمارەکانی ئایندە:

١- تەوەر: دیستۆپیا

٢- خالید حوسێنی

٣- جەستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا / رێبوار سیوەیلی

٤- هونەرمەندی پەیکەرساز (فواد عەلی)



# هەڵکشان بەرەو ترۆپک

## بۆچی ترۆپک؟

کەلتووری میللەتان بە نووکی خامەی نووسەرە ڕەسەنە بوێر و بلیمەتەکانیان سنووری وڵاتان دەبڕن و دەبنە بەشێک لە کەلتووری مرۆڤایەتی. ئێمەش زۆر دەمێکە چاوەڕێی ئەوە بووین ڕۆژێک لە ڕۆژان کەلتوور و نووسینی کوردیش بگاتە ئەو ئاستەبەرزە جیهانییە. بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت تەنها خۆمان لە خشتە دەبەین و بەمزووانە ئەو خەونەمان نایەتەدی، چونکە ئەوەندەی نووسەری کورد خەریکی شتی ناکەلتووری و ناهونەری و ناڕۆشنبیرییە، هێندە خەریکی بەرهەمەکەی خۆی نییە.

بۆ ئەوەی لەمەودوا بەرهەم نەک ناو و ناوبانگ کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵێت، هەموومان گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە گۆڤارێکی وا دەربکەین کە هیچ حیسابێک بۆ پێشینە و ناو و ناوبانگی هیچ نووسەرێک نەکات و تاقە ناسنامەی پەڕینەوە و نەپەڕینەوە تەنها جوانی و ڕەسەنایەتی بەرهەمەکە خۆی بێت. ئەم بڕیارە هەرچەندە قورس و ئاڵۆزە و تووشی سەدان گێرمە و کێشەی لابەلامان دەکات، بەڵام لێپەڕینەوەشی ئەستەم نییە، چونکە ئێمە وەکو گۆڤاری (ترۆپک) بڕیارمان داوە دەست لە هیچ کەس و لایەنێک پان نەکەینەوە و ملکەچی تاقە یاسایەک ببین کە ئەویش یاسای بەهێزی دەقە!

ڕەنگە جگە لەو ئاستەنگانەی سەرەوە تووشی دەیان ئاستەنگی دیکەش ببینەوە: لەوانەیە لەملا و ئەولا لێمان بپرسن: ئاخۆ بەچ پێودانگێک بەرهەمێک هەڵدەسەنگێنرێ و مۆری ترۆپک بوونی پێوەدەنرێت؟ کامانەن ئەو کەسانەی ئەو بڕیارە چارەنووسسازە گەورەیەی ترۆپکایەتی و ناترۆپکایەتی بابەتەکان دەدەن؟ ئاخۆ کێ لە پشت ئەو گۆڤارە و دەستەی ڕاوێژکاران و دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارەوەیە؟ بۆچی تەنها ئەو ناوانە لە سەرگۆڤارەکە دانراون و کەسی تر نا؟ بە کامە پێودانگ ئەو کەسانە دانراون؟ ئایا ئەو کەسانەی لەم گۆڤارەدا کاردەکەن بەخۆیان ترۆپکن؟ ئایا ناوی گۆڤارەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی تەبا و ڕاستگۆیە؟ ئایا نەخۆشی هەرێمچییەتی و شارچییەتی و چەندان چییەتی تر و باڵباڵێن و برادەرایەتی جەستەی ئەو گۆڤارەش وەکو ئەوانی تر دادەڕزێنێت؟ ئەم هەموو پرسیار و ئایانە و دەیان ئایای تر بە مێشکی یاران و نەیارانی گۆڤارەکەدا گوزەر دەکەن و سەرەنجام لە هەموو لایەکەوە دەیان شیمانە و گریمانە و دیمانەی لابەلا بۆ گۆڤارەکە و دەستەی گۆڤارەکە دەکرێت.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەی نیازپاکانە و بەدنیهادانەی تریش ئێمە وەکو دەستەی ڕاوێژکاران و دەستەی نووسەرانی ئەو پرۆژەیە تەنها یەک تاقە وەڵاممان هەس! وەڵامەکەشمان ئەوەیە: بەڵێنمان بە خۆمان داوە کە لەگەڵ ناو و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە ڕاستگۆبین!




چونکه هەمووما‌ن لەو گۆڤارەدا بڕیارمان داوه جگه له زیان قازانج نه‌که‌ین، بۆیه خاتر و خۆتر و دڵڕاگرتنی که‌س به‌لامانه‌وه هێنده‌ی دڵڕاگرتنی ره‌سه‌نایه‌تی و ئاستبه‌رزی ده‌ق و به‌رهه‌م گرنگ نابێت.


ئه‌ده‌ب و نووسینی کوردی تا په‌نجا ساڵێک له‌مه‌وبه‌ر سه‌رمه‌شقی راستگۆیی و ره‌سه‌نی و جوانی بوو. خانی و مه‌وله‌وی و نالی و مه‌حوی و حاجی قادر و جه‌میل سائیب و (به‌شێک) له گۆران و بێکه‌س و دڵدار و مه‌م و هه‌ردی و هێمن و چه‌ندانی تریش ئه‌و رێچکه راست و ره‌وانه‌یان بۆمان ده‌ستنیشانکرد و نه‌خشه‌رێگای ئاییند‌ه‌یان بۆمان دیارکرد. به‌ڵام له‌و چه‌ند ساڵانه‌ی دوای ئه‌وان، له ئه‌نجامی تێکه‌ڵکردنی ئایدیۆلۆجیای شه‌خته‌گرتووی له‌ده‌ره‌وه‌هێنراو به ئیستاتیکای کورده‌واری نه‌رم و ناسک، ره‌وت و ئاراسته‌ی نووسینی جاران به‌لاڕێدا براو زوو به زوو وێڵ و سه‌رگه‌ردان کرا.

هه‌ڵبه‌ته ئه‌مه‌ش ده‌ره‌نجام و سه‌ره‌نجامی دواکه‌وته‌یی هێندێک له به‌ناو رۆشنبیره‌کانی کورد بوو که دوای پایدۆست کردنیان له گۆڕه‌پانی مه‌زهه‌بگه‌رایی و سیاسه‌تدا هاتن خۆیان به‌سه‌ر نووسینی

کوردیدا ساغکردەوە و بەرهەمی کرچ و کاڵیان بەناوی بەرهەمی ڕەسەن پێشکەش بە گۆڕەپانی کوردی کرد. بەم کارەش زەوقی کوردەوارییان بەجۆرێک شێواند کە بەرهەمی خراپ ببێتە پێودانگ و بەرهەمی چاک و کاریگەر لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری شاربەدەر بکرێت.


ئەوی ڕاستی بێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە ناڕەسەنە، کەسانی خۆماڵی و دەرەکی کەوتنە پشتگیریکردنی نانووسەر و دامودەزگای بەناو ڕۆشنبیری؛ سەرەنجامی ئەم کارەش واکەوتەوە کە گیانی وشە و جوانی بەرهەمی کەڵەنووسەرانی پێشوو لە ڕیشەوە وشک کرا و نووسەرانی ڕاستەقینەش وایانلێکرا ئەگەر دەربارخواز و مفتەخۆری سیاسی نەبن لە هیچ شوێنێک جێگیان نەبێتەوە و لە نووزکە بکەون. هەموو ئەمانەش لە ژێر هەژموون و کاریگەری ئایدیۆلۆجیای کۆنخوازانە جێبەجێکرا و لە ئاکامدا بەرهەمی ڕاستەقینەی کوردی لە گرێژنە چوو و تازەش وا بەئاسانی نایەتەوە سەر ئەو ڕێچکە چاک و پاکە.

تاقە چارەسەری دەستوبرد و یەکلاکەرەوەش بەڕای هەموو ئەوانەی خەمخۆری بەرهەمی جوان و ڕەسەن و پڕچێژ و کاریگەرن ئەوەیە کە ئیستاتیکای خۆماڵی جاران و ئێستا بەشێوەیەکی هاوچەرخانە تێکهەڵکێشی یەکتر بکرێن و ڕوانین و دەنگە سەربەخۆ و ڕەسەن و پڕچێژەکانی ناو بەرهەمەکانی جاران زیندوو بکرێنەوە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا برەویان پێبدرێت. لەپاڵ ئەمەشدا پێویستە بایەخێکی تایبەتی بە بەرهەم و نووسینی نووسەرە نوێخواز و ڕەسەنەکانی ئێستا بدرێت



و پشتگیرییەکی تەواویش لە دەنگە تازە و ئازاکانی ئافرەتان/ژنان بکرێت. پێویستە هەموو لایەکیش پاڵپشتی لە روانین و بۆچوونە راست و دروستەکانی لاوان بکەن چونکە ئەوان توێژێکی کاریگەری دوارۆژن و ئاییندەی وڵات بەوانەوە بەندە.
بێگومان چارەسەری ئەم دیاردەیەش لە رێی سوودوەرگرتن نەک لاساییکردنەوەی ئەزموونی دانسقەی نووسەر و بیرمەندانی سەرانسەری دنیاوە دەکرێت. هەربۆیەشە لەم گۆڤارەدا دەقی خۆماڵی و وەرگێڕانی بەرهەمی چاک و تاک شانبەشانی یەکتر رێز دەکرێن. نە تەمەن، نە ئەزموون، نە رەگەز، نەناوداری و بێناوی، نەپایەداری و بێپایەداری - هیچ یەک لەمانە بایی تۆزقاڵێک کار لە رێڕەو و ئاراستەکانی ئەم گۆڤارە ناکەن.
کەواتە هەنگاوێکی وا کە ئێمە لەم سەکۆیەدا ناومانە و ئەرکێکی هونەری و نیشتیمانی و مرۆڤانەی وا کە شانمان داوەتەبەر بەبێ پشتگیری و پاڵپشتی نووسەر و بیرمەند و بەهرەدارە جوانناس و نوێخوازەکان بەهیچ جۆرێک ناچێتەسەر. هەربۆیەش پێمان خۆشە هەموو نووسەر و قەڵەمێکی نوێخوازی سەربەرز و رەسەن ئەم گۆڤارە بەهی خۆیان بزانن و دەستەی راوێژکاران و نووسەرانیش بە دۆست و هاوکار لە قەڵەم بدەن.

سەرنووسەر



# شەهرەزاد چیرۆک دەگێڕێتەوە تاوەکو نەمرێت

شێرزاد حەسەن

زۆر جار لە خۆم دەپرسم ئاخۆ بۆ دەبێت توخمی مێینە بە تایبەتی لای خۆمان سەبارەت بە نووسین ( لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەب ) دا وا کەمتەرخەم بن؟ ئایا پەیوەندی پیاوان لەگەڵ زماندا کۆکترە ؟ ئاخۆ بۆ دەبێت زمانی کچان و ژنان کلیل درابێت؟ گەرچی دەشزانم لە ژێرەوە بە دزییەوە یەکەو دەفتەرێکی سووکە یاداشتەکانی خۆی لە نێو چەکمەجەکاندا دەشارێتەوە، وەک پاشماوەی تاوانێک ئەم کون و ئەو کونی پێدەکات. تۆ بڵێی پەیوەندی نێوان نووسین و نێرینە ، یان نووسین و مێینە ئەوەندە لێکدی جیاواز بێت؟ هەڵبەتە وایە .. گەلێک هۆی زاتی و مەوزوعی هەن، زەقترین هۆ ئەو بونیاتە ئەخلاقییە کە رۆحی توخمی مێینەی لە منداڵییەوە ڕەنگڕێژ کردووە ، بونیاتێکی نەفسی داخراو ، ملیۆنەها ئارەزووی کپکراو ، ڕووباری کەف و کوڵێکی بەربەستکراو ، هەر لە منداڵییەوە پێی دەڵێن : بە دەنگی بەرز نەدوێت و قاقاش پێنەکەنێت، بۆ ئەم یاساغە و بۆ نێرینەش نەخێر ، کەچی وا باویشە کە ژنان لە پیاوان پتر دەدوێن ، هەتا لە سەردەمی کۆن و لە وڵاتی چین – دا پیاو هەقی ئەوەی هەبووە لەسەر زۆر قسە کردن ژنەکەی تەڵاق بدات .

دیارە لە نێو میللەتانی دیکەش هەموو ئافرەتە نووسەرەکان سەرەتا دووچاری گێرمە و کێشە بوون ، هەر لە شارلۆت برۆنتی و جۆرج ساند و ڤیرجینیا وولف و مەی زەیادە و فرانسوا ساگان و غادە سامان و ئانا ئەخماتۆڤا و ئیلزا مۆرانتی و ... هتد ، بگرە هەندێکیان ناو و ناتۆرەی ناشیرینیان دوا خرا، وەک بڵێیت دونیای نووسین ئیمپراتۆرییەتی پیاوان بێت و ژنان بە زۆردارەکی خۆیانی تێفرێدەن و بە خورتی بیانەوێت ببنە دانیشتووانی ئەو مەملەکەتە. لای خۆمان نەک هەر ئافرەتی نووسەر بگرە پیاوەکەش تاوانبارە گەر توانی بە جورئەتەوە شۆڕ بێتەوە نێو ناخ و دڵ و دەروونی خۆی یان هی خەڵکی ، تاوانبارە گەر توانی راستگۆیانە هەست و نەستی خۆی دەرببڕێت.

مەسەلەکە لای من دیوێکی سایکۆلۆژی هەیە ، هەندێ لەو کەسانەی کە ناوێرن گوزارشت لە راو بۆچوون و لێکدانەوە و ختوورە و خەیاڵی خۆیان بکەن کەیفیان بەو کەسانە نایەت کە دەتوانن. ترسی گەورەی ئافرەتیش لەوەدایە کە زۆر باش دەزانێت گەر روو لەو دونیا ترسناکە بکات تیاچووە و دەدۆڕێت ، – دونیای نووسین و بیر کردنەوە – چونکێ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان شتێکی دیکەیان لێدەوێت ، سەدەها شت ، تەنها عیشقی هونەر و ئەدەب نەبێت ، لە منداڵیەوە فێری دەکەن کە ئەرکی گەورە و پیرۆزی ئەوەیە پیاو رازی بکات ، گەر پیاو لێی رازی بێت، خوداش لێی رازییە. جا ئەو پیاوە برا بێت، باوک یان مێرد . لە چاکترین حاڵەتدا تێدەگات کە پیاو تەنها جوانی لێ دەوێت و بەس ، هەر کە باڵقیش بوو دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە : لە ماڵەوە (باوک و برا ) داوای لێ دەکەن فریشتە بێت ، بێ هەوا و هەوەسی کچانە و ژنانە بژی، کەچی لە دەرەوەی ماڵ خۆیان (هەموو پیاوانی غەیرە) داوای لێدەکەن عیشقباز و بگرە سۆزانی بێت.



**هەندێ لەو کەسانەی کە ناوێرن گوزارشت لە راو بۆچوون و لێکدانەوە و ختوورە و خەیاڵی خۆیان بکەن کەیفیان بەو کەسانە نایەت کە دەتوانن. ترسی گەورەی ئافرەتیش لەوەدایە کە زۆر باش دەزانێت گەر روو لەو دونیا ترسناکە بکات تیاچووە و دەدۆڕێت ، - دونیای نووسین و بیر کردنەوە - چونکێ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان شتێکی دیکەیان لێدەوێت ، سەدەها شت ، تەنها عیشقی هونەر و ئەدەب نەبێت ، لە منداڵیەوە فێری دەکەن کە ئەرکی گەورە و پیرۆزی ئەوەیە پیاو رازی بکات ، گەر پیاو لێی رازی بێت، خوداش لێی رازییە.**

ئا لە نێو ئەم دوو ڕوانینەدا سەری لێدەشێوێت، چ پێویستی بە فیکر و ئەدەب و هونەر نابێت ، چونکێ ئەو پیاوەی کە خۆی بەتاڵ و کاڵفام و کەم مەعریفەت بێت ، دەبێت لەوە زیاتر چی مەبەست بێت کە ئافرەت لەسەر سیسەم و لە نێو مووبەقدا کارامە و لێزان و وەستا بێت. کاتێک ژنە بە خۆی دەزانێت بۆتە کەل و پەلێک یان دیکۆر و بووکەشووشەیەکی هەرزان یان گران. خۆ ئەگەریش هاتە نێو ئەو مەیدانە ترسی ئەوەی لێ دەنیشێت بدۆڕێت. زۆربەی هەرە زۆریشیان ئەگەر هات و ڕێیکەوتە ئەو مەیدانە ئەوە دەبێت وەکو پیاوان بنووسن و بیر بکەنەوە ، ئەگینا لە هیچ پەرلەمانێک و ڕێکخراو و پارتێک جێینابێتەوە . چاکترین نموونەش لە ڕۆژی ئیمڕۆدا "مارگرێت تاتشەر" ە کە بە (ئافرەتە ئاسنینەکە) ناوبانگی دەرکردووە . جگە لەوەش ژنە ناتوانێت بە بێ ترس لە هەموو دیوەکانی پەیوەندی ڕێک و نارێکی نێر و مێ پانتایەکی زۆر لە ڕووبەری ئەدەب و هونەر داگیر بکات. نە دەوێرێت لەو نهێنییانەی خۆی بدوێت وەک مێینەیەک ، نە هی توخمی نێرینەش. کەچی پیاو تارادەیەک دەتوانێت بێ دەربەستانە لە هەر دوو لایەنەکە بدوێت، ڕۆژ بە رۆژیش تا دێت کچە کۆت و زنجیری دەست و پێیەکانی ئەستوورتر دەبن. هەر ڕۆژێک و گرێیەک ، تا لە کوتاییدا دەبێت بە تۆپەڵێک گرێ کوێرە ، هەر زووش ئەو زمانەی لێ دەستێننەوە کە بتوانێ راز و نیاز و نهێنی و گرێ و دەردەکانی خۆی پێ دەربڕێ. خۆ ئەگەر بشنووسێ بە دزییەوە لە ژێرەوە .. ئەوە قەت باوەڕی بە خۆی نییە کە کەسانێک هەبن نووسینەکانی پەسەند بکەن و بیخوێننەوە . لە زۆربەی حاڵەتیشدا لە قۆناغێکی کاڵ و کرچ دا دەمێنێتەوە بە تایبەتی گەر ئەو هەوەسەی نووسینە بە مەعریفەتێکی گەورەوە موتوربە نەکرێ. چونکێ لای خۆمان ئافرەتی نووسەر تەنها دڵی بەوە

خۆشه كه توانیویه‌تی هێرش بباته سه‌ر قه‌ڵای پیاوان و داگیری بكات .. مه‌به‌ستم له قه‌ڵای پیاوان (قه‌ڵای نووسین)ه.
هه‌ڵبه‌ته ئه‌م كه‌مته‌رخه‌می و خه‌مساردییه‌ی ئافره‌تی نووسه‌ر بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه كه خۆ سه‌پاندنی ئافره‌ت له بواری نووسیندا وه‌ک ناو و ڕووكه‌ش – گه‌لێ ئاسانتره له خۆسه‌پاندنی پیاو، ئه‌ویش په‌یوه‌ندی به ژماره‌ی زۆری پیاوانی نووسه‌ره‌وه هه‌یه به به‌راورد له‌گه‌ڵ ژماره‌ی كه‌می ئه‌و ئافره‌تانه‌ی ڕوو له‌م دونیایه ده‌كه‌ن – دونیای فیكر – هه‌ر چه‌نده كێشه‌كه له‌وه‌ش قووڵتره و هه‌ق وایه ئافره‌تان خۆیان له‌م گرفته بدوێن .
دیاره له وڵاتانی ئه‌وروپی تا ڕاده‌یه‌كی باش ئه‌م گیروگرفتانه له ڕۆژی ئیمڕۆدا چاره‌سه‌ركراوه چونكه كۆمپانیا و ده‌زگای تایبه‌ت هه‌ن به بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌می ئافره‌تان و بگره هه‌موو بابه‌تێک كه ئه‌وان حه‌زی پێده‌كه‌ن . گه‌رچی زۆر جاریش له ڕۆژئاوادا ژنان به‌ره‌و بابه‌تی لاوه‌كی و سووک ڕاده‌پێچن و له مه‌سه‌له هه‌لایساوه‌كانی ئه‌ده‌ب و فیكر دوور ده‌خرێنه‌وه . له‌وه ده‌چێ لای خۆمان تا ئێستا وا ڕۆیشتووه و تا ماوه‌یه‌كی دیكه‌ش درێژه ده‌كێشێ كه پیاوان له بری ئافره‌تان بیر بكه‌نه‌وه.
هه‌ڵبه‌ته كارێكی زۆر گرانیشه بچێته به‌رگێكی تره‌وه – ده‌كرێ به‌ڵام ده‌بێ كه‌ره‌سته‌ی پوخت و هێزێكی زۆری بۆ بڕه‌خسێ تا بگاته ئه‌و حاڵه‌ته . ئه‌وه‌ش مانای ئه‌وه نییه كه هێزی ئافره‌ت له ڕووی فیكرییه‌وه كه‌متر بێ له هی پیاو.. نه‌خێر.. ته‌نها ئه‌وه‌یه ئه‌م هێزه گه‌وره‌یه به پێی كۆمه‌ڵێ داب و نه‌ریت سست كراوه یان له كار خراوه . به‌ڵام هه‌ر كاتێ بڕوای به خۆی په‌یدا كرد و مه‌عریفه‌تێكی به به‌ره‌كه‌ت و پڕی په‌یدا كرد و ده‌توانێ ده‌نگ هه‌ڵبڕێ و بدوێ و بنوسێ . هه‌رچه‌نده كرده‌ی نووسین و داهێنان خۆی له خۆی دا لادانه له ڕێڕه‌وی گشتی و كاروانی خه‌ڵكی عه‌وام ، نه‌ک هه‌ر به ته‌نها بۆ ئافره‌ت، به‌ڵكو بۆ پیاویش – داهێنان – ده‌بێ به سه‌ره‌تای هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه له ڕێ و ره‌سمی خه‌ڵكی ڕه‌مه‌كی ، دابڕان له بوون به یه‌كێک له مێگه‌ل ، هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی هه‌موو به‌ها ساخته‌كان .
دیاره ئه‌م ململانێ و كێشه‌یه به‌شێكه له كرده‌وه‌ی داهێنان ، چونكه هه‌نگاوی یه‌كه‌می نووسه‌ر له‌م بواره‌دا خۆراهێنانه له‌سه‌ر سه‌رچڵی و هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه، سه‌ر مه‌شقی ململانێ و له ڕێ لادانه ، نێر بێ یان مێ ، هه‌ر كه‌سه‌و به شێوه‌یه‌ک خۆی له خه‌ڵكی تر جیا ده‌كاته‌وه. هه‌ڵبه‌ته نووسین ترسناكترین و زه‌قترین جۆری جیابوونه‌وه‌یه، ره‌نگه زۆربه‌ی كرده‌كانی خه‌ڵكی جۆرێک له خۆپه‌ره‌ستی و خۆداخستن و به‌رژه‌وه‌ندی زاتی تێدا بێ ، ته‌نها نووسین نه‌بێ كه خه‌می خه‌ڵكی ده‌كا به ڕووگه‌و قیبله نوما. ده‌نا له ڕووی سایكۆلۆژییه‌وه گه‌ر سه‌یرێكی ئافره‌ت بكه‌ین ده‌بینین له پیاو خه‌مخۆرتره ، به‌ڵام له مناڵییه‌وه بازنه‌ی خه‌م و خه‌ون و خولیای مێینه ته‌سک ده‌كرێته‌وه و هه‌موو ئاسۆ



**نووسین ترسناکترین و زەقترین جۆری جیابوونەوەیە، رەنگە زۆربەی کردەکانی خەڵکی جۆرێک لە خۆپەرەستی و خۆداخستن و بەرژەوەندی زاتی تێدا بێ ، تەنها نووسین نەبێ کە خەمی خەڵکی دەکا بە ڕووگەو قیبلە نوما.**

فراوانەکانی فیکری لە ڕوو دادەخرێ تا لە کوتاییدا وای لێدێ تەنها خەمی ماڵ و مێرد و منداڵەکانی خۆی بخوا و بەس. هەموو کێشەکانی دونیا ناگاتە کێشەکانی نێو ماڵی خۆی . کاسەی پڕی بێ قیرە و هەرا لای ئەم ئاشتی هەموو دونیایە . بەم پێیە غەدرێکی گەورە لە ئافرەت دەکرێ و بگرە فێڵێکی ئینسانی وا کە پێی نەزانێ . خۆمان لە هەق لانەدەین گەر بڵێین ئەم چەوساندنەوەی مێینەش مێژوویەکی دێرین و هەزاران ساڵەی لە پشتە و لای خۆشمان ماوەتی و هێشتا مێ نەیتوانیوە وردبینانە لە خۆی بڕوانێ . بەڵکو لە روانگەی نێرەکانەوە سەیری خۆی دەکا .

دیارە هاتنی ئافرەتان بۆ نێو مەیدانی نووسین و داهێنان پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە بونیادی شارستانی ئەو میللەتەوە هەیە . گەر بەپەلە سەیرێکی نەخشەی نووسینی ئافرەتانی دونیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە گەشەکردنی لایەنە فیکری ڕۆڵێکی گەورە لە خوڵقاندنی ئافرەتی داهێنەردا دەبینێ. هەڵبەتە هەموو گۆڕانکارییەکی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەر بە دیوی چاکەدا بێت، کار دەکاتە سەر وریابوونەوەی ئافرەتان و هەستکردن بە رۆڵی ئادەمیزادانەی خۆیان. بەڵام نابێ ئەو حەقیقەتەشمان لە بیر بچێتەوە کە تا ئێستا کەمجار وا رێکەوتووە ئافرەت بێتە نێو مەیدانی نووسین و داهێنان باجی گەورەی نەدابێ ، ئەوەشیان پەیوەندی بەو مێژووە دوور و درێژەی زاڵبوونی پیاوەوە هەبووە ، واتا زاڵبوونی توخمی نێرینە بەسەر مێینەدا.

لە نێو زۆربەی میللەتان و لە سەردەمە جیاوازەکانیشدا هەمیشە پیاو لە بواری – رامیاری و نووسین – دا خۆی بە باڵادەست و سەردار زانیوە. خۆ ئەگەر میللەتانی دیکە لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێکی چوستیان نابێ، ئەوە ئێمەمانان لەبەر زۆر هۆی زاتی و مەوزوعی هێشتا واین لە قۆناغی گاگۆڵکێ . لە سەردەمێکی زوودا ژمارەیەک هاتنە مەیدانێ و ئێستا بزر بوون. لە ڕۆژی ئیمڕۆشدا ژمارەیەکی زۆر کەم کە لە پەنجەی هەر دوو دەست تێپەڕ ناکەن وان لە مەیدانێ. بەڵام تۆ

بڵێی ئەوانیش تا سەر لەگەڵ کاروانەکەدا ڕێبکەن یان ئەوەتا مێرد و مووبەق دەیاندزێ....؟!!
گەر "شەهرەزاد" وەها بەهرەدار نەبووایە و حەکایەتخوانێکی وا کارامەو لێزان نەبووایە ئاخۆ چارەنووسی خۆی و ژنەکانی دیکە چییان لێدەهات بەدەست "شەهریار"ەوە کە پێش شەهرەزاد ئەو پاشایە کوشتنی. شەهرەزاد خوێنی خۆی و دەیەها ئافرەتی کڕییەوە، بەلای کەمەوە توانی لە "هەزار و یەک شەوە"دا رۆحی هەزارو یەک ئافرەت رزگار بکات. پەندو حیکمەتی مانەوەی توخمی مێ لەو رۆژگارە دێرینەدا پەیوەست بووە بەوەی کە ئەگەر ژنەکان بەهرەی رازیکردنی پیاوەکانیان نەبووایە دەبوو بمرن. ئەم دەبوو ئەوەندە عەقڵی ببێت شەهرەیار سەرگەرم بکات بە داستانی هەزارو یەک شەوە تا نەکوژرێت. بەهرەی زارەکی و رەوانبێژی و گێڕانەوەی داستان پتر بەهرەیەکی پیاوانە بووە، بەتایبەتی لە ناو دیوەخان و کۆشک و تەلاری پادشاکان، وەک چۆن خودی نووسین بۆ ماوەی هەزاران ساڵ موڵکی پیاو بووە. کوشتنی ژنەکان بە دەستی پادشا کوشتنێک نەبووە وەک جەستە، بەڵکو کوشتنێکە لە پای نەبوونی عەقڵ و حیکمەتێک کە پیاوان بۆ خۆیان لە ژنەکانیان زەوت کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە نێوان چواردیواردا بەندیان کردوون و پتر بابەتی لەزەت و جوانی و کەیف و سەفای نێرینەکان بوون.
شەهرەزاد دێت و بە داستانە سەیرەکانی هەزارو یەک شەوی شەهریار رۆشن و ئاوەدان دەکاتەوە. ئەوەش بۆ خۆی پەرجوویەکە کەمجار لە مێژوودا دووبارە بۆتەوە. گەر خودی نووسین وەربگرین ئەرکەکە قورستر دەبێتەوە و تێدەگەین کە داگیرکردنی پرۆسەی نووسین لە لایەن پیاوەوە سەدەها هۆکار و فاکتەری هەبووە و ئافرەتی لێ دوور خراوەتەوە یان بڵێین بێبەری بووە. گەر بڕوامان بەو رستەیە بێت " هەر لە سەرەتاوە وشە هەبووە" واتا خودی بوون و خۆناسین وشە بووە، کە ئەوەش رەگی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ " خەلیقەت" لە بڕوایەکی ئایین ــ ییەوە ، ئەوە تێدەگەین کە وشەکە بۆتە موڵکی پیاو. خودی ئایین کایە و گۆڕەپانێکە کە نێر تیایدا کایەی کردووە، بە هەمان ئەندازە سیاسەتیش گۆرەپانێکی قۆرغکراوی پیاو بووە. کە دیارە ئەم دووانەش بێ مەعریفەتێک و فیکرێک نەیاندەتوانی کاریگەرییان لەسەر رۆح و عەقڵی مەردوومەکان ببێت، بەڵام زاڵ بە رۆحی

**شەهرەزاد خوێنی خۆی و دەیەها ئافرەتی کڕییەوە، بەلای کەمەوە توانی لە "هەزار و یەک شەوە"دا رۆحی هەزارو یەک ئافرەت رزگار بکات. پەندو حیکمەتی مانەوەی توخمی مێ لەو رۆژگارە دێرینەدا پەیوەست بووە بەوەی کە ئەگەر ژنەکان بەهرەی رازیکردنی پیاوەکانیان نەبووایە دەبوو بمرن.**

نێرینه.

من هەوڵدەدەم کە باس لەو بەربەستانە بکەم کە دەکەونە سەر رێگای ئافرەتان، بەتایبەتی کچان و ژنانی کورد، کە سستیان دەکات و لە حەز و خولیای نووسین دووریان دەخاتەوە. دەکرێت لە رووکەشدا توند و دڵرەق دەربکەوم، بەڵام سروشتی ئەم توندییە جیاواز و غەمینە، بێجگە لەوەی کە گێڕانەوەی ستەمی هەزاران ساڵ وەها ئاسان نییە، چونکە دواجار ئەم وتارە قسەیە لەسەر ئازادی، کە دوا جار ئازادیش بەوەوە بەندە کە چەندە " ئۆبژێکت –سوبژێکت" رەها و ئازاد دەبن، بەواتا خودی رۆح و جەستەی ژنەکە بگەرێتەوە لای خۆی. گەر وا نەبێت، ناکرێت داوای هیچ بەهرە و داهێنانێکی لێبکرێت. دیارە لەوەشدا مەرجە گومان لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە کچان و ژنانی زیندانی کردووە تا رادەی کۆیلەبوون، مەرجیشە کە دژی حەرامەکان و تابۆکان بوەستینەوە. لە هەرێمێکدا کە دەستەڵاتە پیرۆزەکان پێمان دەڵێن کە ئافرەتان بەرهەمێکی لاوەکین یان دەستی دووەمن یان کۆپی کراون، چونکە پیاو یەکەمجار دروستبووە و دواتر ژن..!

بانگەشەیە بۆ لە دایکبوونی "شەهرەزاد"ێکی نوێ کە بوێرێت هەقایەت و داستانەکانی خۆی بنووسێتەوە و بەشداریش بێت لە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جیهان.. ئەویش لە رێگەی نووسین –ەوە ، بەڵام پتر هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانی ناسنامە وەک گەوهەرێکی ئینسانی نەک بەتەنها کۆمەڵایەتی ، بێ رۆحێکی نەرسیسی و خودپەرستی، یان گرێ و گواڵی کەمبوودی و تۆڵەسەندنەوە و دژوەستان بەرامبەر توخمی نێرینە.

ئەوەی دەیکەین چێژێکی کێوییانەیە و لەتەک فەیزێکی مەعریفە کە پێکەوە سەفەرمان پێدەکات. دیارە هەموو گەیشتنێک بە سەربەستییەکی رادیکالانە جۆرێکە لە ململانێ و پێکۆڵی و بلیمەتی. با ئاوڕ لە هەندێک بەربەست بدەینەوە:

## شیزۆفرینیایەکی دەستەجەمعی

ناکرێت لەم نووسینەدا بانگەشەی قۆرغکردنی حەقیقەت بکەین. ناشکرێت ئەو خەم و بەربەستانە وەها ئاسان شیبکەینەوە کە لابردنیان ئاسانە و بە دەرکردنی چەند بڕیارێک فەراهەم دەبن، چونکە ئەم هەوڵە پتر ئەزموونێکی پڕ لە تێڕامانە ، پاش تێڕامان لە دۆڕانی خەون و خولیای ژنان لە بواری نووسیندا، سەرباری خوێندنەوەی خۆم بۆ هەوڵی ژنان لە دونیادا، بەتایبەتی رۆژئاوا کە لە قۆناغێکی مێژوویدا وەک ئێمە گیرۆدەی ئەو بەربەستانە بوون، تاوەکو ئێستا قورسە هەم ژن بیت و هەم کورد و هەم رۆژهەڵاتی و هەم سەر بە جیهانی سێیەم و هەم نوقم و خنکاو لەناو تەونەکانی

مەزهەبگەرا، کە هەتا ئازادی ئەوەت نەبێت چی لەبەر بکەیت و ئەوەی گەرەکتە نەک بە نووسین بەڵکو بە زاریش نەتوانیت بیڵێیت، دونیایەک کە لێرە و لەوێ بە حەرامی دەزانێ کچان و ژنان پایسکل و ماشێن لێبخوڕن، جیهانێک کە ژنان تیایدا خۆ بکوژن و ژیان لایان ببێت بە جەهەننەم و مەرگ فریادرەس بێت، ڕێژەی نەخوێندەوار و ژمارەی کەمئەندام و قەیرە و بێوەژنەکانی خۆی بدات لە ملیۆنەها، هێشتا لەشفرۆشتن کە لە بازارەکانی سێکس بە (کۆیلەی سپی) ناسراوە لە ملیۆنەها تێپەڕی کرد بێت: ئەویش بۆ ژەمێک نان یان دوو یان لە باشترین دۆخدا سێ ژەم.
دواجار نووسین واتا ملنەدان و جورئەت و خۆناسین و دونیا ناسین کە هەر هەمووی لە ژنان سەندراوەتەوە. بەر لە هەر شتێک ژن خاوەنی خۆی نیە، بەڵکو موڵکی بنەماڵە و ناموسی پیاوانی خێڵەکەیەتی. گەرەکە وەک خانم ئاگای لە راست و چەپی خۆی بێت، ئەوەیان کەلتوورە و بۆتە راستییەکی رەها کە خوێندەوار و نەخوێندەواری خستۆتە ناو تۆڕی خۆیەوە. "پۆڵ ئۆستەر" دەڵێت: چیرۆک و ڕووداوەکان تەنها ملی ئەوانە دەگرێتەوە کە دەتوانن بیگێڕنەوە..!
بەهەرحاڵ، زۆر گرانە کە ژنێکی کورد بیت و خولیات نووسین بێت. وەک لە سەرەتاوە باسم کرد و ئاماژەم بە هەندێک نۆرمی کۆمەڵایەتی دا کە تا کوێ ئاستەنگن لەبەردەم ژناندا. چونکە ئەوەیان دۆخی شیزۆفرینیایەکی دەستەجەمعی-یە. بەر لە چوونە ناو گەمەی نووسین ئێمە ناچارین هونەری زاڵبوونمان بەسەر ئەو هیستریا و شیزۆفرینیایە ببێت. بۆچی؟
چونکە وەک ژنی کورد ناچارت دەکەن ڕیاکار و دوو ڕوو بیت. بەواتا ناتوانیت وا بژیت و بیر بکەیتەوە کە خۆت دەتەوێت، بە ئاشکراو خۆرسک و راستگۆیانە، چ لە قسەی رۆژانەدا و چ لە نووسیندا. بەو مانایەی کە مرۆڤ دوو کەرت دەبێت و زۆر لە هەرێمەکانی خەیاڵ و فانتازیا کە نوسین دەیخوازێت و بگرە رۆحی نووسینە، بە حەرام دەزانرێت کە پێی تێبخەن، جۆرێکیشە لە وتنی حەقیقەتی تاڵ، چونکە زۆرینە لەتەک درۆ و ریاکاری و فریوو و وەهم راهاتووە و ئاسوودەیە. زەردەشت واتەنی: وتنی راستییەک بەر لە تۆ کەس نەیوتبێت و دەرکی نەکردبێت: کارەساتە. بە واتا خۆت و نووسینەکانت پێکەوە لە قالب دەدرێن و کپ دەکرێن. هەرچی بنووسین، مەرجە لە دابونەریتی پیرۆزی کۆمەڵایتی دەرنەچین، ئەوەش لەناو دەستوور-دا یاداشت کراوە. ئەگەر ئەوەیان یەکجار بۆ پیاو یاسایەکی قەڵەم بەستن بێت، بۆ ژنان دە بەرابەری ئەوە بە راست دەگەڕێت. کەواتە سیاسەتی سەرەکی نووسین دەبێتە شاردنەوەی هەموو ناشیرینی و نەنگییەکانی ژیان. ئەوەش بەشێکە لە کەلتووری ئێمە، وەک ئەوە وایە قەوزە دەوری چاو و رۆح و دڵمانی گرتبێت، هەرچی جوانی و داهێنان و ئازادی هەیە دەشێوێت کە دەیەوێت رزگاری بێت لە ریاکاری و درۆ و

شتگەلی رووکەش.

مەرجە ئەوەش بزانین کە نووسەرە نێرینەکانیش ناتوانن بێ رۆحێکی مێینە داهێنەر بن، ئەمەیان راستتیەکی زانستییە کە بۆ ئێرە جێگەی باس نییە. وەها کەلتوورێک دوژمنکارانە دەجەنگێت دژی هەر سەربەستی داهێنان و ئازایەتییەک لە نووسیندا، هەموو شتێکیش دەرمێنن گەر بە فلتەر و پردی ئەواندا تێپەڕ نەبێت. دەتوانین ناو لەوانە بنێین " پاسەوانانی پاکیزەیی" کە خۆ بە قەلغانی ئەخلاق دەزانن. وای دەنوێنن کە بەهاکان دەپارێزن، گەرچی بەهاکان لەوان بێبەرییە، بانگەشە دەکەن کە شەرەف و ئیمان و شکۆمەندی و رەوشت دەپارێزن، دەیکەن بە هەرا کە ـ دین و دونیا و دابونەریت و نەوەی تازە ـ نەکا لەکەدار بن. ئەوانە سەربەستی تاکەکەسی و مافە مەدەنییەکانیان و ژیانی ئێمەیان دزی. ئێمە لەناو شیزۆفرینیایەکی دەستەجەمعیدا دەژین، لەت و پەت لە نێوان ئەوەی بڕوامان پێیەتی و ئەوەی بەسەرماندا دەسەپێت کە بڕوای پێ بێنین، دوو پارچە لە نێوان ئەوەی دەیڵێین و ئەوەی کە دەیکەین. گەرچی وەختی ئەوە هاتووە کە ناو لە شتەکان بێنین و



ئێمە لەناو شیزۆفرینیایەکی دەستەجەمعیدا دەژین، لەت و پەت لە نێوان ئەوەی بڕوامان پێیەتی و ئەوەی بەسەرماندا دەسەپێت کە بڕوای پێ بێنین، دوو پارچە لە نێوان ئەوەی دەیڵێین و ئەوەی کە دەیکەین. گەرچی وەختی ئەوە هاتووە کە ناو لە شتەکان بێنین و خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.

خۆمان به بەرپرسیار بزانین.

**رۆحی مێگەلی**

له پایینی هەموو ئەو فەزا خنکێنەرەی کەلتوورێکی وا زاڵ و خۆسەپێنەر کار و کایەی تێدا دەکات، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە نەک هەر مێینەکان، بەڵکو بگرە نێرینەکانیش ناچارن ببن بە بەشێک لە هەمووان، دیارە بە رۆحێکی مێگەل ئاسا، کە بە تەواوی خانە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان لەوەدا رۆڵی گەورە دەبینن، کە دوا جار بە لەدەستدانی رۆحی تاکڕەوی (فەردانییەت) کۆتایی دێت، کە هەمووان دەکەونە دوای سەرۆک یان پێشەوایەک کە بێجگە لە دکتاتۆر هیچی دیکە نییە. جار هەیە دەکەونە دوای دروشمێک یان ئاڵایەک کە هیچ خێری بۆیان نییە. دروشمە سەرەکییەکەش لەوەدا خۆی چڕ دەکاتەوە: نەتەوە زادەی هەموو خەڵکییە. ئەوەش مانای ئەوەیە گەورەی نەتەوە یان ئەو رەشەخەڵکە بۆی هەیە گەورە و چەوسێنەری هەموویان بێت. لێرانەدا دیسانەوە چیرۆکی شوان و مێگەل دروست دەبێتەوە. کە ئاوڕ لە مێژووی گەلان دەدەینەوە، گومانی گەورە لە وەها دروشمێک دەکرێت، بەتایبەتی لەم وڵاتانەی دەوروبەر، گومان لە هەوڵی گروپ و ئایدیۆلۆژیا و تێکۆشانی دەستەجەمعی کە زۆربەی بە کوودەتا کۆتایی دێت و ژمارەیەک لە مشەخۆر دەیخۆن. لەناو ئەو کەلتوورەدا پیاویش بۆ خۆی کۆیلەیە، کەواتە ژن بۆ خۆی دەبێتە کۆیلەی کۆیلە و کەسی دووەم و سێیەم، گەر نووسین هەڵبژاردن و سەربەستی و کردەی تاکەکەسی بێت، ئەو لەناو ئەو قەڵەبالغییەدا بەتەنها نووزە وناڵەی دەبیسترێت، بێجگە لەوەی کە ئێمەی کورد زۆر درەنگ ئاشنا بووین بە تۆمار و نووسین. له کۆمەڵگایەکدا کە ژن وەک عەورەت و عەیب و عار و زەعیفە سەیر بکرێن قسەکردن لەسەر سەربەستی نووسین زۆری ماوە.

ئەوی ژن کە مەرجە گوێڕایەڵی پیاوەکانی بنەماڵە بێت لە باوک و برا و مێرد و کوڕەکانی بە بێ مەرج و هەڵگەڕانەوە، هەر لە رۆژی لە دایکبوونییەوە تاوەکو ناو گۆڕەکە، وەک رۆحێکی بەستەزمان و ملکەچ و بێدەستەڵات، ناچارە بە هەموو چارەنووسێک قایل بێت، وەک لەشێکی بێ بەرگری بۆی دەستنیشان دەکرێت لە کوێ بژی و لە کوێ بمرێت، کەی منداڵی ببێت و کەی و چۆن خۆی داپۆشێت ، رووخسار و عەقڵی پێکەوە داپۆشێت، لێرە پەچە و لە وڵاتێکی دیکە بورقا و لەویدیکەیان چادۆر.

ئەو ژنەی رێگەی پێدرا بێت وەک خۆی دەیەوێت بیر بکاتەوە، قسە بکات و کار بکات، زۆر جاران سووک تەماشا دەکرێت، ئەو هیچ جێگایەکی نییە و هەمیشە شکۆمەندی ئینسانی خۆی لێ زەوت دەکرێت. بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەک هاتوونەتە پێشەوە، گەرچی تووشی ئاستەنگی زۆر دەبن،

بەڵام سوورن واز لەو هەوڵ و ململانێیە نەهێنن.
سیستمی نێرساڵاری وەها عەقڵی هەمووانی پەکخستووە، هەتا وایکردووە ژنان بۆ خۆشیان دژی یەکدی بوەستنەوە و لە کار و هەوڵی جوانی یەکدی بە گومان بن. بگرە هەندێکجار دژی یەکدی پیلان بگێرن، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ رۆحی زاڵی پاتریارکیی (پیاوسالاری). هەتا گەر خانمێک داهێنەر و بەهرەمەند بێت، گومان لە تواناکانی بکرێت و وای لە قەڵەم بدەن کە پیاوێکی لە پشتەوەیە. تاک ژمارەیەکە لەناو "کۆ" دا، ناچار کراوە سەر بە مەزهەبێک بێت، یان گروپێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، هەرگیز خاوەنی خۆی نییە. ژن لێرەدا تەواو لە پەراوێزدایە، چونکە داوا دەکرێت هەمووان لە یەک بچن.

## زمانی ئاغا و زمانی کۆیلە

زمان یەکێکە لە گرێکوێرەکان، کورد بۆ خۆی کە بەسەر چەند خاکێکدا دابەشکراوە و چوارمێخەی کێشراوە، لەپاڵ هەموو جۆرەکانی ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، کەلتوور و زمانی زاڵ، هی داگیرکەرانی کوردستان بووە، کە هەندێکیان تەمەنی پتر لە هەزارەها ساڵە، کە دەکا کەلچەر و زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی، کە زۆرتر پەیوەندی ئاغا و کۆیلەی وەرگرتووە. هەڵبەت رۆڵی زاڵی زمانی عەرەبی قەبە و گەورەتر بووە ، بە حوکمی پیرۆزی "قورئان"کە بە عەرەبی نوسراوەتەوە، کە دواتر وایکردووە زمانی خوێندنەوە و نووسین و بگرە بیرکردنەوەش هەر زمانی سەردەستە بێت و زمانی ئێمە لە پەراوێزدا بمێنێتەوە. هەر بۆ نموونە کەم شاعیری کلاسیکی کوردی هەیە کە خۆی نەدابێت لە نووسینی شیعر بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی تاوەکو بیسەلمێنێت کارامترە لە شاعیرانی میللەتی سەردەستە. زمانی زۆربەی نووسەران و شاعیران و مێژوونووسانی کۆنی ئێمە لە حوجرەی مزگەوتەوە پژاوە، ئەوەش پتر بۆ پیاوەکان لواوە ببنە فەقێ و قوتابی لەوێدا، چونکە بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی کارکردەی نێرەوزەکان بووە نەک مێینەکان. هەر بۆیە سەیر نییە ئێمە لێی بێبەش بووین، هەتا گەر بچینەوە ناو جیهانی عیسا پەرستەکانیش هەر هەمان دۆخی نالەبارە. لەناو دونیای سیاسەتیش هەر هەمان پێودانگە کە قۆرغی عەقڵ و دەستەڵات و زمانی پیاوەکان بووە.

**زمانی زۆربەی نووسەران و شاعیران و مێژوونووسانی کۆنی ئێمە لە حوجرەی مزگەوتەوە پژاوە، ئەوەش پتر بۆ پیاوەکان لواوە ببنە فەقێ و قوتابی لەوێدا، چونکە بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی کارکردەی نێرەوزەکان بووە نەک مێینەکان.**



## ئاستەنگە ئابوورییەکان

تا ئێستاشی لەگەڵدا دابێت هەر هەموو سەرچاوە مادییەکان و رۆحییەکان موڵکی پیاوە، خودی گیرفان وەک ناو و ناوەرۆک پەیوەستە بە پیاوەوە. نەک هەر ماڵ و حاڵ، بگرە منداڵەکانیش بە ناوی باوکیانەوە بانگ دەکرێن. هەموو پیاوێکی نووسەر بۆی هەیە ژوورەکانی میوان و خەوتن و گەرماو و توالێت و مووبەق لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دابەش بکات. بەڵام ژووری نووسین تایبەتە بە

پیاوەکە وەک نووسەر، ئەمەش کتێبەکەی " ڤیرجینیا وولف " مان یاد دەخاتەوە لەژێر ناوی ( ژوورێکی تایبەت بە خۆی) وشەی " خۆی وەک ڕاناو" لە ئینگلیزییەکەدا ئاماژەیە بۆ ئافرەت، کە هەمیشە زەحمەت بووە بۆ خانمێکی نووسەر ژووری تایبەت بە خۆی هەبوو بێت، بەتایبەت لای ئێمە. بە بێ سەربەخۆیی دارایی و جۆرێک لە خاوەندارێتی، ئازادی نووسین بە ئاسانی فەراهەم نابێت. سەرباری ئەوەش کە بارو دۆخ و سیستمی سیاسی یارمەتیدەرە بۆ نەبوونی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، چ لەنێو پیاوەکاندا و چ لەنێو ژنەکاندا. بەڵام بۆ ژنەکان کوشندەترە، بێجگە لە ئاستەنگی ئەو رۆحی کۆنترۆڵکردن و قۆرغکردنە بۆ هەموو شتەکان لەلایەن پیاوەکانەوە کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "تۆتالیتاریانیزم- شمولی"، گەندەڵی سیاسی و ئابووری، بێکاری، هەژاری و جیاوازی چینایەتی و هەڵاوێردکردن، جیاوازی توخمگەرایی، نەخوێندەواری، رژێمە دکتاتۆرییەکان، توندڕەوی ئایینی، رق و قێزکردنەوە لە توخمی مێینە، فرەژنی و هۆمۆفۆبیا، بێئومێدی و دەست بەتاڵی و بێ ئامانجی، ململانێی خوێناوی لە رۆژهەڵاتی ناوین، لایەنگیربوونی رۆژئاوا بۆ ئەم لایەن و ئەو لایەن، رۆحی دوژمنکاری نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات، ترس و خۆبەزلزانی، گومان و نوچدان و ملکەچی. هەر هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بەر لەوەی کاریگەرییان لەسەر پیاوەکان ببێت ، لەسەر ئافرەتەکان زەخمی خۆی دادەنێت. لێرەدا هەر هەموو هەوڵ و تەقەللای ژنان وەک ئەوەی لێدێت سەری خۆیان بە دیواردا بکێشن کە بێجگە لە بەجێهێشتنی چەند برینێک لەسەر دەم و چاو و کەللەیان هیچی دیکەیان دەست ناکەوێت، گەرچی بۆ ژنان وا راستترە کە دیوارەکە لەناوەوەڕا بڕمێنن.



# فرانتس فانۆن:
# هاواری مرۆڤی چەوساوە


د. ئیسماعیل قەرەداغی

فرانتس فانۆن (١٩٢٥-١٩٦١) پسپۆڕی پزیشکی دەروونی، نووسەر، فەیلەسوف و شۆڕشگێر بووە. یەکێک بووە لە زیرەکترین شۆڕشگێرانی وڵاتی جەزائیر. هەروەها، بەناوی ئیبراهیم فانۆنیش ناسراوە. لە فۆرت دی فرۆنس، دوورگەکانی مارتینیک لەدایکبووە و لە ویلایەتی ماریلاندی ئەمریکا بەهۆی نەخۆشی لۆکیمیا و شێرپەنجەی خوێن کۆچی دوایی کردووە.

فرانتس فانۆن بەدامەزرێنەرێکی سەرەکی تیۆری ڕەخنەسازی کەلتووری، پۆستکۆلۆنیالیزم و هیومانیزمی وجوودی ناسراوە. زۆربەی نووسینەکانی لەبارەی ساغکردنەوەی کۆلۆنیالیزم و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی کۆلۆنیالیستەکان لەدوای قۆناغی رزگاربوونی نەتەوەیی، دەدوێن. هەروەها، هەم پزیشک و هەم پسپۆڕی دەروونی بوو. گرنگییەکی گەورەی بە لایەنی سایکۆلۆژی کۆلۆنیالیستەکان و کۆلۆنیالکراوەکان دەدا. واتە: ئیشی لەسەر سایکۆلۆژیای سەقەتی هەردوو لایەنی هاوکێشەی پەیوەندی کۆلۆنیالیزم (لایەنی چەوسێنەر و لایەنی چەوسێندراو) دەکرد و بۆی ساغبووەتەوە کە وا تەنانەت لەدوای دەرکردنی کۆلۆنیالیستەکان بۆ دەرەوەی وڵات، هێشتا خەباتێکی دیکەی قورستر و گرانتر بۆ گەلی رزگارکراو دەمێنێت.

فانۆن بە دڵ و بە گیان لەگەڵ شۆڕشی جەزائیر بوو، بۆیە توانی ببێتە ئەندامێکی زۆر سەرکەوتوو و پێشکەوتوو لە بەرەی ڕزگارکردنی نیشتمانی جەزائیری Algerian National Liberation Front

ژیانی فانۆن وخەباتی شۆڕشگێڕانەکەی بوون بە سەرچاوە بۆ سەرجەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە جیهانی ساڵانی شەست و هەفتاکاندا و هەتا ئێستاش زۆر ڕێز لە بیر و بۆچوون و بیرۆکەکانی فانۆن دەگیرێ. یەکەم هەستکردنی فانۆن بە خراپەکاری و بەدڕەفتاری کۆلۆنیالیستەکان ئەوە بوو کە وا سەربازە فەڕەنسییەکان دەستدرێژیان دەکردە سەر نامووسی ژنە ئافریقاییەکان و دەستدرێژی سێکسیان لە ئافرەتی ڕەشپێست و بە ڕەگەز و نەژاد، غەیرە فەڕەنسی دەکرد. جگەلە دەستدرێژی سێکسی، لەهەموو بوارێکدا جیاوازییەکی گەورە هەبوو لەنێوان تاکی کۆلۆنیالیست و تاکی وڵات داگیرکراو. بەهەرحاڵ، فانۆن خزمەتی سەربازی خۆی لەمیانی جەنگی دووەمی جیهاندا ئەنجام دا و توانی بگاتە شاری کازبلانکای مەغریب (الدار البیضاء) لەگەڵ هێزی هاوپەیمانەکاندا. لەپاشان، یەکەی لەشکری ئەوان نێردرا بۆ شاری (ئۆران) لە جەزائیر، بەڵام ئەو لەناوچەی (بیجایا) لەهەرێمی (کابیلا)ی ئامازیغی خزمەتی دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٤ لە شەڕی ئەلزاس Alsale بەسەختی بریندار بوو، هەروەها لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە کۆڵمار Colmar میدالیای (خاچی جەنگ Croix de Guerre)ی بەدەست هێنا.




لە زانکۆی (لیۆن) و لە کۆلێژی پزیشکی وانەی دەخوێند. لەگەڵ پزیشکی و پسپۆڕی لە بواری تەندروستی دەروونی، وانەی ئەم بابەتانەی دەخوێند: دراما، فەلسەفە، ویژە، هەروا بایەخی بە فیکری چەپڕەو دەدا، بەڵام بۆ ئەوەی بە شەڕی لابەلا خەریک نەبێ، کۆمونیزمی خۆی ئاشکرا نەدەکرد. بە گشتی گوزەران و ژیانی لە وڵاتی خۆی لە مارتینیک و کازابلانکا و کابیلا و ئۆران و لیۆن، کاریگەری بەرچاوی لە نووسینی پەرتووکە هەرە گرینگەکەی (پێستی ڕەش، دەمامکە سپییەکان)دا هەبوو.

هەندێک لە وتەکانی فانۆن لە پەرتووکی (پێستی ڕەش، دەمامکە سپییەکان):

"...ئەی لەشی من، وام لێبکە پرسیار بوروژێنم، وام لێبکە ببم بە مرۆڤێک کە بەردەوامبێ لە وروژاندنی پرسیار"

"من ڕەشپێستم، لە هەماهەنگییەکی تەواودام لەگەڵ جیهاندا، دۆستایەتی و برایەتیم هەیە لەگەڵ خاک، لەناو دڵی گەردووندا ناسنامەی خۆم لەدەست دەدەم، بەڵام مرۆڤی سپی پێست هەرچەندە بە زیرەک ناسراوە، ناتوانێت لە مۆسیقای لویس ئارمسترۆنگ بگا، ناتوانێ لە سترانەکانی وڵاتی (کۆنغۆ) بگا. من ڕەشپێشتم. نەک لەبەر ئەوەی نەفرەتم لێکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێستی لەشم توانای ئەوەی هەیە سەرجەم عەتری بۆنخۆشی گەردوونی تێدابێ. بەڕاستی من دڵۆپەیەکی خۆرم، لە بن زەویدام."

**یەکەم هەستکردنی فانۆن بە خراپەکاری و بەدڕەفتاری کۆلۆنیالیستەکان ئەوە بوو کە وا سەربازە فەڕەنسییەکان دەستدرێژیان دەکردە سەر نامووسی ژنە ئافریقاییەکان و دەستدرێژی سێکسیان لە ئافرەتی ڕەشپێست و بە ڕەگەز و نەژاد، غەیرە فەڕەنسی دەکرد. جگەلە دەستدرێژی سێکسی، لەهەموو بوارێکدا جیاوازییەکی گەورە هەبوو لەنێوان تاکی کۆلۆنیالیست و تاکی وڵات داگیرکراو.**

"هەندێجار، خەڵک بە توندی کۆمەڵە بەهایەکی بڕواپێکراو دەکەنە چەقی خۆیان. کاتێک بەڵگەیان بە دەست دەکەوێ کە وا لەگەڵ بەها و بڕواکانیاندا گونجاو نییە ، ناتوانن متمانە بدەن بەو بەڵگە نوێیە. بەڵگەی نوێ وایان لێدەکا نەحەسێنەوە، ئەمەش بە زاراوەی "جیاوازی هۆشیاری Cognitive Dissonance" وەسف دەکرێ. لەلای ئەوان زۆر گرینگە ئەو کۆمەڵە بڕوایانە بپارێزن، ئەمەش وایان لێدەکا کە هۆکاری ماقوڵانە و پاساو ببیننەوە و لەسەر بڕواکانیان بەردەوام ببن و گوێ بەو بابەتانە نەدەن کەوا لەگەڵ بڕوای دڵیاندا یەکناگرن و ناگونجێن"

لەم دەقانەی سەرەوە ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت، کە وا دیارە ململانێی ڕەگەز و کەلتوور و دەسەڵات بەها و نرخی زانین هەیە. زۆر پرسیار دەوروژێنرێ: کێ وای لەم جیهانە کرد کەوا تەنها ستاندەری جوانیی ئەوروپا بەسەر سەرجەم جیهاندا بسەپێنێ؟ کێ و چی وایکرد کەوا مرۆڤی سپیپێست خۆی بە سەرکردەی ئەم زەوییە بزانێ؟! کێ و چی وایکرد کەوا مرۆڤی ڕەشپێست لە پرۆسەی زانیاری و هۆشیاری و ناسنامەی کەلتووری، دوورەپەرێز بکرێ؟!

وەڵامی فرانتس فانۆن، نەک تەنها لەم پەڕتووکە، بەڵام لە پەڕتووکی دیکە وەکو (بەدبەختەکانی سەر ڕووی زەمین) هاتووە و تیایدا دەڵێ: "توندوتیژی کۆلۆنیالیانە لەم دیاردەیە بەرپرسە."

دروستبوونی ئەم قەناعەتە لەلای فانۆن لەو کاتەدا بوو کە لەگەڵ دکتۆر پییر شۆلێت Pierre Chaulet لە شاری (بلیدە)ی جەزائیری بچنە ناو شۆڕشەوە. د. پییر شۆلێت لە شۆڕشی جەزائیری لەساڵی ١٩٥٤ کارئاسانی بۆ کرد. ئەم بیرۆکەیەشی لە نووسینەکانی خۆیدا لە ڕۆژنامەی شۆڕشی جەزائیری (ڕۆژنامەی ئەلموجاهید) دووبارە دەکردەوە، تاکو دوا چرکەکانی ژیانیشی سووربوو لەسەر بڵاوکردنەوە و دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکەی خۆی. نووسینەکانی شیکردنەوەی مەرگی کۆلۆنیالیزم و ڕاستییەکانی گەلی چەوسێندراوەن. (پێنجەمین ساڵی شۆڕشی جەزائیری) یاخود (سۆسۆلۆژیای شۆڕشێک) یاخود (کۆلۆنیالیزمی نزیک لە مردن) سێ قۆناغی یەک پەڕتووکن. هەمان پەڕتووک، بەڵام هەر جارێک بەناونیشانی نوێ بڵاودەکرایەوە. بیرۆکەی سەرەکی ئەم کتێبە؛ نەهێشتنی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی و ئەو گرفتانەی کە دەرهاویشتەی گرفتە کۆنەکەیە: واتا، کۆلۆنیالیزم.

پەڕتووکی (بەدبەختەکانی سەر ڕووی زەوی) زۆر بایەخدارە؛ هەر لەبەر ئەو بایەخ و گرنگیەشی (جان پۆڵ سارتەر) پێشەکی بۆ نووسی.

میتۆدی فانۆن بریتییە لە گفتوگۆکردن لەسەر بیرۆکەی:

١.ڕەگەز.

٢.چینایەتی.
٣.کەلتووری نەتەوەیی.
٤.توندوتیژی.
میتۆد و بۆچوونی فانۆن وای کرد کە لە جیهانی سێهەمدا وەکو پێشەوای بیرکردنەوەی دژە-کۆلۆنیالی لە سەدەی بیستەمدا ببیندرێ. لە ڕۆژنامەی ئەلموجاهید و ئیسپریت (هیوا) بەشیوەیەکی ڕادیکاڵیانە ڕەخنەی لە کۆلۆنیالیزم دەگرت. بەداخەوە، نووسینەکانی فانۆن بە تەواوی و بەشێوەیەکی جوان و دروست وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی، کەم وکورتی و هەڵەی زۆریان تێدایە. تێزی دکتۆراکەی کە زۆر گرینگە تاکو ئێستا بە شێوەی کتێب بڵاونەکراوەتەوە. ئەمانە وایکرد کە بیرۆکەکانی فانۆن بە ناتەواوی و کەم کوڕی و سادەییەوە ئاڕاستەی جەماوەری ئەکادیمی بکرێن.
نموونەیەکی کەم وکورتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ نووسینەکانی فانۆن، ئەمەیە:
بەشی پێنجەمی (پێستی ڕەش) بە ناونیشانی فەڕەنسی (ئەزموونی زیندووی مرۆڤی ڕەشپێست)ە. بەڵام لە دەقی ئینگلیزی وەرگێڕدراوی مامۆستا مارکمان Markman بەمجۆرە تایتڵی دەنووسێ (ڕاستییەکەی ڕەشبوون). واتە کاریگەری گەورەی فینۆمۆلۆژیا لەسەر فانۆن پشتگوێ دەخرێ.
بەڵام بەبێ ئەوەی خۆمان تاوانبار بکەین بە سادەکردنەوەی بیروڕای فانۆن، دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستییەی کە لە کتێبی (بەدبەختەکانی سەر ڕووی زەمین) بدەین؛ فانۆن باس لە ئامادەبوونی کۆلۆنیالی بێگانە لە جەزائیر وەکو هێزێکی لەشکری داگیرکار دەکا. لەبەر ئەوەی ئەو داگیرکردنە زۆر توندوتیژە، واتا داگیرکراویش ناچار دەبێت وەڵامیان بداتەوە، (بەو زمانەی کە داگیرکەران تێیدەگەن) یاخود ( بەو زمانەی داگیرکەران قسەی پێدەکەن). واتا؛ زمان و چاکسازی لە وتاردا بایەخێکی گەورەی هەیە لە "دیالۆگی نێوان داگیرکار و داگیرکراو". بۆیە، فانۆن بەردەوامە لە وانەگوتنەوە و ئاخافتن لەبارەی وێژە، زمان و زمانەوانی، پێوەندی نێوان بیر و زمان، سۆسیۆلۆژیای ڕامیاری و سایکۆلۆژیا.
میتۆدی فانۆن فرەجۆرییە، فرەسیستەمییە. بە گشتی فانۆن ئاگاداری چەوسێنراوەکان دەکاتەوە کەوا مەترسی زۆریان لە پێشە لە پرۆسەی لابردنی پاشماوەی داگیرکەران، لەمیانەی تێپەڕبوون بەرەو جیهانێکی پاش-کۆلۆنیالی، و جیهانگیری. ئەم پەرتووکە کاریگەری لەسەر (ستیڤ بیکۆ) لە باشووری ئافریقیا و هەروەها لەسەر (ئیرنیستۆ تشی گیڤارا) هەبوو. وشەی نووسراو لەسەر کاغەز، کەوا باس لە ئازادی و ڕزگاربوون دەکا، گەرەنتی نادات و مافەکان مسۆگەر ناکات.
هێزی سەرزەمین بڕیاردەدا ئەم دۆکیۆمێنتە ئاکتیڤ یاخود مردوو بێ.



**"خەونی مرۆڤی ستەمدیدە ئەوەیە ببێتە ستەمکار. خەونی مرۆڤی چەوسێندراو ئەوەیە ببێتە چەوسێنەر. خەونی مرۆڤی ئەشکەنجەدراو ئەوەیە ببێتە ئەشکەنجەدەر. "**

فانۆن هەموو مەرجەکانی شۆڕشگێڕی نموونەیی تێدا هەبوو، لەو مەرجانەش: خاوەن بڕوانامەی PhD بوو، گەنجێکی پێشکەوتنخواز و چەپڕەو بوو، قۆز و خۆشەویست بوو، لاوێکی خوێنشیرین بوو، هاووڵاتی هەرێمێکی داگیرکراو بوو، جەنگاوەرێکی سەرکەوتووبوو، وتەبێژی بەرەی جەزائیری بوو، ڕۆشنبیر و کتێبنووس بوو؛ داهێنەری تیۆری و خاوەن بیروڕای کاریگەر بوو، لەکۆتاییشدا شەهیدی خەبات بوو (بەهۆی لۆکیمیا بە شەهید دادەندرێ). فانۆن پێش ئەوەی سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆی بەتەواوی بە چاوی خۆی ببینێ ماڵئاوایی لەم دونیایە کرد ؛ چونکە یەک ساڵ پێش سەربەخۆیی جەزائیر، کۆچی دوایی کرد. ئەو مرد بەڵام زیندووە. پەرتووکی (بەدبەختەکانی سەر ڕووی زەوی) بوو بە ڕێبەری شۆڕشگێڕەکان و سەرچاوەی دروشمی بزووتنەوەکان و وایکرد نەتەوە لە بیرکراوەکان دووبارە ڕێز لە خودی خۆیان بگرن و داگیرکەران لە وڵاتەکانیان دەربکەن.

زیرەکی فانۆن لەوەدا بوو کەوا جگە لە پێشبینی ڕزگاربوونی ئافریقیا لەدەست کۆلۆنیالیزم، پێشبینی ئەوەشی کردبوو کەوا قۆناغێکی دیکەی داگیرکردن و خراپەکاری و چەوسانەوە هەیە بۆ ئافریقیا؛ ئەویش چەوسانەوەی مرۆڤی ڕەشپێستە بەدەستی دەسەڵاتداری ڕەشپێست. زۆر

زیرەکانە و هێمنانە و زانستیانە وریای ئەوە بوو کەوا نەتەوەکەی خۆی مەیلێکی زۆری هەیە بۆ دروستکردنی هەرواوهۆریا و بێسەروبەری و تێکەڵکردنی (هۆکار) لەگەڵ (دەرئەنجام)؛ چونکە دەسەڵاتی ئەفریقیایی مەشرووعیەتی شۆڕش و ڕەگەز و کەلتووری نەتەوەیی هەیە، کەس ناتوانێ بەرامبەری بوەستێ، ئەگینا بە تاوانی ئەوە تاوانبار دەکرێ کەوا بەکرێگیراوی ئەوروپاییەکانە.

فانۆن بەبێ پۆزش و پاساوهێنانەوە دەڵێ: "بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن داگیرکراوەکان، ئەو هەستەیان پێدەدات کەوا هەستی خۆ بە کەمزانین Inferiority Complex لە لایان نەمێنێ. چونکە هەست دەکات چ کەمتر نییە لەو سپیپێستەی کە جاران توندوتیژی بەکاردەهێنا. وای لێدەکا ڕێز لەخۆی بگرێ". لە کتێبی (پێستی ڕەش) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "خەونی مرۆڤی ستەمدیدە ئەوەیە ببێتە ستەمکار. خەونی مرۆڤی چەوسێندراو ئەوەی ببێتە چەوسێنەر. خەونی مرۆڤی ئەشکەنجەدراو ئەوەیە ببێتە ئەشکەنجەدەر." بۆیە، ئەم جۆرە مرۆڤە لە ململانێدایە دژ بە چەوسێنەری ئەوروپایی سپیپێست، کە بە کۆلۆنیالیست ناسراوە و ئامادەیە هێزێکی جۆری (نەوعی) دژ بە ژمارە زۆرەکانی ڕەشپێستەکان بەکاربهێنێ. لەمەشدا فانۆن زۆر بە ئەمانەتەوە سایکۆلۆژیای هەردوو لای بۆ ئاشکراکردووین.

**سەرچاوەکان:**

١. ئیرین گێندزیر: فرانتس فانۆن: لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی: وایلدوود هاوس، ١٩٧٤.
٢. حسین عبدالحی: فرانتس فانۆن و سایکۆلۆژیای چەوسانەوە (پلینۆم بووکس ١٩٨٥).
٣. ویکیپیدیا ویبسایت.




# ئێزابێل ئەلێندی:
# سێکس و پۆستکۆلۆنیالیزم و واقیعیەتی سیحری

گۆران ڕەسووڵ

بەوپێیەی ئەدەبیات دەرهاویشتەی هزر و بیرکردنەوە و ناخی مرۆڤەکانە، مرۆڤەکانیش لە کۆمەڵگا و سەردەم و کولتووری جیاوازدا دەژین ، هەموو ئەو ڕووداو و شەڕ و جوانی و سروشت و کارەساتانەی کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە و ڕاستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆش کاریگەری دەخەنە سەر ئەدەبیات. ئەدەب بەشێکە لە مرۆڤایەتی و لەگەڵ گۆڕانی ئەندێشەی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ، دواجار ئەدەبیات دەبێتە یەکێک لەو ڕێگا سەرەکییانەی کە کەلتوور و مێژووی مرۆڤایەتی لەناوخۆیدا بۆ زەمەنێکی دوور هەڵدەگرێت و دەگوازێتەوە.

کودەتا و داگیرکاری و ئاوارەیی بۆ پیرۆ و فەنزویلا و لوبنان و بێبەشبوون لە چێژی سێکس و مردنی پاولا و کارکردن لەبواری مافی ژناندا و زۆر ڕووداوی تر کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر ژیانی ئیزابێل ئەلێندی دروستکردووە.




ئیزابێل ئەلێندی نووسەر و ڕۆماننووسی وڵاتی شیلییە و لەساڵی ١٩٤٢ لە پیرۆ لە دایک بووە و دوای کەمتر لە سێ ساڵ لەگەڵ خێزانەکەیدا دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان بۆ سانتیاگۆ پایتەختی شیلی. لە ئێستادا ئەلێندی ئەو ژنە نووسەرەیە کە لە جیهاندا زۆرترین خوێنەری بەزمانی ئیسپانی هەیە. ئەلێندی ئەگەرچی چیرۆکیش دەنووسێ بەڵام وەک ڕۆماننووسێک ناسراوە و زۆرێک لەو ڕۆمانانەی نووسیونی لە ئاستی جیهانیدان و هەر بۆیەش چەند ساڵێکە لە پاڵێوراوانی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵدا ناوی دەبیندرێ. (ماڵی ڕۆحەکان، پاولا، ئەفرۆدیت، ئینیس خۆشەویستی ڕوحەکەم) ناوی چەند شاکارێکی ئەو نووسەرەن.


ئیزابێل ئافرەتێکی باڵاکورتی خاوەن جەستەیەکی سووک و لاوازە، هەمیشە چێژ لە جوانکاری و مێکیاژکردن وەردەگرێ، هەر بۆیە بەردەوام وەک ئافرەتێکی ڕێکپۆش و خاوێن دەردەکەوێ. ئەلێندی بە یەکێک لە نووسەرانی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالیزمی لاتینی دادەندرێت. ئەو لە زۆر شوێندا ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر سەرسامە بە شیعرەکانی پابلۆ نیرۆدا، بەردەوام حەز بە خوێندنەوەیان

دەکا و لەززەتێکی بێکۆتا لە شیعرەکانی وەردەگرێ. پیرۆ و لوبنان و فەنزوێلا و ئیسپانیا و ئەمریکا هەموو ئەو شوێنانە کە ئەلێندی کەم تا زۆر ژیانی تێیاندا بەسەر بردووە، لێ هەموو ئەوانە وایان لێکردووە کە خۆشەوسیتی بۆ سانتیاگۆ زیاتر ببێ. خەیاڵی سروشت و خەڵکەکەی ببێتە حەزێکی سەرسوڕهێنەر. ئەلێندی بەردەوام لە خوێندەوەی مێژووی شیلیدایە و لە نووسین و بەرهەمەکانیدا مێژووی شیلی بەشێکی هەستپێکراوە.

ئەو درەنگ دێتە ناو دنیای ئەدەبییەوە، سەرەتا دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکا و گۆشەیەکی تایبەت بە ماف و کێشەکانی ژنان لە گۆڤاری (پولا) وەردەگرێ. دوای ئەوە چەند شانۆگەرییەک و چەند چیرۆکێک بۆ منداڵان دەنووسێ، دوای ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری لە تەلەفزیۆنەوە پێشکەش دەکا. هەموو ئەمانەش لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بووە. بەگوێرەی پێوەر و مێژووی ئەدەبیات هەموو ئەو نووسەرانەی وەک داهێنەر ناسراون هەر لە تافی لاوییەتیدا خۆیان خزاندووەتە نێو فەزای ئەدەبییەوە و دوای ئەزموونێکی زۆر لەناو فیگەر و تەکنیک و فۆڕمەکانی ئەدەبیاتدا شاکاری ئەدەبیان نووسیوە. بەڵام ئەلێندی هەموو ئەو ڕێسایانە تێکدەشکێنێ و لە یەکەم بەرهەمی ئەدەبیدا و لەتەمەنی چل ساڵیدا بەبێ هیچ ئەزموونێک لە نووسینی ڕۆماندا بەرهەمێکی بالا کە ڕۆمانی (ماڵی ڕوحەکان)ە بڵاودەکاتەوە، کە لەئاستی ڕۆمانی ئەوسای ئەدەبیاتی جیهانیدا دەبێ. (ماڵی ڕوحەکان) سەرەتا لە شێوەی نامەیەکدا بووە کە ویستوویەتی بۆ باپیری بنێرێت ئەویش لەوکاتە بووە کە دایکی ئەلێندی لە نامەیەکدا ئاگاداری دەکاتەوە کە باپیرە تەمەن نەوەت و نۆ ساڵەکەی لەسەرە مەرگدایە.

بەرهەمەکانی ئەلێندی وەک تابلۆی شێوەکارین، شرۆڤە و لێکدانەوەی زۆر و جیاواز هەڵدەگرن، بەردەوام ڕووداوەکان وێنەی فرەمانا لەلای خوێنەر جێدەهێڵێن. نووسینەکانی ئەلێندی واقیعییەتی سیحرییان لێ دەچۆڕێ و خوێنەر لەسەر هێڵێکی ڕاست و جێگیر ناهێڵنەوە و تێگەیشتن لە باسەکان وەک زنجیرەیەک چیا وایە و خوێنەر بەرێگایەکی بەرز و نزمدا هەنگاو دەنێ. ئەلێندی هەمیشە ئەو کارەکتەرانە دەئافرێنێ کە کەسایەتی بەهێزیان هەیە و دەتوانن لەسەروی واقیعەوە گۆڕانکاری گەورە بکەن.

لە تەواوی بەرهەماکانیدا بەدوای گەڕاندنەوە و ڕێکخستنەوەی هەست و پێکهاتەکانی مرۆڤایەتیدا دەگەڕێ کە جەنگ و نەهامەتییەکان پەرش و بڵاو و ناشرینی کردوون. دەیەوێ بچێتە ناو قووڵایی ڕوح و لەوێ فیگەرەکانی ڕوح هونەریانە شیبکاتەوە و پەی بە نهێنییەکانی ببات. ئەلێندی بەو هەستانەی کە ڕووخسار و جەستە دەریاندەبڕێ قنیات ناکا و وێڵی دۆزینەوەی کۆد و کلیلەکانی سۆز و بەخشندەیی ناخی مرۆڤەکانە.




**خۆشەویستی لەپێناو بەخشندەییدا**

خۆشەویستی پیرۆزترین کردەیە، کە مرۆڤەکان لە هەموو نەگبەتی و بەربەستییەکاندا ڕزگار دەکا، خۆشەویستی ئەو خولیا بەهێزەیە کە هیچ یاسا و هیچ چوارچێوەیەک ناتوانێ بیگرێتە خۆی. ئەلێندی لە هەموو بەرهەمەکانیدا خۆشەویستی وەک کەرستەیەکی بەهێز بۆ چوونە ناو قووڵایی ڕووداوەکان بەکاردەهێنێ. ئەو دەیەوێ ڕۆڵی خۆشەویستی لەناو ژیان و گوزەرانی مرۆڤدا نیشانی خوێنەرەکانی بدا. خۆشەویستی لەلای ئەلێندی تەنیا بەمانای ئەو خۆشەویستییە نایەت کە غەریزەی حەز و چێژ لەخۆی بگرێ، بەڵکو ئەو واتایەکی تر دەبەخشێتە خۆشەویستی و دەیکاتە دەروازەیەک بۆ بەتاڵبوونەوە لە ڕق و ناکۆکی، دەیەوێ لەڕێگەی ئەوینەوە شتەکان بگەڕێنەوە سەر پاکی و جوانی خۆیان. خۆشەویستی لەلای ئەلێندی بەدەستهێنانی شکۆمەندی کەسایەتییە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان پیرۆزیان بۆ دەگەڕێتەوە.

**ئێنیس، خۆشەویستی ڕوحەکەم**

وەک پێشووتر ئاماژەم پێدا کە ئەلێندی یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە نووسەرانی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالیزمی لاتینی دادەنرێت، ئەو نووسەرانەی کە دوای جەنگ و داگیرکاری دەنووسن و ڕەنگدانەوەی کاولکار و زیانەکانی جەنگ بەسەر نووسینەکانیانەوە دەبیندرێ. ئەو لە ڕۆمانی (ئێنیس، خۆشەویستی ڕوحەکەم) تەواوی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە وەک کاریگەرییەک بەسەر زمانی نووسینیدا نیشان دەدا.

ئەگەرچی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە گێرانەوەی مێژووی داگیرکردنی شیلی لەلایەن ئیسپانییەکانەوە، بەڵام ئەلێندی هێندە لێزانانە کار لەناو ڕووداوەکان دەکا بەجۆرێک کە مێژوو لەناو تەکنیک و هونەری گێرانەوەی ئەدەبیدا کاڵدەبێتەوە و هەنگاو بەرەو ئافراندنی بەسەرهاتی نوێ دەنێت و هەندێجاریش بۆ پێشبینی و ڕووداوی نەهاتوو دەگۆڕێت ، کە دواجار خودی ڕۆمانەکە وەک سەرچاوەیەکی تری جیاواز بۆ مێژووی ئەو داگیرکارییە سەیردەکرێ.


لێهاتوویی و داهێنەرێتی ئەلێندی لەو ڕۆمانەدا لە خوڵقاندنی هەموو ئەو کارەکتەرە ژنانەدا دەردەکەوێ کە هەریەکێک و بە چەشنێکی سیحری، خۆیان لەنێو ڕووداوەکاندا نمایش دەکەن.

بەهێزی و سەرنجڕاکێشی، خاوەن ئیرادەیی، بوێری، کردەی سەیر و سەمەرە، قسەکردن لەگەڵ مردووان و پێشبینی کردنی ڕووداوەکان و زۆر شتی تر سیفەتی کارەکتەرە ئافرەتەکانی ئەم ڕۆمانەن. "ئێنیس سواریزم کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەدوای پیاوەکەی خۆی لەدەریا دەدا، ئەو پیاوەی خەون و خەیاڵی دەوڵەمەندی و پەیداکردنی زێڕ، مێشکی داگیر دەکا و دەپەڕێتەوە ئەوبەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، لێ لە پیرۆ لە شەڕی ناوەخۆی هێزە ئیسپانییەکاندا دەکوژرێت". ئێنیس بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادەوەرییەکانی خۆی جارێک بە نووسین و جارێکیش بە قسەکردن هەموو ڕووداوەکانی داگیرکردنی شیلی و بەستانەوەی وەک شانشینێک بە وڵاتی ئیسپانیاوە، دەگێڕێتەوە. کە تیایدا بە وردی دڕندەیی داگیرکارانەی ئیسپانییەکان نیشندەدا و پێماندەڵێت کە ئەو گەلانە لەگەڵ ئەوەی زیرەکییەکی زگماکانەشیان هەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە تاسەر خۆیان لەبەر تۆپ و ئاگری تفەنگی و چاوچنۆکیی ئیسپانییەکان ڕاگرن.

## وێڵبوون بۆ سێکسی ڕوحی

ئەلێندی لە نووسین و یاداشت و وتووێژەکانیدا بەبێ هیچ ڕاڕاییەک و زۆر ڕاشکاوانە و بوێرانە دەربارەی سێکس دەدوێ. سێکس لای ئەلێندی تەنیا پەیوەست نییە بە چێژەوە، ئەو هەمیشە عشقێکی ئاوێتە بە ڕوح دەرگای سێکسێکی ڕاستەقینەی بۆ واڵا دەکا. ئەو بەردەوام لە هەوڵی چوونە ناو فەزای سێکسێکی ڕوحییە نەوەک جەستەیی، بڕوای وایە جەستە تەنیا ناتوانێ هەموو هەستە شاراوەکانی سێکسمان بۆ ئاشکرا بکا و چێژی تەواوی جووتبوونمان پێببەخشێ. ئەو دەڵێ کە هەر لەمنداڵییەوە هەستی سێکسی تێیدا بزواوە ئەویش دروست لەوکاتەدا بوو کە بە ڕێکەوت بووکەشووشەیەکی پلاستیکی دەمژێت. ئەلێندی دان بەوەدا دەنێت کە هەمیشە لەهەوڵی تێرکردنی غەریزە سێکسییەکانی بووە و زۆرجار دەستی لە جەستە و ئەندامە سێکسییەکانی خۆی داوە و چێژی لەو کردەیە وەرگرتووە.


بەهۆی فشار و ترسی خێزان و دووربوون و تێکەڵنەبوون لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر و نەچوونی بۆ سینەما و زۆر هۆکاری تایبەتی تر سێکسیان وەک فۆبیایەک لەلا وێناکردووە. هەر بۆیە هەمیشە بە نهێنی و ڕێگای تر لەهەوڵی ڕەواندنەوەی ئەو ترسە و وەرگرتنی لەززەتی سێکسیدا بووە. هەموو ئەمانەش وا لە ئەلێندی دەکەن کە هەرگیز قنیات بە سێکس نەکا و بەردەوام لە هەوڵی ڕێگا و شێوازی جیاوازی وەرگرتنی هەستی سێکسیدا بێت و دواجار لەناو ئەدەبیاتیشدا بەدوای سێکسدا بگەڕێ و بیکاتە هۆکارێک بۆ خاڵیبوونەوە لە چێژی سێکس.




**بەهۆی فشار و ترسی خێزان و دووربوون و تێکەڵنەبوون لەگەڵ رەگەزی بەرانبەر و نەچوونی بۆ سینەما و زۆر هۆکاری تایبەتی تر سێکسیان وەک فۆبیایەک لەلا وێناکردووە. هەر بۆیە هەمیشە بە نهێنی و ڕێگای تر لەهەوڵی ڕەواندنەوەی ئەو ترسە و وەرگرتنی لەززەتی سێکسیدا بووە. هەموو ئەمانەش وا لە ئەلێندی دەکەن کە هەرگیز قنیات بە سێکس نەکا و بەردەوام لە هەوڵی ڕێگا و شێوازی جیاوازی وەرگرتنی هەستی سێکسیدا بێت و دواجار لەناو ئەدەبیاتیشدا بەدوای سێکسدا بگەڕێ و بیکاتە هۆکارێک بۆ خاڵیبوونەوە لە چێژی سێکس**

## پاولا لە دوو گۆشەنیگاوە

پاولا تاقانە کچی ئیزابێل ئەلێندییە، ئەو لە بوێر و گورجی و چالاکیدا ڕێک وەک دایکی دەچێت، بەتایبەت لە حەز و ئارەزووکردنی سێکسیدا. پاولا کاتێک قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکا لە بەشی سێکسی لقی دەروونناسی پسپۆڕی لە زانکۆدا وەردەگیرێ. ئەو بەردەوام خەریکی سەیرکردنی فیلمی سێکسی و گەمەکردن بە کەلەوپەلە پۆرنۆگرافییەکان دەبێ. پاولا بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی پۆرفیریا دەکەوێتە باری بێهۆشییەوە(غیبوبە) و بەوهۆیەوە ئەلێندی زۆر نیگەران دەبێت و کە دواجار پاولا بەرگەی ئەو نەخۆشییە ناگرێ و دەمرێت. ئەلێندی ئەوەندە دڵتەنگ و نیگەران دەبێت بە مردنی کچەکەی وەک ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی بەردەوام باسی دەکا. کە دواجار ئەو نیگەرانی و دڵتەنگییە دەگۆڕێت بۆ ڕۆمانێک و بەردەوامی دەبەخشێتەوە ژیانی ئەلێندی لە بیرۆکەی خۆکوشتن ڕزگاری دەکات. ڕۆمانی (پاولا) لەسەرەتادا هەر وەک ڕۆمانی (ماڵی ڕوحەکان) لەشێوەی نامەیەکدا بووە دواتر بووە بە شێوازی نووسینەوەی چەند یاداشتێکی خودی و دواتر ڕۆمانێکی نایاب، کە ئەمەش بەڵگەی بە توانایی و لێهاتووی ئەلێندی نیشاندەدات لەهەمبەر گەمەکانی نووسین و زمان و گێڕانەوەدا. ئەم ڕۆمانە لەساڵی ١٩٩٤دا بڵاوبووەوە و ئەلێندی داهاتی ئەو کتێبەی کۆکردەوە و بۆ کارێکی خێرخوازی بەکاریهێنا، کە ئەویش کردنەوەی دەزگایەکی تایبەت بوو بۆ یارمەتیدانی ئافرەت و منداڵە هەژارەکان. کە پێشووتریش ئەلێندی وەک خۆبەخشێک لەو بوارەدا کاری کردووە.




بەرهەمەکانی ئەلێندی ڕەوتێکی نوێی بە ئەدەبی ئەمریکای لاتینی بەخشیوە، بەتایبەت لە سالانی هەشتاکاندا کە ئەدەبی گێرانەوە و تەکنیکی بەستنەوەی خوێنەر بە کۆی ڕووداوەکان بەهۆی بەرهەمەکانی ئەلێندییەوە گۆڕانێکی نوێ و بەرزبوونەوەیەکی داهێنەرانەی بەخۆیەوە بینی. بەرهەمەکانی ئەلێندی لە بازنەیەکی داخراو و چەند بابەتێکی دیاریکراودا گیرناخوا، ئەو هەمیشە ئاڕاستەکان دەگۆڕێ و لە بابەتێکەوە پەل بۆ بابەتێکی تر دەهاوێ، بەجۆرێک کاتێک لە هەر بوارێکدا ئەلێندی دێتە قسە وەک پسپۆڕێک سترەکچەری بابەتەکە شیدەکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١. پێگەی تایبەتی نووسەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە بیۆگرافیا و بەرهەم و تەواوی وتووێژەکانی نووسەری تێدایە:
http://www.isabelallende.com/

٢. انا و الجنس، ازابیل الندی. ترجمە : عبدالله توتی. مجلە افق، ٢٠٠٦/٥/١٥.

٣. ئێنیس خۆشەویستی ڕوحەکەم، ئیزابێل ئەلێندی، وەرگێرانی: عوبێد مەجید، بلاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٩.

٤. http://en.wikipedia.org/wiki/Isabel_Allende



# سافۆ:
# دەنگی جەستەی یەکەمین ژنە شاعیر لە مێژوودا

چنار نامیق



(سافۆ) یەکەمین شاعیری ژنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەنێوان سالآنی ٥٦٠ بۆ ٦١٠ پ. ز. ژیاوە، ئەو یەکەمین قوتابخانەی بۆ ژنان کردوەتەوە تا لێوەی فێری شیعر و موزیک و سەما ببن.(١)

لە کتێبی (چیرۆکی شارستانییەتەکاندا) دەڵێت : "لەسەردەمی دێرینی یۆنانیدا کاتێک ناوی شاعیری پیاو هاتبێت مەبەست لە (هۆمیرۆس) بووە و بۆ ناوی ژنیش مەبەست لە (سافۆ) بووە. لەو سەردەمەدا قۆناغی گەشەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بوو، لەو کاتەدا سافۆ شیعرە لیریکییەکانی خۆی دەنووسی و بەگۆرانی دەیگوتنەوە و ئەو کێشە شیعرییەی سافۆ بەناوی ( کێشی سافۆیی) ناوزەدکرا.(٢) (سۆلۆن) کە یەکێک لە یاسادانەرە یەکەمینەکانی یۆنان و فەرمانڕەوای ئەسینا بوو گوتوویەتی:" خۆزیارم بەرلەوەی بمرم بتوانم شیعرەکانی سافۆ لەبەربکەم"(٣)

سوکرات لەبارەی سافۆوە دەڵێت: " خواوەندەکانی شیعر نۆ خواوەندن، ئەوە بزانن کە سافۆی کچی شاری لسبوس دەبێتە دەیەمینیان.(٤)

نۆ خواوەندە ژنەکەی شیعری یۆنانی بریتین لە:(٥)

١- کیلیۆ/ خواوەندی مێژوو و ئیلهام بەخشی زمان و نووسین و شیعر

٢- ئیو تیر بی/ خواوەندی شیعری لیریکی

٣- سالیا/ خواوەندی کۆمیدیا

٤- میلببۆ مینی/ خواوەندی تراژیدیا

٥- تیر بیسهوری/ خواوەندی سەما

٦- ئیراتۆ/ خواوەندی شیعری دڵداری

٧- بولهیمینیا/ خواوەندی گۆرانی

٨- ئۆرانیا/ خواوەندی گەردوون

٩- کلیوبی/ خواوەندی شیعری داستان و ئەفسانە

سافۆ وەک گەورەترین شاعیری لیریکی ناسراوە، ئەو یەکەمین شاعیری ژنە کە هەستەکانی و تەنانەت هەستە کەسییەکانی خۆی لەشیعردا باسکردووە. شیعری ئەو بۆ هاوچەرخەکانی زۆرکاریگەر بووە.

ئەفلاتون ئەوی وەک شازادەی هونەر ناوزەد کردووە،[٦] یەکێک لەو ڕەخنانەی لەکاتی خۆیدا ڕووبەڕووی ئەم خانمە دەبویەوە ئەوەبوو گوایە ئەم خانمە هاورەگەزبازە، بەو پێیەی سافۆ لە دوورگەی لیسبووس (Lesbos) لەدایک بووە، ئێستاش بە هاورەگەزبازە مێیینەکان دەگوترێت (لیزبیەن).

سافۆ لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین لەدورگەی (لیزبوس) بەدوورییەکی کەم لەکەنارەکانی ئاسیای بچوک لەدایک بووە، هاوسەردەمی (سۆلۆن) و (بخت‌النصر) و(گریما) بووە.

لیزبوس دورگەیەکی دەوڵەمەندە بە (زەیتون، ترێ، گەنم)، خەڵکێکی دەوڵەمەندی هەیە. ئەم دورگەیە تا سەد ساڵ بەر لە دەورانی زێڕینی پریکلیس(Pericles) ناوەندی ڕۆشنبیری یۆنانی دێرین و سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرانی وەک سافۆ و ئالکایوس (Alkaios) بووە.[٧]

لەبارەی ناوی سافۆوە بیروبۆچونی جۆراوجۆر هەیە، لە زمانی ئایولی (Aeoli)کە زمانی دایکی سافۆیە بە (سافا) هاتووە کە بە ئایولی بە (Psappha) دەنووسرێت، بەزمانی یۆنانی ئاتن بە (Psappho) نوسراوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین. لەدەستنووسە دێرینەکانی یۆناندا بە (سافۆ) نووسراوە، لەسەر دیوی هەندێک دراو و کاسە و گوڵدان دا وێنەی کێشراوە، سافۆ لای ئەوروپییەکان بە(Sapho) و لای فەرەنسییەکانیش بە( Sappho) دەنووسرێت.

هیرۆدۆت ناوی باوکی سافۆی بە ( سکاماندر و نیموس- Skamandronymos) نووسیوە، نووسەرانی تر بە سکاموس، سموس(Semos) و چەندین ناوی تریان نووسیوە.

هەندێک باوەڕیان وایە سافۆ لە تەمەنێکی کەمدا لەگەڵ (کرکولاس) کە بازرگانێکە لەدورگەی ( ئاندروس) هاوسەرگیری کردوە. بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە کچێک بوە بەناوی ( کلەیس)، لە شعرێکدا سافۆ دەڵێت: "کچێکم هەیە بەناوی کلەیس".

**ئەفلاتون ئەوی وەک شازادەی هونەر ناوزەد کردوە. یەکێک لەو ڕەخنانەی لەکاتی خۆیدا ڕووبەڕووی ئەم خانمە دەبویەوە ئەوەبوو گوایە ئەم خانمە هاورەگەزبازە، بەو پێیەی سافۆ لە دوورگەی لیسبووس (Lesbos) لەدایک بووە، ئێستاش بە هاورەگەزبازە مێیینەکان دەگوترێت(لیزبیەن).**

(ئالکایوس) ی شاعیر یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی سافۆ و زۆر هۆگری بووە. هەرمسی ئەناکس (Hermesianax) وای لێکدەداتەوە کە ئالکایوس چەنگی لێدەدا و گۆرانی دەچڕی تا خۆشەویستییەکەی بۆ سافۆ دەربرِێت. لەیەکێک لە شیعرەکانیدا ماکسی موس تیروسی(Tyrus Maximus) دەنوسێت:"سافۆ زۆر جوان بوو، سوکرات لەبەر جوانی شیعرەکانی ئەوی خۆش دەویست". هەرچەندە ئەو کەمێک کورتەبالاَ و رەنگی تۆخ بوو، هەندێکی تر پێیان وایە کە سافۆ رەش پێست بووە.

بۆ ئەوەی لەشعری سافۆ تێبگەین پێویستە بە دنیای یۆنان و زمان و کلتووری ئەوان ئاشنا ببین. ژیان و رۆڵی ئەو وەک مامۆستا و پەروەردەکارێک و تێکەڵاوی راستی لەگەڵ ئەفسانەدا شتێکی گونجاوە تا لێیەوە ئاشنای ئەو نهێنیانە ببین و دەرەنجامێکی دروستمان دەسکەوێت.

خاڵێک کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە (ئایولی) و (یونی)ییەکان لەبواری کلتوور و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ یۆنانییە سپارتاکان و ئاتنەکان، یەک دەگرنەوە لەوانەش بڕوای هەردوولا بە رەسمی ناسینی کلتوور و ئەلفبای هاوبەشدا.

سەرباری ئەوەش سپارتاییەکان بەوە ناسراون کە مامەڵەیان توند و سەخت بووە لەگەڵ هاوشارییەکانیاندا، ئاتییەکان بە پێچەوانەوە بڕوایان بە ئازادی تاکەکەسی بووە و خاڵێک کە جێگەی سەرنجە، پێگەی ژنە لەو کۆمەڵگەیەدا. ژنان بەبەراورد لەگەڵ جێگەکانی تری یۆناندا لای سپارتاییەکان لە پێگەیەکی بەرز و باڵادا بوون.

لەدەورانێکا کە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و شوانکارەبوون، خەڵکی لیزبوس سەرقاڵی بازرگانی بوون لەگەڵ پاشاکانی ئاسیای ناوەڕاستدا؛ بەتایبەت لەگەڵ پاشای (لیدی) دا لە ئاسیای ناوەڕاست کە ئەوکات ئەوێ کۆمەڵگەیەکی دایک سالاری بوو، ژنان نەخشی بەرچاویان هەبوو. هەربۆیە ژنان لە لزبوس و لیدی نزیکییەکی زۆریان هەبوو!

سافۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە باری ژیان و رۆشنبیری لزبوسدا، کەسایەتییەکی کاریزمی و عەقڵێکی بەڕێوەبەری کارای هەبووە و ئامادەیی وەرگرتنی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆرەکانی هەبووە بەتایبەت کلتووری لیدی. سافۆ ئەو سازانەی دەژەند کە لە لیدییاوە هاتبوونە یۆنان، هەربۆیە لە لزبوس موزیک و سەمای لیدی لەبرەودا بووە، بەڕادەیەک خەڵکی کەوتبوونە ژێر ئەو کاریگەرییە، ژنان بە پارچە و ئارایشی لیدی خۆیان دەڕازاندەوە.

کۆمیدی نووسانی سەدەی چوارەمی پێش زایین لە یۆناندا وەک ( ئەمیپسایس، ئامفیس، ئەنتی پانس، دیفۆلیس، ئافیپۆس، تیمۆکلس) سافۆ و شیعرەکانیان دابویە بەر پلار و گاڵتەجاڕی و پێیان

وابوو چۆن دەبێت ژن گوزارشت لە هەستەکانی خۆی بکات. ئەوان لایان وابوو دەبێت ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا لەدوورەوە تەماشاوان بن نەک کارەکتەر. لەو قۆناغەدا یۆنان پێچەوانەی لیدی بوو. لای یۆنانییەکان کۆمەڵگەی پیاوسالاری بوو. هەربۆیە ناوبانگی سافۆیان بە شکانی شکۆی خۆیان دەزانی و دەیانگووت:

" هەر کۆمەڵگەیەک رێگە بەژنان بدات بیانەوێت وەک پیاو بن ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە چاوەڕوانی پێشکەوتنی لێناکرێت".



ساڵی ٣٩١ ی زاینی، مەسیحییەکان تەواوی کتێبخانەی پاشماوەی کلاسیکی پتولەمائوس (Ptolemaeus) یان لەئەسکەندەرییە سوتاند.

دواتر بەفەرمانی ( پاپا گریگۆریسی حەوتەم) ئەو نوسخانەی لەشیعری سافۆ کەمابوونەوە ئاوریان تێبەردرا. لە قۆناغی چوارەمی جەنگە سەلیبییەکاندا شیعری سافۆ هەر مابوونەوە. دواتر لەساڵی ١٤٥٣دا کاتێک تورکەکان دەستیان بەسەر قوستەنتینییەدا گرت و زۆر شتیان بەتاڵان برد و تا ئەو کاتەش شیعری سافۆ باوی هەبوو، هەربۆیە گومان دەکرێت نوسخەی شعری سافۆ و پارچەشعری لە مۆزەخانەکانی تورکیادا دەست بکەون.

لە کتێبخانەی (ڤاتیکان)دا زۆرێک دەستنووس هەن چ ئەوانەی پەسەند بن یان نا، شیعری سافۆ لای کەنیسە پەسەند نەبووە؛ بۆیە گومانی تێدا نییە کە نوسخەی شیعری سافۆ لەوێدا دەدۆزرێتەوە.



**کۆمیدی نووسانی سەدەی چوارەمی پێش زایین لە یۆناندا وەک ( ئەمیپسایس، ئامفیس، ئەنتی پانس، دیفۆلیس، ئافیپۆس، تیمۆکلس) سافۆ و شیعرەکانیان دابویە بەر پلارو گاڵتەجاڕی و پێیان وابوو چۆن دەبێت ژن گوزارشت لە هەستەکانی خۆی بکات. ئەوان لایان وابوو دەبێت ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا لەدوورەوە تەماشاوان بن نەک کارەکتەر.**

**ئەوانەی کاریان لەسەر سافۆ کردوە:**

ئەوەی لە سافۆوە جێماوە یان دۆزراوەتەوە چەند پارچە کاغەز و چەند دێڕێک و هەندێ شتی نووسەران بووە. زۆرێک لەو پارچە کاغەزانە دارزاون بەهۆی خراپ هەڵگرتنیانەوە و ئەوەی کە لەبەردەستە تەنها ٥٠٠ دێڕ شیعرە. گرنگترین نوسخەیەک کە شیعری سافۆی تێدابێت لەسەدەی هەژدەهەمدا، لەنزیکی (کروکودوپولیس)ی میسر ساڵی ١٨٧٩دۆزراوەتەوە؛ هەر هەمان ساڵ لەلایەن هەردوو لێکۆڵەری ئینگلیز گرنفل (Grenfell) و هانت (Hunt) کاری لەسەرکرا. بەڵام دێڕەکانی کۆتایی ساغ نەکرانەوە، ئەوانیش بەڕێکەوت یەکێکیان چاوی لەدەست دا و ئەوی تریش توشی نەخۆشی دەرونی هات و پرۆژەکە بە کۆتا نەگەیشت.

ئەدمۆنز ساڵی ١٩٢٢ کتێبی (Lyra Graeca) ی بڵاوکردەوە کە شیعرەکانی سافۆ بوو بە ئینگلیزی و یۆنانی و لێکیشی دابوونەوە، سەرباری ئەوەی هەموو ئەو نووسینە کۆنانەی لەبارەی سافۆوە هەبوون لەو کتێبەدا کۆی کردبوونەوە .

دواتر هەریەک لە لوبل (Lobel) و پێیج (Page) و برگ (Bergk) و دیل (Diehl) ی ئەڵمانی کاریان لەسەر سافۆ کردووە، دواین کارێک لەسەری کرابێت کارێکی کەمپبل (Campbell) بوو.

## نموونەی شیعری هەڵبژاردە

ئاگاداری
بۆئەوەی دونیا بزانن
ئەمڕۆ.......ئەمرۆ
ئێستا........ئێستا
خۆشترین گۆرانییەک کە هەمە دەیچڕم
تاکو هاورێکانم دڵخۆشکەم.

****

تکایە گەورەم
لێم بڕوانە
وەک هاورێکانم
با سۆزی چاوانت ببینم لەو دیدارەدا
دڵنیابە خۆشم دەوێی
بەڵام گەر ئەویندارى منی
ژنێکی چکۆلە هەڵبژێرە
ناتوانم هاورێی گەنجێک بم
لەتەمەندا جەخارم گەورەتر دەکا.

****

ئەمە دوو ئاراستەیە
نازانم چی بکەم
ژنێکم دوو رام هەیە.

****

هاورێ بەنرخەکانم
چۆن بەرانبەر بەئێوە بگۆرێم
لەکاتێکدا ئەوەندە جوانن.

ئەمشەو بینیم
مانگ و تریفەم دادەکەوتن
ئێستا نیوەی شەو تێپەری
گەنجی دەروات
من لەنێو پێخەفی تەنهاییدام.

****

بەخەیاڵمدا نەدەهات
کە ئاسمان لەنێودەستەکانمدا بگرم.

****

کۆترەکانیش بەدڵی سارد و
باڵی شەکەتەوە مانەوە

****

چیژ دەبەین
ئەوەی بە نەنگی دەزانێ
با دەبەنگ و ماتەمبارین.
جگە لە هەناسەکانم شتێکی ترم نییە دەریدەم

لێ ئەو وشانەی کەدەریاندەبرم
هەتایین.

****

تنۆک تنۆک ئازار دەمبڕێ
ئێستا هەموو شتێکم لا روونە
نەفسم
نەئارەزووی هەنگ دەکا
نە هەنگوین.

١- صبّاح الاوركيد ، www.gmrup.com

٢- قصة الحضارة، ويل ديورانت، تاريخ الحضارات والفكر الإنساني، دار الجيل للطباعة بيروت، ١٤١٢ هـ / ١٩٩٢م - مجلد الاول، ص٥٦

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٠

**٤- سافو وبلتيس وباقة من أشعار الحب، حسني حنا، جريدة صوت البلادي، تصدر في ولايات المتحدة الامريكية، العدد١٦٣ ، ابريل٢٠١١ ، ص٧**

٥- منعطف المخيلة البشرية ، بحث في الاساطير، صموئيل هنري هووك، ترجمة: صبحي حديدي، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٤ ص٥٥

٦-خلود الفلاح، سافو: **ربة الفنون والاداب، ادب فن، مجلة ثقافية الكترونية تعني بكل اشكال الكتابة الابداعية،** http://www.adabfan.com

٧- سیاسەتمەدارو وتەبێژی جەنگی یۆنان بووە، لەسەردەمی ئەودا ڕۆشنبیری گەیشتوەتە ئاستێکی بەرز.
http://en.wikipedia.org/w/index.php?title=Pericles&oldid=218232498



# مۆنۆدرامای
# " گیرفانی سیانزەهەم"

نووسینی: د. ئازاد حەمە شەریف

**کەسایەتی : (کارۆ) لاتێکی تەمەن ٣٠ ساڵەی بی ماڵ و حاڵە.**
**شوێن:  هەر شوێنێکی ئەم دنیایە.**
**کات: سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم.**

## دیمەنی یەکەم

سەرشانۆ مێزێکی ئوتووکردنی لێدانراوە. کارۆ لە سەر شانۆیە و خەریکی ئوتووکردنی جلەکانە. لەگەڵ ئوتووکردنی هەر پارچەجلێک دەست لەگیرفانەکانیان دەدات و ماچێک لە گیرفانەکان دەکات. دەست لەناو یەکە یەکەیان دەگێڕێت وەک بڵێ ی لەگەڵ دولبەرەکەی خۆی قسان بکات.

کارۆ (بەدەنگێکی خۆش و بە گۆرانی یەوە):
ئای گیرفانی رەنگاو رەنگ،
پارەت تێدەکەم چەنگ چەنگ!
تۆ ئاسک و من راوچیم،
ئەتۆم نەبێت، ئەمن چیم!
تۆم هەبێت خۆم سەردارم،
رێزلێگیراو و دیارم.
هەی گیرفان و هەی گیرفان
ماڵە باوم، هەی گیرفان.
(لێرەدا کەمێک دەوەستێت و دەچێتە لای کۆمەڵێک گیرفان و دوایی گیرفانێکی ئاوریشمی هەڵدەبژێرێت و لەگەڵی دەکەوێتە قسە)
بەە، بەە لەم گیرفانە ئاوریشمینەی،
ئای کە پڕاوپڕیت لە شتی گرانبەها و چەند نازداریت!
شەوان چەند رۆژی سوورت لەگەڵ ناسکۆڵان کردۆتەوە،
ئەو فریشتە جوانانە سەر و بن و ناوەند و پاش و پێشت دەشێلن!
چەند ڤێلا و باغ و باغاتت بینیووە، چەند وڵات و کوچە و کۆڵانی خۆش و بەلەزەت!

به مەستی یان بە سەرمەستی، بەڕاستی یان بە نیوەڕاستی
چویەتە باوەشی چەند شۆڕە ژنان، چەند کیژۆڵەت لە خشتە بردووە!
چەند پیاو بۆ تۆ بوونەتە ناپیاو!
چەند ناپیاو بەتۆوە بوونەتە پیاو!
ئای بە قوربانی تۆ بم، بەساقەو بم، قوربان ئۆڵڵەم، مام گیرفان!
(کەمێک دەوەستێت و سەیرێکی گیرفانەکانی خۆی دەکات و لەگەڵ گیرفانە پووچەکانی خۆی بەراوردیان پێدەکات)
ئەوەی تۆ قەبە و زل و جوان و خرپنە،
هی منیش پوچ و بەتاڵ!
ئەوەکەی تۆ گەرم و نەرم و خۆشە،
هی منیش سارد و رەق و وشک!
ئەوەکەی تۆ پڕ سەفتە دۆلار و کاغەزی بانق و قەواڵەیە،
هی منیش پڕ دەسەسڕی چڵمن!
(زرینگەی تەلەفۆن لێدەدات و پرسیار لە کارۆ دەکات و ئەویش وەڵام دەداتەوە)
بەڵێ، بەڵێ خۆیەتی ئۆتووخانەی (گیرفانی رەنگاوڕەنگە)!



کیها قات؟ بەناوی کێ؟
ئێ، ئێ، مام قیت و قۆز؟
بەڵێ ، بەڵێ، دەمێکە تەواو بووە،
دە براکەم، وەرە بیبەنەوە،
دەبا گیرفانی ئێمەش کەمێک گەرم و نەرم بێت!
(دوای کەمێک وەستان دیسان رادەکاتەوە لای مێزەکەی ئوتووکردن و هەمان گۆرانی دەڵێتەوە)
ئای گیرفانی رەنگاو رەنگ،
پارەت تێدەکەم چەنگ چەنگ!
تۆ ئاسک و من راوچیم،
ئەتۆم نەبێت، ئەمن چیم!
تۆم هەبێت خۆم سەردارم،
رێزلێگیراو و دیارم.
هەی گیرفان و هەی گیرفان
ماڵە باوم، هەی گیرفان.
تا دەمرم بۆت عەودالْم
بێ تۆ خراپە حالْم.
گەرچی رووت و رەجالْم
بێ ژن و ماڵ و حالْم.
بەڵام هەر دەبێ پێت بگەم
رۆحیشم بۆت بەخت کەم.
هەی گیرفان و هەی گیرفان
بۆت دەگەڕێم لە ئاسمان.
پلە و پایە و سەربەرزی
دڵ کەمن بۆی نەلەرزی.
دەتبینمەوە بە دەرزی
گەر چووبیتە بن ئەرزی.
(لە سەر شانۆ خەون دەبینێت کە لەملا و ئەولا پارە دێتە خوارەوە و بەدوای پارەکاندا لەمسەری

شانۆوه بۆ ئەوسەری شانۆ رادەکات. دوای هیلاکییەکی زۆر کاغەزە پارەیەک دەگرێت و قسەی لەگەڵ دەکات)
ئەهاااااااااااااااااااا خۆ کەوتیتە دەستم، تازە بەئاسانی لەبەرچنگم رزگار نابیت. با بچم وەکو خەڵکانی تر منیش بەختی خۆم تاقیبکەمەوە.
(دوای ئەو قسانە سەرشانۆ بەهێواشی تاریک دادێت)

## دیمەنی دووەم

سەرشانۆ چۆل و هۆلە و تەنها دارو دیواری ئەو ناوە لە بن دیوار، لەسەر دیوار، لە ناوەڕاستی دیوار، لەلای دەستەراست و دەستەچەپ و تەنانەت لە ئاسمانی شانۆشەوە گیرفانی زل و مامناوەندی و بچووک و جانتا و جۆرک و تێرکە هەڵواسراون. کات دەمەدەمی ئێوارەیە و کارۆ بە گۆرانی گوتنەوە، بە سەرخۆشی لەلای چەپەوە دێتە سەرشانۆ. بەلادادێت و بوتڵێک ئارەقی لە دەستە و گیرفانەکانی خۆی بۆ پارە دەپشکنێت. سەرەتا گیرفانەکانی چاکەتەکەی دەردەهێنێت و لەگەڵ دەرهێنانیان ژمارە لەسەر گیرفانەکان نووسراوە. تا شەش گیرفان لە چاکەتیدا هەن. ئینجا دەکەوێتە پشکنینی گیرفانەکانی کراسی ئەوانیش ئاوەژوو دەکاتەوە و ژمارە دەگاتە هەشت گیرفان. پاشتر دەکەوێتە پشکنین و دەرهێنانی هەر پێنج گیرفانی پانتۆڵی کە بچووکەکەیان هی لای کەمەرییەتی و ژمارەکە دەگاتە سیانزە گیرفان. هیچ پارە و پوولێکیان تێدا نادۆزێتەوە. ئەویش بە نائومێدی بزووتنەوەی سەیروسەمەرە دەکات و دەستەکانی لێک دەدات وەکو نیشانەی نەمانی هیچ پارە و پولێک. ئینجا دەکەوێتەوە گۆرانی.

کارۆ : مەمخەنە شووشە، شووشەم بەتاڵە
دنیام لێ تاریک، حاڵم بێ حاڵە.
گیرفانم پڕ بێت، خۆم باش دەنوێنم،
گیرفانم بۆش بێت، خۆم دەخنکێنم!
(کەمێک دەوەستێت و دیسان هەمان گۆرانی دووبارە دەکاتەوە)
مەمخەنە شووشە، شووشەم بەتاڵە
دنیام لێ تاریک، حاڵم بێ حاڵە.
گیرفانم پڕ بێت، خۆم باش دەنوێنم،

گیرفانم بۆش بێت، خۆم دەخنکێنم!

(دوای کەمێک وەستان نەوای مۆسیقایەکی خەمناک دەبیسترێ و لەگەڵ مۆسیقایەکە دێتەوەسەرخۆ)

کارۆ (بە نائومێدییەوە): هیچم پێنەما، هەموویم دۆڕاند!

ئای گیرفان چۆن ریسوات کردم؟

شەوت لێکردمە دۆزەخ ، رۆژیشت لێکردمە شەو!

بێ خۆراک بەبێ خەو !

حەو، حەو، حەو .... حەو، حەو، حەو!

(کەمێک دەوەستێت و چاو بەو ناوەدا دەگێڕێ. دیسان دەنگی مۆسیقایە خەمناکەکە بەرز دەبێتەوە.)

(پارەیەکی زۆر کەمنرخ دەردەهێنێت و چەندجارێک لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە. جار جارە زۆر بەدمەست دێتە بەرچاو و جارە جارەش ئاساییە. لە ترۆپکی گاڵتەجاڕی و تەقینەوەدایە.)

ئەتوو چیت؟! پێم ناڵێیت ئەتوو چیت؟!

بۆ وادەکەیت؟! بۆ؟!

کێت هێشتووە بەربادی نەکەیت؟

کوڕی چاک یان کوڕی خراپ؟

کچی چاک یان کچی خراپ؟

هەر ئێمە نیین تۆ دروست دەکەین؟

کەچی پاش ماوەیەکی کەم تۆ دەبیتە سەردارمان و

وەکو شەیتان سواری کۆڵمان دەبیت!

پێم ناڵێیت ئەتوو چیت؟!

خودایت یان شەیتان؟!

فریشتەیت یاخود جنۆکە؟!

چەند وڵاتت تەفرو تونا کرد؟!

چەند ماڵت وێرانکرد؟!

چەند تەمەنت دا بەر مشار؟!

چەند نامەردت کردە سەردار؟!

چەند قەحپەت کردە شەرەفمەند؟!
چەند مەردت کردە نامەرد؟!
چەند؟! چەند؟؟!!!
(لە ترۆپکی توورەیی سارد دەبێتەوە و دەکەوێتە قاقا و گێڕانەوەی چیرۆک)
کورە ئەوێ رۆژێ کابرایێکی زلم و زڕتەبۆز و زەبەلاحم بینی،
بڵێ چەند کەسی بەدواوە بوو، ئەوەندۆنە (بەدەستی ئاماژە دەکات)
بەهەراو فەرتەنەیە کەوە هات ، هەر نەبێتەوە.
هەروامزانی دنیا خراپ بووا!
دارو دەستەکەی وەکو سووێسکە بەدواییەوە غارەغارییان بوو ،
کۆمەڵێکیش لەپێش و لەدەورەی دەرۆیشتن گسکییان لەدەوروبەری دەدا.
کابرا هاتبووە پرسەی کەسێکی وەکو خۆی زل و زڕتەبۆز،
هەزاران کەس لەبەر گیرفانەکانی هەڵسانەوە،
هەر کەسیش لایەکی لە منی هەژار نەکردووە، کە من بۆ خێری خۆم چوو بووم.
دوایی ئەو منداڵەش کە ئاوی دەگێڕا خەریک بوو بێتە لای من،
هەرکە ئەوی بینی، ئەویش یەک بەگی لێدا و بۆلای ئەو چوو،
منیش قوومە ئاوێک نەبوو گەرووی پێ تەڕ بکەم!
(کەمێک دەوەستێت و دواتر لەگەڵ پارەکە دێتەوە قسە)
ئەتوو چیت؟! پێم ناڵێیت ئەتوو چییت؟!
لەبەر ئەوەی ئەتوو سووک و هەرزان و بێقیمەتی،
بیقیمەتان دەتپەرستن؟!
(خاو دەبێتەوە، دەنگی مۆسیقا خەمناکەکە بەنەرمی بەردەوام دەبێت و دەکەوێتەوە قسە و گریان)
ئە ئە ئە!!
هەر ئەتۆ بوویت واتلێکردم، ئاوا بێماڵ و حاڵ بم!
واتکرد، دەزاگیرانە جوانە بۆنخۆشە، شەتڵە رەیحانەکەم
لە دەست بچێت. ئەو و من هەردووکمان رەنج بەخەسار بووین.
چونکە من لات و بێپارە بووم،

دوای حەوتساڵان دڵداری و پەیمان،
به زۆری زۆردارەکی باوک و براکانی
ئەو کیژه جوانه ناسک و نازدارەیان دا به پیره ورچێک،
تو مەز پیره ورچ گیرفانەکانەی حەفت هۆقەیی و ده باتمانی بوون!
(دوایین بڕگەکانی قسەکانی پێشووی دەبنه نووزه و گریان. دوای کەمێک وەستان خاو دەبێتەوه و دێتەوه قسه)
با ئەوەشم له بیر نەچێتەوه،
ئەوێ رۆژێ فەرمانبەرێکی بەڕێزم بینی
که ماوەی سی ساڵان چایەچی بوو له وەزارەتێک،
کۆمەڵێک منداڵی پێگەیاندبوو،
دوای خانەنشینی جەڵته لێیدا،
کوڕ و کچەکانی پارەی دکتۆر و دەرمانیان پێنەدەدا،
کابرای بەسەزمان لەم و لەو دەرۆزەی دەکرد بۆ پارەی دکتۆر و دەرمان!
(کەمێک دەوەستێت و دواتر دێتەوه قسه)
ئای گیرفان... وەو وەو.. وەو!
وای گیرفان وەو... وەو... وەو!
هەر تۆیت ژن له مێرد، باوک له کوڕ،
برا له خوشک، خزم له کەسوکار،
هاوسێ و هاوسێ .... مام پیرۆت و پلکه بەسێ!
هاووڵاتی و فەرمانڕەوا لێکتر دەکەیته دۆست و دوژمن و
دەیانخەیته هەلەکه سەما و ئەوسا دەچنەوه سەر حولەمسێ!
(قاقا پێدەکەنێت و قومێک له بوتڵەکەی دەدات)
منی بەدبەخت و بێکەس
بێ پاره و بێ فریادڕەس،
هەژار و بێ خانه و ماڵ
بۆت کەتوومەته ناڵه ناڵ.
(دەست دەکات به گریان و نووزه نووز)

(پاش هێوربوونەوەی لە گریان بەم ناوەدا دەسوڕێتەوە و زۆر بەسەیری سەرنج لە هەموو کەلێن قوژبنەکانی شانۆ دەدات. بۆ هەر لایەک ڕوو وەردەگێڕێت، دەبینێت گیرفانی ئاوساو یان نیمچەئاوساو و پووچ لە ئاسمانەوە دابەزیوون. لەبەردەم یەکێکیان هەڵوەستەیەک دەکات و لێی ورد دەبێتەوە و لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ).

کارۆ: دەڵێی چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات؟!
کورە، نا ، نا، بەخوای ئەوە راستە.
ئای ، ئای لەو گیرفانە زل و زەبەلاحەی!
ئەرێ تو خودا ئەوە گیرفانە یان گەڵ و گیپاڵی مشەخۆران؟!
دەبێ ئەو گیرفانە سوڵتانیانە چ شتی عەنتیکەیان تێدا بێت؟
با بیانپشکنم و بزانم چییان تێدایە؟
دوڕ و گەوهەر، عەقڵ و مەعریفەت، زانست و زانیاری!
(دەست دەخاتە ناو یەکێکیانەوە و لەگەڵ دەست دەستگێڕان لەناو گیرفانەکە لەبەرەخۆی قسان دەکات)
کارۆ: کورە بەشەڕەفم رەنگە بەختم بووبێتەوە؟
پڕی شتی نەرم و خۆشە!
دەنکە دەنکەش شتی رەق و خڕ خڕ دێنە بەرپەنجەکانم.
کورە ئەوە سەری پەتەکەم دیتەوە. (سەری پەتێک لەناو گیرفانەکە دێنێتە دەرەوە)
رەنگە گورزە پارەی پێ گرێدرابێت!
ئای کە قورس بەدوای دەستمدا دێت!
(هێواش هێواش رایدەکێشێت)
وای خودایە، بەس ئەم جارە ببم بە خاوەنی پارە و دۆلار،
بەڵێنت پێدەدەم جارێکی تر دەم لەم قوزەڵقورتەی دەستم نەدەمەوە.
خودایە ئێمە لێکتر تێدەگەین.
تۆ دەزانیت من لە نائوومێدیمە ، لە بێچارەییمە وادەکەم،
دەنا قابیلە نەزانم زۆر خواردنەوە و قومار شتی خراپن؟!

(لەپڕ لە کۆتایی پەتەکە کیسەیەک دێتە دەرەوە. دەیکاتەوە پڕە لە سوخمە و مەمکدان و ژێرکراس، پەنجەوانە و مۆزی پلاستیکی و هتد. تووشی تاسان دێت و پاش کەمێک دامان دەکەوێتەوە قسە)

ئا، ئەمانە چین؟
ئەرێ ئەگەر کەسێک گیرفان زل بوو پێویستی بە مانە دەبێت؟!
کورە رەنگە لەبەر ماندوێتیم چاوم رەشکەوپێشکە بکات.
بەڵام هێشتا گیرفانە زلەکە شتێکی لوولی تێدایە.
وا بەباشی سەروبەری دەبینم.
رەنگە ملوانکەی ئەڵماس یان زێڕ و مرواری بێت؟
با دەستم ببەمە ناو ئەو گیرفانەوە و بزانم چییە.
(بە نەرمی دەست دەباتە ناو گیرفانەکە و لەپڕ دەکشێتەوە و لە قیرژن دەدات)
وەی بابە خواردمی!
ئەو مارە رەشە لەوێ چی دەکرد؟
ددانی چەند تیژ بوو تیژ؟
هەر باشبوو پێیەوە نەدام و زوو فڕێمدا،
دەنا هەر بەساغی دەیخواردم.

(پاش کەمێک هاتنەوە سەرخۆی دیسان دەکەوێتە گەڕان و سوڕان بەو ناوەدا و لای ناوەڕاستی شانۆ، لەلای گیرفانێک دەوەستێت کە جوولە جوولێکی تێدایە)

کارۆ: بە خوای سەیرە!
تا سەر بمێنێت، کلک عاجباتییان دەبینێت!
لە هەموو تەمەنمدا گیرفانی بە جوولەجوولم نەدیووە.
کورە ئاخیر زەمانە، وەڵا!
دەبێ دیسان هی ئەو قوزەڵقورتە نەبێت کە زۆرم لێخواردۆتەوە؟
(دەست لە پێش چاوەکانی خۆی دەگێڕێت و چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە)
کورە، نا نا، هێندەش سەرخۆش نیم،
ئەوە پەنجە تووتەی خۆمە و ئەوەش پێی راستەمە!
هەر دەبێت نهێنی ئەو گیرفانە بە جوولە ئاشکرا بکەم.

کێ دەڵێت ئەجندەی تێدا نییە؟
ئەگەر وابێت دەبێت بیبەمە لای کابرای کەڵەکێ!
نا ، نا نایبەم ، کێش دەڵێت خەزێنەیەکی تێدا نییە؟
ئەو بۆ خۆی نایبات!
(لەبەرخۆی گۆرانی دەڵێت)
مەملی مەمانی مەمۆ!
هی خۆمە و نایدەم بە تۆ!
هی تۆش بێت لێت دەسێنم،
شارەوشار دەیرفێنم!
(لە گۆرانی دەوەستێت و لەبەرخۆی دەدوێت)
کورە، پیاو دڵم تەقی خۆ دینامێتی تێدا نییە، بۆ هێندە دەترسم؟
(کەمێک لە گیرفانەکە دەچێتە پێشەوە، دەیەوێت دەستی بۆ ببات، دەکشێتەوە).
کورە، وەڵا ناوێرم؟
هەی غیرەت سەگ بتخوا؟ بەتۆش دەڵێن پیاو؟
خۆ نامخوات، با دەستی بۆ ببەم؟
وەڵا ناوێرم ! با ئەو پەنجەوانە رەشانە لە دەستم بکەم.
(بەنەرمی و ترسەوە دەست دەباتە ناو گیرفانەکەوە و لەپڕ نیشانەی ترس لەسەر روخساری دەردەکەوێت)
وەی بابیلۆکێ چەند نەرمۆکەیە!
هەردەڵێی ئارمووشە!
بەڵام کەمێکیش رەقایی تێدایە.
هەبێ و نەبێ، ئەوە خشڵە و لە قوماشی ئاوریشمیدایە!
بۆ خۆم دەوڵەمەند دەبم و دەبمە پاشای سەرتەختی!
(بە هێواشی دەستی دەردەهێنێت و دەبینێت سەرکە پشیلەیەک دێتە دەرەوە و دەمیاوێنێت)
کارۆ (لاسایی پشیلەکە دەکاتەوە): منیش میاو، میاو!
کورە وەڵا رەنگە ئەمە ئەجندە بێت و خۆی لێم کردبێتە پشیلە!
ئەگینا کەس زانیوویەتی پشیلە لەناو گیرفاندا بێت؟

ئۆخەیش، چەند جوانە جوان!
میاو، میاو، میاو ... میاو، میاو، میاو!
ئای لەو بەسەزمانەی!
رەنگە ئەویش وەکو من بێ ماڵ و حاڵ بووبێت و ئەو گیرفانەی کردبێتە کولانە.
ئاخ! ناچاری هەموو شتێک بە مرۆڤ دەکات.
(پشیلەکە دەمیاوێنێت)
برسیت بوو؟ تێنووت بوو؟ میاو، میاو، میاو.
هیچیشم نییە بتدەمێ، جگە لەو قومە ئارەقە.

(ئارەقەکە بە دەمی پشیلەکەوە دەکات و بەهێواشی پشیلەکە دەباتە کونجێکی تاریکی شانۆ و بەرەلاّی دەکات)

دە برۆ، دەی بۆ خۆت خەریکی ملۆمۆ ببە، بەڵکو خوا رزقت دەدات.

(لە شوێنێک دادەنیشێت. پاش کەمێک حەسانەوە دیسان دەگەڕێت تا دەگاتە لای دەستەڕاستی شانۆ. لەوێ گیرفانێکی بریسکەدار دەبینێت و بە پەلە بۆ لای غار دەدات)

کارۆ: ئای خودایە! من خێرێکم کرد، بۆیەش خێرێکم هاتەوەڕێ!!
کورە، بە خودای گەیشتمە نانی خۆم!
(دەست بەسەر گیرفانەکە دادەهێنێت)
بەە، بەە، چەند جوانە!
وای لەو هەموو سەفتە دۆلارەی!
قەدی چۆن دیارە! دەبێ چەند بێ؟
یەک دەفتەر؟ دوو دەفتەر؟ سێ دەفتەر؟ پێنج دەفتەر؟ دە دەفتەر؟
بڵێ چی پێ دەکرم؟
خانووێکی بچووک!
قاتە جلێکی جوان!
جووتێک پێلاوی ئیتالیانۆ!
تەلەفزیۆنێکی پلازمای شاشەپان!
ئۆتۆمبیلێکی فریشقە!
ژنێکی قەیرەی تەڕو تازەش!

بەڕاستی بۆ خۆم لێمدا!
بیخۆ کارۆ! خوا دای ، تۆش لێی پاڵدەوە!

(لێرەدا سەرشانۆ کەمێک تاریک دادێت و لە کونجێکی تا ئێستا تاریکی سەرشانۆ تیشکێکی وەنەوشەیی دادەبارێتە سەر کچێکی دانیشتوو بە جلی بووکێنییەوە کە پشتی لە بینەرانە. کارۆ بەنەرمی و بە جوولەی پانتۆمایم ئاسا لەبەری دەچەمێتەوە و دەستی ماچ دەکات و ملوانکەیەک دەکاتە گەردنی کچەکە و قووتوویێک خشڵ پێشکەش بە کچەکە دەکات)

ها بیگرە خانمە نازدارەکەم، ئەم هەموو خشڵەم بۆ هێناویت،
لەپێناوی ژیانێکی پێکەوەیی بەختەوەر قومارم کرد و دۆڕام
بەڵام بەختم باش بوو، بەجۆرێک لە جۆرەکان گەیشتمە نانی خۆم.
تەنها تۆ لێم رازی ببە، هەرچیت بوێت بۆتی دەکەم.
(ئێستا تیشک لەسەر ئەو لایەی شانۆ لادەچێت و ئەو شوێنە دەکەوێتە تاریکییەکی تەواو نەبینراوەوە)
(کارۆ لە خەوەکەی وەئاگا دێتەوە و بەرەولای گیرفانەکە هەنگاو دەنێت و دەست دەباتە ناو گیرفانەکەوە و بە ئازار و هەناسەساردییەوە دەستی دەردەهێنێت و کتێبێکی ئەستووری لەناودایە. پەڕەکانی دەپشکنێت. لەناو قەدی پەڕەکاندا، نووسراوێک دەردێنێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی):

"گیرفان و کورسی ،
تێر دەکەن برسی.
ئەگەر خوا ناردی،
هیچ کات ناپرسی.
کورسی، کورسی، کورسی، کورسی."

کارۆ (بەدەنگێکی جیاواز لەگەڵ خۆی دەدوێت): ئەرێ ئەوە چییە؟
ئەمە مەتەڵە یان پەند؟!

فەلسەفەیە یان قسەی بێمانا و گەند؟!
هەردەڵێی شیعرومیعری ئەم زەمانەیە.
من لێی تێناگەم، کەچی شاعیرەکەش خۆی پێ فەیلەسوفە!
کورە، جانم، قابیلە ئەو قسانە پووچ و بێمانا بن؟
بابیریان لێ بکەمەوە.
(بیر دەکاتەوە) ئا ئێستا تێگەیشتم، زۆر باشیش!
کورە، کارۆی قەلەندەر، ئەوە مەتەڵە، مەتەڵ!!
(دیسان نووسراوەکە دەخوێنێتەوە)
"گیرفان و کورسی ،
تێر دەکەن برسی.
ئەگەر خوا ناردی،
هیچ کات ناپرسی.
کورسی، کورسی، کورسی، کورسی."
کارۆ (لەبەرخۆی دەدوێت): قسەی قۆڕ!
گیرفان چ پەیوەندییەکی بە کورسییەوە هەیە؟
کورە، من گەمژەم و لێیتێناگەم، ئەگینا دەبێت پەیوەندیان هەبێت!
(بیر دەکاتەوە) کورە وەڵا راستە، ئێستا لەم مەتەڵە تێگەیشتم.
ئەگینا ئەم هەموو پیاوە مەزنانەی دنیا شەڕیان لەسەر کورسی نەدەکرد؟
دیارە کورسی و گیرفان پەیوەندییان پێکەوە هەیە و
برا و براژنی یەکترن!
ئەگینا نووسەری ئەم دێرانە،
بەم خەتە جوانەی خۆی و بەم رەنگە ئاڵتوونییە ئەو قسانەی نەدەنەخشاند!
کەوایە، با منیش پێش گەڕان بەدوای گیرفان بچم بەدوای کورسییدا بگەڕێم.

(کارۆ بەغار رادەکاتە دەرەوە و سەرشانۆ لەپڕ تاریک دادێت)

## دیمەنی سێیەم

(له سەرشانۆ سێ کورسی هەمەجۆر و هەمەرەنگ دانراون. کورسییەکان لەڕووی قەباره و بەرزی و نزمیشەوە جیاوازن. کارۆ یەکەمینجار بەرەو کورسییە سوورەکە، کە لای دەستەچەپی شانۆوە دانراوە، دەجوولێت. دەچێتە نزیک کورسییەکە و لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ. لەپڕەوە لە ئاسمان دەمامکی کۆیلەیەکی قولەڕەش لە ئاسمانی شانۆوە دێتەخوارەوە).

کارۆ: ئەی کورسی خەباتکاران و پێشکەوتنخوازان! تۆ مێژوویێکی دووردرێژت هەیە لە خەبات و ململانێ... بەناوی تۆوە ملیۆنان کرێکار و جوتیار بەدەستی رووتەوە، بە داس و پێمەڕە و خاکەناسەوە هەڵمەتیان بردۆتە سەر قەڵای زۆرداران... لە پێناوی تۆدا خوێنێکی زۆر رژاوە... بەڵام سەرەنجام نەوەیەکی برسی و کلۆڵترت لە جاران ... نەوەیەکی وەکو خۆمت هێناوەتە دنیا ....تا ئەمڕۆش سەدای بیرۆکە نازدارەکانی تۆ گێژیان کردووم... تۆ بەکەلکی ئەوە نایەیت لەسەرت دابنیشم.



(یەکسەر بە نووکی پەنجە کورسییەکە بەرەولای بینەران قەڵپ دەکاتەوە.)

(دواتر بەرەو لای کورسییە سوڵتانییەکە، کە لەلای دەستەراستی شانۆ دانراوە، دەخزێت و لەگەڵ دانیشتن لەسەری دەکەوێتە قسەکردن و لە ئاسمانی شانۆشەوە دەمامکی فیلێک دادەبەزێت)

کارۆ: ئەی کورسی پانوپۆڕ...تۆ هێمای کامڵی و پیریت... لە سەرەتادا تامی شیرینی دەدەیت، بەڵام دواتر تاڵ و تفت دەبیت ...سەرەتا تامت زۆرخۆش بوو... ئێستا تامی رزین و بەیاتبوون دەدەیت.... تۆ هێمای خۆر و روناکیت ... گەلێک کارەسات وماڵوێرانیت دەیە دوای دەیە بەخۆوە بینیووە... بەڵام هەرگیز دەستبەرداری رەگەکەت نابیت و رێگاش نادەیت لقی نوێ ... نەمامی نوێ جێگەت بگرنەوە... بۆیە تۆش چارەی نەوەی نوێ ناکەیت و تۆ بۆ ئەوانەیت کە پیر و ماندوون و دەیانەوێت لەلای تۆ سەرخەوێکی خۆش بشکێنن...

(ئەم کورسییەش بە نووکی پەنجە بەرەولای بینەران قەڵپ دەکاتەوە.)

(لەبنەبانی ناوەڕاستی شانۆوە کورسییەکی باڵابەرزی رەنگاورەنگی بریقەدار دەردەکەوێت. لە ناوقەدی کورسییەکە پشتێنێکی گوڵگوڵی هەمەڕەنگ بەستراوە. کارۆ لەناوەڕاستی لای پێشەوەی شانۆیە و خەریکی پارانەوە و نزاکردنە. کاتێک ئەو خەریکی قسەکردنە دەمامکی پڵنگێک لە ئاسمانی شانۆوە بەرەوخوار دێت)

کارۆ: خودایە، بە قوربانت بم، ئەوە دوو کورسی فت، ماوە تاقە کورسییەک. با ئەو کورسییە ببێتە هی من. بڕیار بێت ئەو دنیایە بکەمە بەهەشت. مافی هەموو دەستە و چین و تاقمێک بدەم. ئازادی و بەختەروەری لە سەرانسەری وڵات بڵاو بکەمەوە. مافی ژن، مافی منداڵ، مافی کرێکاران، مافی قوتابییان، مافی نووسەران، هەرچی ماف و نامافێکی تر هەیە بە خەڵکی ببەخشم. وا بکەم گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە. خودایە، بەساقەو بم، تەنها ئەوەم بۆ بکرێت هیچی ترم ناوێت!!

(لە کورسییەکە دەچێتەپێش و لەگەڵ کورسییەکە دەکەوێتە قسە.)

کارۆ: ئەی کورسی باڵابەرزی رەنگاورەنگی بریقەدار... تۆ تێکەڵەی کۆمەڵێک رەنگیت... تازە مۆدێلیت و خەڵک زۆر پەرۆشی رەنگ و دەنگتن چونکە تا ئێستا کەس لەسەرت دانەنیشتووە تا بزانن تۆ چۆن خوول دەخۆیت...منیش جار جارە دەڵێم رەنگە خەوی سەر ئەو کورسییە خۆش بێت و رەنگیشە بڵێم هەر ئەو کورسییە هیوایە...کەچی کە بیر لەو هەموو تێکەڵە ناهەموارە دەکەمەوە پەشیمان دەبمەوە... بەڵام چونکە تەنیا تۆ لێرە ماویتەوە و ئەوانی ترم قەڵپ کردوونەتەوە ، بۆیە بەختی خۆم لەگەڵ تۆ تاقیدەکەمەوە....

(دەچێتە لای کورسییە باڵابەرزە رەنگاورەنگەکە و بەدیتنی ئەو یەگجار سەرسام و دڵخۆش دەبێت. دەست بەلاق و جێدانیشتن و سەرپشتی کورسیەکە دادەهێنێت. دەیەوێت لەسەر کورسییە هەمە رەنگەکە دابنیشێت. هێشتا دانەنیشتووە، کورسییەکە بەهێزێکی نادیارەوە بەرەو ناوەڕاستی شانۆ پاڵێکی پێوە دەنێت.)

کارۆ (لەبەرەخۆ دەکەوێتە قسە): ئەوە چیی بوو!
جادوو بوو، یان دژە موگناتیس!
وای فرێدام خەریک بوو ملم بشکێت!
(دەچێتەوە لای کورسییەکە و دیسان هەوڵدەدات لەسەری دابنیشێتەوە، بەڵام دیسان توندتر پاڵی دەنێتەوە)
بەخوای سەیرە!
هەر دەبێت لەو نهێنییە بگەم!
خۆ چارەنووسی من بەو کورسییەوە بەندە؟
ئەویشم لە دەست بچێت رەنجەڕۆ و ماڵوێران دەبم؟!

(دیسان دەچێتەوە لای کورسییەکە، بەڵام پێش ئەوەی لەسەری دابنیشێت لەبن قوماشی جێی دانیشتن شتێک دەدۆزێتەوە. کارۆ پشتی لە بینەرە و شتەکە لەسەری خۆی دەکات و روو وەردەگێڕێت و دەبینرێ کە دەمامکێکی شەیتانانەی لەسەردایە. سەری خوول دەخوات و هاوار هاوار دەکات. دەیەوێت بەهەرجۆرێک بێت، دەمامکەکە لەسەری بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت. لەپڕ بەرەو لای کورسییەکە رادەکێشرێت و دەکەوێتە سەر کورسییەکە. چەندجار هەوڵدەدات لەسەر کورسییەکە خۆی رابپسکێنێت، بەڵام کورسییەکە بۆلای خۆی رایدەکێشێت. جا چیتر هەوڵ

نادات و پشوویێک دەدات و دواتر دەکەوێتەوە قسە)

بەخوای خۆشە!
دانیشتنی سەر کورسی و خەوی سەرکورسی یەگجار خۆشە!
هەرگیز دەستبەرداری کورسی نابم!
ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ قسەی قۆڕن، قۆڕ!
لە پێناوی بەرژەوەندی خۆمدا،
بڕیارم دا هەرکەسێک دژایەتیم بکات
نەیەڵم لەسەر زەوی جێگای ببێتەوە.
کورسی و پارە هەمووشتێکن لەم ژیانەدا،
وڵات و نەتەوە جگە لە خزمەتکار،
لای من هیچی تر نیین!
لە پێناوی بەرژەوەندی خۆمدا،
بڕیارم دا خاک و وڵات،
تەنها و تەنها هی خۆم و بۆ خۆم و خزم و کەسوکارم بن!

(قاقا پێدەکەنێت و لەگەڵ پێکەنینەکەی لە ئاسمانی شانۆوە دەیان هەگبە و گیرفانی زل زل بەردەبنەوە سەرتەختەی شانۆ و هەندێکیان دەکەونە سەر لامل و شانی کارۆ و دەستەجێ لەناوەڕاستی شانۆ تەختی دەکەن و دوایین قسەی بیستراوی سەرشانۆ ئەم نووزکەیە دەبێت)

کارۆ (بەهەناسە بڕکێیوە): ئۆخەیش خۆ منیش پێیگەیشتم،
جا ئەگەر بشمرم گرنگ نییە!
(یەکسەر لە پەلوپۆ دەکەوێت)

**(کۆتایی)**



ئەم شانۆیە تا ئێستا (٣) جار نمایشکراوە.
-یەکەمجار لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/٢٢ لە شاری (تبلیسی) وڵاتی (گورجستان)
#دووەمجار لە ڕۆژی شانۆی جیهانی ٢٠١٢/٣/٢٧ لە هۆڵی (بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ) لە هەولێر.
#سێیەمجار لە ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٧ لە هۆڵی (بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ) لە هەولێر
هەر (٣)جار ئەم شانۆیە لە لایەن دەرهێنەری لاو (هەڤاڵ سەلاح عەلی) بووە و لە نواندنی هونەرمەندی خۆشەویست (نەوزاد رەمەزان)
#بینەرانی نمایشی تبلیسی (٢٦٠) کەس و هی هەولێر (١٤٠) کەس بوون.

عەبدولڕەحمان بێلاف:

# کانییەکی هەڵقوڵاو بۆ شیعری گۆرانی

**ترۆپک: به چ تایبەتمەندییەک شیعری گۆرانی لە شیعری تر جیادەکرێتەوە؟**

**بێلاف:** شیعری گۆرانی هەرچەندە لە ڕووکاردا سادە و ساکارە، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەچێتە ناخی خەڵکی و لە نێوان خەڵکیدا جیاوازی ناکا. شیعری گۆرانی لە جیهانی مۆسیقا نزیکە؛ مەبەستم ئەوەیە زۆربەی ڕواڵەت و هارمۆنیای مۆسیقای وەرگرتووە و کردویەتییە قالبێکی پڕ لە وشە. لێرەدا دەبێ زەینت لەسەر ئەوەبێ شیعری گۆرانی و شیعری دیکە زۆر جیاوازی هەبێت. ڕەنگە شیعرێکی قورسی (نالی) کە ناکرێ لەنێو شیعری گۆرانی ڕیزبەند بکرێ، کەچی دونیایەک هارمۆنیای مۆسیقای تێدایە. بەڕای من مۆسیقا لە هەڵوێستیش هەیە، بەڵام بە کورتی و کرمانجی ناکرێ هارمۆنیای مۆسیقا لە شیعری گۆرانی دابڕێندرێ. ئەمە جگە لەوەی شیعری گۆرانی ئەوکاتە قیاس دەکرێ کە لەگەڵ گۆرانیدا پێکدا دەچڕژێ.

**ترۆپک: پێتوایە دەبێ ئەو شاعیرانەی کە شیعری گۆرانی دەنووسن، شارەزاییان لە موزیک و گرێ و ڕیتم و هارمۆنی و ئاوازدا هەبێ؟**

**بێلاف:** پێموایە لێرەدا بەلای شاعیرەوە هەست و ڕۆحی مۆسیقی زۆر گرینگن. ڕەنگە کەسانێک هەبن خاوەن ڕۆشنبیری مۆسیقی و شاعیریش بن، بەڵام نەتوانن لە شیعری گۆرانیدا سەرکەوتووبن. با ئێمە باس لەوە بکەین کە ئایا شاعیرێکی وەک (وەفایی) ڕۆشنبیری مۆسیقی هەبووە؟ لێرەدا لە وەڵامی ئەم پرسیارە قورسەدا دەبێ بڵێین بەڵی، (وەفایی) هەست و ڕۆحی مۆسیقی هەبووە. خۆت دەزانی ئاوازی گرینگی هەیە کە ناخی مرۆڤ دەهەژێنێ. کەواتە لێرەدا هەست و ڕۆحی مۆسیقی خاڵی یەکلاکەرەوەن بۆ شیعری گۆرانی. سەرباری ئەوەی لەلایەکی دیکەوە دەکرێ دوو شیعری گۆرانیمان بۆ یەک ئاواز هەبن، بەڵام یەکێکیان لە یەکێکیان سەرکەوتووترە. ئەمەش بەهۆی هەست و ڕوحی مۆسیقی یەکلادەکرێتەوە.

**ترۆپک: شیعری گۆرانی کوردی ئەوەندەی جوانی و سۆز دەلاوێنێتەوە نیو هێندە بەلای فیکر و بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا ناڕوات، کە دواجار گۆرانی تەنیا چێژ جێدەهێڵێ! ئەمە بۆچی؟**

**بێلاف:** بەڕای من جوانی و سۆز دوو چەمکی زۆر فراوانن، نابێ بەو جۆرە تێبگەین کە هەر تەنیا مەبەستمان لە ئافرەتە؛ بە پێچەوانەوە جوانی و سۆز لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی مەعنەوی دیکە زۆر فراوانن. ئەوەتا چەمکی عیرفانی زۆر لە جوانی ئافرەت قووڵتر و پانترە و لە ئەدەبیاتی تەسەوفدا توانیوویەتی ئاواز و شیعری مەزنیش بەرهەم بهێنێ، کە ناتوانین بڵێین شیعری گۆرانییە. کەچی

تایبەتمەندیەتی ڕۆحی و مۆسیقی تێدایە. لەبەرئەوە هەق وابوو بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەمکی خۆشەویستی بکرێ، نەک تەنیا خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، بەڵکو خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خوا و ئیمان و گەلێک مەسەلەی دیکە، وەک حەزرەتی مەولانای ڕۆمی دەفەرمووێ: دەڵێین بۆ ئەشق بێ ڕووخسار ناگونجێ؟ ئەشق هاندەری ڕووخسارە، سەد هەزار ڕووخسار لە ئەشقەوە سەر هەڵدەدا هەم لە زەیندا و هەم لە ڕاستیدا. ئەوە کە نەقش بێ نەققاش نابێ و نەققاشیش بێ نەقش نابێ، بەڵام نەقش فەرعە و نەققاش ئەسڵ. هەتا ئەشقی خانووی نەبێ هیچ موهەندیسێک ڕووخسار و سیمای خانوو ساز ناکا. هەوەها گەنم؛ ساڵێک نرخی زێڕی هەیە و ساڵێک نرخی خاکی هەیە. ڕووخساری گەنم هەر یەکە، کەوایە قەدر و نرخی گەنم بە ئەشقەوەیە و هەروەها ئەو هونەرەی کە تۆ خوازیار و ئاشقی ئەوی و لای تۆ بایەخی هەیە، فێری دەبی. هونەرێک کە داواکاری نەبێ، ئەو هونەرە فێرنابن و پێوەی خەریک نابن. لەڕاستیدا بابەتی فیکر و کۆمەڵایەتی بابەتی لێکۆڵینەوەیین، بابەتی شیعری گۆرانی نین، چونکە لە چێژ دوور دەکەونەوە.

**ترۆپک: بەرهەمە ئەدەبییەکان بە گشتی ئەرکی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێنەر بۆ هۆشیارییەکی باڵا دەگرنە ئەستۆ. لێ ئەو تایبەتمەندیانەی شیعری گۆرانی وایکردووە کە شیعر و ئەدەبیات دابەزێت بۆ ئاستی خوێنەر! دەربارەی ئەمە چی دەڵێن؟**

**بێلاف:** ئاستی خوێنەر یانی چی؟ لە ڕاستیدا ئەگەر باس لە ئاست بکرێ گرنگ تێگەیشتن و واتا ڕۆحییەکانە، نەک بەرزکردنەوەی ئاست. ئەو تایبەتمەندییانەی شیعری گۆرانی هەیەتی، هەرچەند بە ناخیدا قووڵبییەوە ناگاتە کۆتایی. ئەمە لەهەموو سەردەمێکدا هەمان تێگەیشتنە. کەواتە لێرەدا بابەتی ئاستی خوێنەر لە ئارادا نییە. ئەگەر باس لە هۆشیاری باڵا بکرێ، ئەمەش دژ بە ئامانجی ئەدەبیاتە. هیچ کاتێک لە مێژووی ئەدەبیاتدا هۆشیاری باڵا دوا ئامانجی ئەدەبیات نەبووە. بەڵکو ئەدەبیات دەبێ خاوەن سیحرێک بێت، یەک تەفسیر و ڕاڤە بەدەستەوە نەدات.

**ترۆپک: زۆرێک لە ڕەخنەگران تەمەنکورتی و کەمی لەززەتی گۆرانی ئێستا دەخەنە ئەستۆی لاوازی تێکستە شیعرییەکان. تۆ دەربارەی ئەو تێکستە شیعرەییانەی کە ئێستا دەکرێنە گۆرانی چی دەڵێی؟**

**بێلاف:** گۆرانی تەنیا بریتیی نییە لە تێکست، بەڵکو مۆسیقا و ئاواز و دابەشکردن و ئەندازیاری دەنگ و ستۆدیۆ لەخۆ دەگرێت. گۆرانییەکانی ئێستا لە ڕوحی دەستە جەمعی-کوردی و ڕۆژهەڵاتی- دوورن. هەندێکیشیان خەریکە لە هونەری مۆسیقای عەرەبی و تورکی و فارسیدا بتوێنەوە. ڕێگری لە هونەر ناکرێ، بەڵام لەهەموو وڵاتێکدا تایبەتمەندیەتی و ڕەسەنایەتی



**گۆرانییەکانی ئێستا لە ڕوحی دەستە جەمعی-کوردی و ڕۆژهەڵاتی- دوورن. هەندێکیشیان خەریکە لە هونەری مۆسیقای عەرەبی و تورکی و فارسیدا بتوێنەوە. ڕێگری لە هونەر ناکرێ، بەڵام لەهەموو وڵاتێکدا تایبەتمەندیەتی و ڕەسەنایەتی پارێزراوە.**

پارێزراوە. تورکیا لە ڕۆژئاوا لە ئێمە نزیکترە، کەچی ڕەسەنایەتی هونەرەکەیان لە ئێمە زیاتر پاراستووە. نەتەوەی عەرەب و فارسیش بەهەمان شێوە، هونەری خۆیان پاراستووە.

**ترۆپک: ئەو شاعیرانەی کە لە سەرەتادا بڕیاردەدەن چۆن بنووسن، پێموایە هیچ دەقێکی ئەدەبی بەرهەم ناهێنن. شیعر کردەیەکی خۆڕسکە و لەناو هیچ یاسا و کۆت و بەندێکدا گیرناخوا. زۆرێک شاعیرمان هەبوون کە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان کراون بە گۆرانی و هەرگیز باسیان لە شیعری گۆرانیش نەکردووە (هێمن، پەشێو، هەردی، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ...). لێ زۆرێک لە شاعیرانی ئێستا هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ نووسینی شیعری گۆرانی تەرخان دەکەن؟ بۆچوونی تۆ دەربارەی ئەمە چییە؟**

**بێلاف:** قورسە باس لە پرۆسەی نوسینی شیعر بکرێ، ڕەنگە نەکرێ بیر لەوە بکەیەوە شیعری گۆرانی بنووسی، دواتر قەڵەم دەست دەیێ. هەر وەک باسم کرد ڕۆحییەتی شیعر گرنگە، هەتا قورسیشە پێکهاتە و لایەنەکانی نووسینی شیعر دیاری بکەی.

**ترۆپک: پێتوایە نووسین و گونجاندنی شیعر لەپێناو ئاواز و دەنگدا غەدرکردن نییە لە شیعر؟! بۆچی هونەرمەندان زێتر خۆیان ماندوو ناکەن بۆ ئەوەی ئاوازێکی گونجاو بۆ شیعرێکی کلاسیکی یان دەقی شاعیرێکی نوخبە، دابڕێژن وەک ئەوەی کە عەدنان کەریم و دیاری قەرەداغی و چەند گۆرانبێژێکی تر دەیکەن؟**

**بێلاف:** لەبارەی غەدرکردن لە شیعر پێموایە بەر لە هەموو کەسێک شاعیران غەدر لە شیعر دەکەن. ئێمە هەر غەدر لە شیعر دەکەین و دەرەقەتی نایەین. ئەمە سیحری گەورەی شیعرە، واتا ئێستا ئەگەر بڵێین بەسە با دوای (جزیری) و (نالی) شیعر نەنووسرێ، کەچی شیعر خۆی ئەمە قبووڵ ناکا و کانییەکە و لە هەموو کەشیکدا ئاوی زوڵاڵی ڕۆح بە هەمووماندا دەبەخشێ. لەبارەی دەقی شاعیرێکی نوخبە لێرەدا پەیوەندی شیعر و ئاواز و گوتن بەلای منەوە زۆر گرینگە. (حەسەن زیرەک) هەندێ ئاواز دەڵێتەوە دەقەکانی ئەو ئاوازانە خەڵکانێکی کەم قبوڵیانە، بەڵام ئاواز و گوتنەکەی دەقەکانت لە بیر دەباتەوە. بۆیە ئەم پەیوەندییە هەر تەنیا لەسەر دەقی شاعیرێکی نوخبە نەوەستاوە، سەرباری ئەوانە مەسەلەی چێژ وەرگرتن زۆر لەسەرباری ڕێژەیی وەستاوە. کێ دەڵێ ئەو دەقە نوخبەیە ئەو چێژە مەزن و مەودا دووره لای هەموو کەسێک دروست دەکا. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین گەلێ گۆرانیبێژ هەن دەبێ لە سەرچاوەکانیان بکۆڵینەوە و دواجار کاردانەوەی ئەوان لەنێو ڕۆحی گشتیدا گرنگن.

**ترۆپک: شیعری گۆرانی کوردی یەکدەنگە، بەو واتایەی تەنیا دەنگێک لەناو گۆرانییەکە دەبیسترێ ئەویش دەنگی نێرە. کەمجار ڕێکدەکەوێ دەنگی پیاو و ژن لەناو گۆرانیدا بەیەکەوە ببیسترێ. بەدەگمەن گۆرانیشمان هەیە کە گوزارشت لە هەستی مێیینە بکات و دەنگی ئافرەت تێیدا دەنگبداتەوە!**

**بێلاف:** دەنگی نێر لە شیعری کوردیدا پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردی خۆیەوە هەیە. بەس تەنیا کۆمەڵگای کوردی وانییە، کۆمەڵگاکانی دەورووبەریشمان هەروان. سروشتیش هەروایە، نابینی بولبولیش بۆ گوڵ دەخوێنێ؟

# ( ڕێبین ئەحمەد خدر )

## لە دیمانەیەکی (ترۆپک)دا

**ترۆپک: ناونیشان دەرگای چوونە ژوورەوەی تێکستی ئەدەبییە، ڕەنگە زۆرجار ناونیشان هەرخۆی دەقێک بێت. تۆ تا چەند توانیوتە ئەم دەرگا ئەدەبییە بئافرێنی و هاوبەشییەک لەنێوان ناونیشان و دەقدا دروستبکەی؟**

**ڕێبین:** بەڵێ، ناونیشان هەر خۆی دەقێکە. بەچ واتایەک دەقێکە؟ بەو واتایەی کە چیتر ناونیشان ئەو ئالآیە یان هێمایە نییە کە لەسەر تێکستێک دانرابێت تەنها بۆ ئەوەی لە تێکستێکی تری جیابکەینەوە، یان بۆ ئەوەی ناو لە تێکستەکە بنێین. بەڕای من چیتر ناونیشان – ناولێنان – نییە لە تێکست ، بەڵکو ڕۆیشتن و بەشداریکردنە لەگەڵ تێکست. گەلێک جاریش تێکستەکە تەواو دەکات ، یان ڕێگایەکی تری بۆ دەکاتەوە.

چیرۆکێک دەنووسی لەبارەی ژنێک کە خەوی لێناکەوێت. لەنێوانی ئەم بابەتەش چەندان شتی تر دەهێنیتە ناوەوە، چیرۆکەکە دەکوژیت و تەواویدەکەیت گەر هاتی و ناونیشانەکەیت نووسی ( ئەو ژنەی خەوی لێناکەوێ). کەواتە ناونیشان نابێ دەقەکە دابخات و ڕێگاکانی بگرێت ، جوانترە لەگەڵ ناکۆتا و تەواونەکردنەکانی تێکستەکەدا پەیوەندی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا نووسەران بەشێوەی جیاواز جیاواز ناونیشان دەبینن و کاری لەسەر دەکەن – ئەوە بەواتەی ئەوە نییە مەبەستم بێ بەرنامەکاری بۆ ناونیشان دانێم – لەوەدا هەرکەس ئازادە.

سەبارەت بەخۆم، با لەبارەی ئەوە نەدوێم کە تاچەند توانیومە، بەڵکو باس لەوە بکەم من چۆن لە ناونیشاندا کاردەکەم، باس لە هاوبەشییەکە بکەم کە ئاماژەت پێداوە. من ویستوومە و دواتریش دەمەوێ ناونیشان لەو بازنەیە دەرکەم کە پێی وایە – تاجی شیعرەکە – یان چیرۆک – تێکستەکەیە، دەڵێن تاج ، ئەمە ڕەمزێکی دەسەڵاتخوازانەیە، من ڕەتی دەکەمەوە. شیعر و هەر تێکستێکی ئەدەبییش بەناونیشانەکەوەیە بەیەکەوە تەماشادەکەم – کەوایە ناونیشان شتێکی دابڕاو ( سەرووتر یان خوارتر ) نییە. بۆیەش لە شیعرێکمدا هاتووم ناونیشانم لەخوارەوە داناوە. هەر بۆ ئەوەش ناکە لە ڕێساکە دەرچم، بەڵکو ناونیشانەکەم بەشداری پێکردووە لەگەڵ بەشەکانی تردا. کورتییەکەی ئەوەیە ناونیشان لەگەڵ بەشەکانی تردا ئاڵوگۆڕ و ئاوێتە دەکەم – بۆ ئەوەی ئەم بەئالآبوون و بە تاجبوونەی ناونیشان نەهێڵم – یان جۆرێک لە پەراوێزکردنی ناونیشان ، وەک ئەوەی تەنها ناولێنانێک بێت و تەواو، دەی چیتر لای من ناونیشان ناولێنان نییە.

**ترۆپک: ئەمیل سیوران پێیوایە نووسین لە دۆخی ئاسایدا مومکین نییە. زۆرێک لە نووسەرانیش ئەوە دەڵێن کە لە باری بێهوودەیی و نیگەرانیدا دەپڕژێنە سەر نووسین. لە کاتێکدا نووسین جیاواز لە هەموو شتێک پێویستی بە هێزی بیرکردنەوە و توانایی جەستەیی هەیە، نیگەرانی یان هەر دۆخیکی نائاسایی تر ئەو هێزانە لەدەست دەدەن؟**

**نووسین پرۆسەیەکە تەواو پەیوەستە بەنیگەرانییەوە و لەو دۆخە ئاساییەدا نانووسرێت کە هەوڵمدەدا لێی تێبگەم. بۆچی ؟ چونکە نووسین خۆڕاپسکاندنێکە ، یان لەخۆدەرچوونێکە لەو هێڵەی کە ئەوانیتر لەسەری دەڕۆن و وانابینرێت پێویستیان بەم راچڵەکینە بێت.**

**ڕێبین:** دۆخی ئاسایی ؟ دەبێ لەوە تێبگەم مەبەستت لە دۆخی ئاسایی چییە. پێموانییە هەمیشە نووسین بەرهەمی ساتی نیگەرانیی بێت و هەمانساتیش بێتەبوون، واتە ئەو کاتانەی (رووداو)ەکان روودەدەن – شارەکان تێکدەچن و جەنگەکان هەڵدەگیرسێن، بەهیچ شێوەیەک نا. بەڵام سەبارەت بەو نیگەرانییەی کۆدەبێتەوە و هەندێکجار لە نەستی نووسەردا کەڵەکەدەبێ، بەڵێ – لەوەدا نووسین پرۆسەیەکە تەواو پەیوەستە بەنیگەرانییەوە و لەو دۆخە ئاساییەدا نانووسرێت کە هەوڵمدەدا لێی تێبگەم. بۆچی ؟ چونکە نووسین خۆڕاپسکاندنێکە ، یان لەخۆدەرچوونێکە لەو هێڵەی کە ئەوانیتر لەسەری دەڕۆن و وانابینرێت پێویستیان بەم راچڵەکینە بێت.
نیگەرانی و دۆخی نائاسایی ؟ نەخێر بەهیچ شێوەیەک کار لەنووسین ناکەن و هێزی نووسین کاڵ ناکەنەوە، بەڵام چۆن؟ دەبێ لەوە تێبگەین نووسین نیگەرانی و دۆخە نائاساییەکان وەک خۆی ناگوازێتەوە. ئەوەی گرفت دروست دەکات و زۆرجار لە دەقی ئەدەبی کوردییدا دەردەکەوێت – ئەوەیە بابەتە تاریکەکان (نائومێدی – نیگەرانی – خوودکوژی ..) وەک خۆیان و هاوشێوەی رەقیەتییەکەیان لەناو واقیع دەگوازرێنەوە.
ئەمە دەرچوونە لە بەهونەریکردنی بابەتەکان. کەواتە گەر لە ئەدەبیاتدا نائومێدیبوونەکە هونەری نەبێت بێگومان ئەوە گرفتە و کار لە دەقەکە دەکات، چونکە من وا لە ئەدەب تێدەگەم کە لایەنە



هونەرییەکەی دەرگایەک دەکاتەوە بۆ تێکەڵکردنی نیگەرانی و تاریکییەکە بە خەیاڵ یان بە خوودی بیرکردنەوە خۆی. گەر (نیگەرانی) پیاوێک لە واقیعدا ئەوەندە سەربکات و لەپڕ بڵێت: ئێستا کۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم . لە ئەدەبیاتدا ئەم (ئێستا)یەی پیاوەکە درکاندوویەتی بەلایەنی هونەری و خەیاڵییەکە درێژ دەکرێتەوە و دەرباز دەکرێت لەو رەقییەتی و وشکییەی کە هەیەتی. بەڵام زۆر دەقی ئەدەبی ئەمرۆ دەبینین کە خوودی ئەو نیگەرانی و ( بێ تاقەتی ) یانەی کە هەموو کەس جیا لە نووسەرانیش هەستی پێدەکەن لەخۆ دەگرن، بەبێ ئەوەی بچنە قالبێکی ئەدەبییەوە. خوێنەر کاتێ ئەم دەقانە دەخوێنێتەوە هەست دەکات خوودی ئەو بێ تاقەتییەی خۆی دەخوێنێتەوە کە نازانێت دەبێ چی لێبکات، واتە لاوازیی و نیگەرانییەکی رووت.
کەواتە نیگەرانی هێز دەدا بەنووسین و نووسین لەوێوە سەرچاوە دەگرێ بەو مەرجەی نیگەرانی دواتر بکەوێتە حاڵەت و دۆخێکی ئەدەبییەوە.

**ترۆپک: پێتوایە پرۆسەی نووسین بریتیبێت لە ئاراستەکردن؟ بە جۆرێکی تر ئامانج لە نووسینی دەقێکی ئەدەبی چییە؟**

**ڕێبین:** بابەتی ئاراستەکردن و ئامانج لە نووسین و ئەدەبیاتدا ، هەم بابەتێکی کۆنە و هەم نوێشە، ئەوەی کە ئەدەب ئامانجی چییە و دەیەوێ چیبکات ؟ چەندان ڕەوت و ڕێبازی لەیەکجودای دروست کردوون و لەئایندەشدا دروستییان دەکات. بەڵام گەر مەبەست لە (ئاراستەکردن) ئەوەبێت ئەدەب مرۆڤ بەرەو کوێ دەبات ؟ یان ئایا ئەدەبیات مرۆڤ بەرەو شوێنێکی دیاریکراو دەبات ؟ وەک ئەو پرسیارانەش کە لەبارەی ئەدەب و پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیاوە دەکرێن، من وای نابینم ئەدەبیات یان دەقێکی ئەدەبی بیەوێ مرۆڤ بەرەو شوێنێکی دیاریکراو ئاراستە بکات، واتە شوێنێک کە دەقەکەی لەپێناو نووسرابێت – بەڵام مانای ئەوەش نییە کە خوودی دەقەکە ئەدەبییەکە باس لەوەها شوێنێک نەکات. وەک وتم لەناو ئەدەبیاتدا چەندان شێوە و فکرەی جیاواز بوونیان هەیە. ئێمە ناتوانین بڵێین مادام سەر بەم فکرەیە و بۆ ئەوە نووسیویەتی ئەوەیان دەقێکی ئەدەبی نییە. با سەیری گەشتە دەریاییەکەی (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ) بکەین – کەسێک کە بەتەنها لە دوورگەیەک دەمێنێتەوە، لێرەدا ئەو دەقە ئەوەندە پرسیار لە تەنهایی مرۆڤ دەکات و ئەستێرە لەسەر هەڵکردنی مرۆڤ بەتەنهایی و پەیوەندی کردنی بەشتەکانەوە دادەنێت، ئەوەندە باسی ئەوەنییە کە شوێنپێی شتێکی تایبەت و دیاریکراو هەڵگرین، کە ئامانج لێی ئاراستەکردن بێ بۆ لایەک.

مەبەستیشم نییە ئەوە بڵێم کە ئەدەبیات تەنها یارییەکە بەدەر لەهەر فکرە و ڕێگابڕینێک تەنها خۆی درێژدەکاتەوە. نەخێر ئەدەبیات بەندە بەفکرە و ماناکانییەوە. ئەدەبیات شارێک لە وێنە دروست دەکات و ئێمە رادەکێشێت بۆ ناوی. هەر یەکە و لەم وێنانەش ڕەمز و ئاماژەن بۆ فکرە و مانایەکی تایبەت – لەوێدا ئێمە ڕادەگرێت، ئەدەب وەک خەیاڵی دیینی نایەت دەستمان بگرێت بۆ سەرزەمینێکی پڕ لە رووباری هەنگوینی و بمانگەیەنێت بەکۆتایی . ئەوە کاری ئەدەب نییە لەهیچ شتێکدا بەکۆتامان بگەیەنێت و بڵێت لێرەوە چیتر ناتوانین بڕۆین.

تا ئێستا بەچەندان شێوە قالۆنچەکەی "کافکا" شیکراوەتەوە و مانای نوێی بەبەرداکراوە، هەمیشەش بۆی هەیە مانای تر هەڵبگرێت – وەک ئەوەی کە گریگۆری سامسا بەهۆی جیهانی سەرمایەداریی و بەئامێربوونی مرۆڤ دەبێ بە قالۆنچە، شکستی مرۆڤە لە ژیانێکی سامناکدا – یاخود ونبوون و نامۆبوونی مرۆڤە و هەتادوایی .. هیچ لەم تەفسیرانەش ڕەنگە تەفسیری خراپ و بێ مانا نەبن و نزیکبن و تەنانەت راستیشبن لەسەر گۆڕینی مرۆڤێک بۆ دەعەجانێک – ئەمە واتای چی ؟ واتە ئەدەبیات دەرگا دەکاتەوە لەسەر فرە ڕەهەندیی و رزگارکردنی مرۆڤ لەیەک ڕوویی و یەکڕەنگی دونیا، هەروەها ڕێ بۆ ناکۆتا دەکاتەوە و دژی ئەو ڕستەیە کە دەڵێت : لێرەوە چیتر ناتوانین بڕۆین.

**هەڵبەتە بەتەنها کارکردن لەسەر درەختێک و ژانرێک مانای بێ توانایی باغەوانێک و شاعیرێک یا چیرۆکنووسێکیش نییە - بەڵکو ڕەنگە ئەوپەڕی تواناداری و عیشقیش بێت. بەڵام بۆ من وەک وتم - ئەدەبییەت گرنگە ، واتە خوودی عیشقکردن لەگەڵ باغەکەدا، سروشتەکەدا.**

**ترۆپک: تۆ ئەزموونی هەریەک لە شیعر و چیرۆک و شانۆنامەت کردووە، کە سێ ژانری جیاوازی ئەدەبین. ئەم بازدانەی سەر ژانرە ئەدەبییە لە نووسەرانی کوردی و جیهانیشدا هەیە، بۆ نموونە ئەحمەد موختار جافی شاعیر چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی نووسیوە، نازم حیکمەت دەقی شانۆیی هەن. ئایا ئەمە پەیوەستە بە تەکنیکی نووسین یان شتی تر ؟**

**ڕێبین:** نەخێر.. ناتوانم بڵێم پەیوەستە بە تەکنیکی نووسینەوە، چونکە یەک ژانریش بە چەندان تەکنیکی جۆراوجۆرەوە دەنووسرێت. ئەمەش ڕەنگە لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت. من دەتوانم لەبارەی خۆمە بدوێم – کە ئایا بۆچی شیعر دەنوسم و دەشمەوێ شانۆنامە بنووسم ؟ هەڵبەتە مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە لەوەی دەنووسین داهێنەر بین، ئەگینا هیچ. لەلای خۆمەوە ناتوانم ئەو هەستەم بشارمەوە کە زۆرجار ژانرەکان ئەوەندە جێی ڕامان نین ،ئەوەندەی دەمەوێ بە ئەدەبییەتەوە پەیوەستبم – لایەنی ئەدەبییەکەم مەبەستە، وەک ئەوەی باغەوان بیت و بتەوێ لەگەڵ خوودی سروشت و باغ پەیوەندییت هەبێت ( ئەوە ئامانج و عیشق) ی تۆبێت، نەوەک بەتەنها کارکردن لەسەر درەختی هەنار. هەڵبەتە بەتەنها کارکردن لەسەر درەختێک و ژانرێک مانای بێ توانایی باغەوانێک و شاعیرێک یا چیرۆکنووسێکیش نییە – بەڵکو ڕەنگە ئەوپەڕی تواناداری و عیشقیش بێت. بەڵام بۆ من وەک وتم – ئەدەبییەت گرنگە ، واتە خوودی عیشقکردن لەگەڵ باغەکەدا، سروشتەکەدا.

ئەم بازادانانەی من ( نازانم ئەحمەد موختار بۆچی ) پەیوەستن بە ئاوێتەبوونم بە خوودی ئەدەب خۆی. ئەمەیە هۆکارەکە، ڕەنگە پرسیاری ئەوەش بێتەپێش مەرج نییە عیشق بۆ کۆی پانتاییەکە وا بکات نووسەر دەست لە هەموو پانتاییەکە بدات. بەڵی – تەواو ئەمە پرسیار و قسەیەکی بەجێیە، چونکە ژانرەکان گەر ئەدەبییات لە خاڵێکدا بەیەکەوە گرێیان بدا و کۆیان بکاتەوە ، لەزۆر خاڵدا تەواو لەیەک جیاوازن و کارکردنیش تیایاندا زۆر جیاوازە . ئەوەتا دەشبینین کەوایە، شانۆنامە زۆر جیاوازتر دەنوسرێت – لەم ژانرەدا بەهیچ شێوەیەک نووسەر لەیەک شوێنەوە کار بە وشەکان و کارەکتەرەکانییەوە ناکات. چەندە خەیاڵی لای ڕووپەڕی نوسینە ئەوەندە خەیاڵی لای مەیدان یان تەختەی شانۆکەیە. خۆ ئەگەر لەپێناو نمایشیشدا نەنووسی ئەوە هەر پەیوەستە بە نمایشەوە، پەیوەندی هەیە بە جوڵە و دەرگا و ناوەڕاست و پەردەوە. چیرۆک و شیعریش بەتایبەتمەندی و

**من لەگەڵ تەنهایی و گۆشەگیربوونی نووسەردام بۆ داهێنانی دەقی ئەدەبی، بەڵام تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ گۆشەگیریدا نییم کە ببێ بە گۆشەنشینیەکی سۆفییانە و دابڕان لە واقیع و دنیا. نووسەریش هەر بەو هۆیەوە گۆشەگیر دەبێت تا فراوانتر لە واقیع تێبگات و کەشفی دنیای دەرەوەی خۆی بکات.**

شێوازی خۆیان جیاوازن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەوەی دەنووسرێت دانەبڕێت لە داهێنان و دۆزینەوەی دنیایەکی تازە لەناو ئەم یان ئەو ژانردا – ئەگینا هیچ.

**ترۆپک: گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دوو حاڵەتن کە زۆرێک لە نووسەران هەڵیاندەبژێرن. ئەم دوو حاڵەتی ژیانکردنە چ سوودێک بە ئافراندنی بەرهەمی دەگەیەنێت، لە کاتێکدا تێکەڵابوون و گەڕان و دونیا بینین ئایدیای نووسەر فراوانتر دەکەن. ؟**

**ڕێبین:** دەڵێم شتە دژ بەیەکەکان خاڵیش نین لەیەکتری. کەوایە رۆیشتن و گەڕانەوە گەر وەک یەکیش نەبن لەیەکتریدا هەن – چۆن هەبوونێکە ئەمە شتێکی ترە، بۆ گۆشەگیربوون و سەفەریش هەمان شت. گۆشەگیریش بەجۆرێک سەفەرە ( گەڕان )ە . ئەمجارەیان گەڕانەوەیە بۆ ناو خۆت و دروسکردنی دنیایەک کە رەنگبێ گەڕان و بینینی دنیاش هەمان مانای هەبێت. سەفەریش بەهەمان شێوە لە زۆر شوێندا خەڵوەتێکە لەگەڵ شتە تازەکان (ئەوانەی نەمانبینیوون). کەواتە لەهەردوو حاڵەتدا نووسەر شتێک (وزەیەک) ی تازە بەدەستدەهێنێ. ئەم وزەیەش بۆ نووسین گرنگە.

نامەوێ هیچیان بەسەر ئەوەیتردا بەرزبکەمەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بینینی ژینگەی تر و شوێنی تر بۆ نووسین و فراوانتری بینین گرنگن. من لەگەڵ تەنهایی و گۆشەگیربوونی نووسەردام بۆ داهێنانی دەقی ئەدەبی، بەڵام تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ گۆشەگیریدا نییم کە ببێ بە گۆشەنشینیەکی سۆفییانە و دابڕان لە واقیع و دنیا. نووسەریش هەر بەو هۆیەوە گۆشەگیر دەبێت تا فراوانتر لە واقیع تێبگات و کەشفی دنیای دەرەوەی خۆی بکات، ئەگینا گۆشەگیری بۆچییە، بۆ ئەوەیە سەفەرێکی تازە دروستبێت – دنیایەکی نوێ / گەڕانیش بۆ ئەوەیە خەڵوەتێک ( تەنهاییەک ) بێتە ئاراوە لەگەڵ شتە تازە و گەرم و نەبینراوەکان.

**ترۆپک: شوێن یەکێکە لە رەگەزە باڵاکانی چیرۆک. ئایا جوگرافیای نیشتەجێبوونی نووسەر چ کاریگەریەک لەسەر رەگەزی شوێن لە چیرۆکدا دروست دەکا؟ نموونە شار، پێتوایە شار بەو هەموو جەنجاڵییەوە کەشێکی ئارام بۆ نووسەر چێ بکا؟**

**ڕێبین:** شوێن – ژینگە – کاریگەری گەورە لەسەر چیرۆکنوس دادەنێن و بێگومان کاردەکەنە سەر (شوێن) ی چیرۆکەکانیشی. ئەمەش پەیوەندییەکی ئاشکرایە. چیرۆک هەرچەند لە شوێن دەرچێت و کار لەسەر خەڵقکردنی شوێنێکی تر بکات ( شارێکی تر، گوندێکی تر) پەیوەندی هەر دەمێنێت بە شوێنی ژیان و هاتنەدنیای چیرۆکنووس – ئەمەش زۆرجار بە روونی دەرناکەوێت و رەنگە لای خوودی چیرۆکنووسیش هەستی پێنەکرێت. بەڵام کاریگەرییەکە هەیە، چونکە شوێن تەنها خانووێک، شەقامێک – گووندێک نییە؛ تەنها ئەو پێکهاتەیە نییە کە لە رواڵەتدا وەک پردێک یاخوود قوتابخانەیەک دەردەکەوێت..بەڵکو لەگەڵیدا تێکەڵییەک لە یادەوەری ، خۆشەویستی ، شەڕ ، ترس و هتد .. هەیە .. ئەمە کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ شوێن، کە هەرگیز ناهیلێت پەیوەندییەکی رووت بێت لەگەڵ پێکهاتەکاندا. روونتر، شوێن لەخۆیدا زەمەن هەڵدەگرێت و بەتاڵ ناکرێتەوە تاوەکو کاریگەری بەجێنەهیلێ.


سەبارەت بە شار، ئەمە باسێکی گرنگە و پێویستیشە تاوەکو هیلاک دەبین لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەین و بەدوایدا بڕۆین – ئەمەش هەر تەنها لە رووی ئەدەبییەوە نا، بەڵکو لەهەموو لاکانی تریشەوە ( پرسیارکردنەوە لە ماهییەتی شار بەردەوام ) ، شیکاری پەیوەندی تاک بە شارەوە و دابڕانی مرۆڤ لە سروشت. بۆ ئەمەش دەبێ لایەنی مێژوویی و ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی سروشتی لەبەرچاو بگرین . بەڵێ .. شار جەنجاڵە .. ئاڵۆزییەکی بێ وێنە و پڕ لە هەرا و شتە تێکەڵەکان. ئەم ئاڵۆزییە ئێستا ئێمە لە شارەکانی خۆماندا هەست پێدەکەین، هەرچەندە گومان دەکەین لە شاربوونییان، چونکە ئێمە ئەوەی دەیبینین تەنها کەڵەکەبوونی مرۆڤەکان و کەلووپەلەکانن بەسەریەکەوە – رێکخستنێک نییە، ئەو سیستمەی گوایە ئێمەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە تەواو لەیەکتری دابڕیوین و تاکەکانی هەریەکە و بەلایەکدا بردووە، لەسەر دروسکردنی قەرەباڵغی کاردەکات. لەناو قەرەباڵغییەکەشدا هەریەکە و بۆخۆی تەنیایە..لە تەنهاییەکەشدا لەگەڵ خۆی نییە. تەواو ترسناکە. پرسیارت لەبارەی کەشێکی ئارام کرد بۆ نووسەر. من پێموایە باش نییە ئاوا نووسەر جیابکەینەوە لە خەڵکانی تر لەباسی ئارامی و نائارامی شوێن و شارەوە..چونکە هەموو مرۆڤێک پێویستی بە ئارامی هەیە، گەر مەبەستت ئەوەبێ ئارامی بۆ نووسەر داهێنانی زیاتر بهێنێت .. ئەمەیان پەیوەستە بە شوێن و بارودۆخی تایبەتی نووسەر خۆی، جیاش نییە لەوەی گرێبدرێتەوە بە شار – بەڵام نووسەر نابێ هەڵوەدای خەڵوەتێکی ئارام بێت دوور لەو هەموو سامناکییە، بەڵکو پێویستە لەم نائارامییەی شار کەڵک وەرگرێت و هەروەها راڤەی ئەم سامناکییەش بکات.

گرفتی ئێستای ئەدەبی ئێمە ئەوەیە ناتوانێت ئەوەندەی واقیعەکەش ئەدەبی بێت، واقیعەکە بۆخۆی پڕییەتی لەوێنەی هەڵگەڕاوە و پارادۆکسی سەیر سەیر – قەڵەم و کاغەزێک هەڵدەگریت و دەچیتە ناو بازاڕ دادەنیشی ئەو شتانەی کە دەیانبینی یاداشتیان دەکەی – سەیردەکەی دەقێکی ئەدەبیت نووسیوە. ئەوەی گرفتە ئەوەیە نووسەران – ئەدیبان هێشتا کار لەسەر دروستکردنی زەمینێکی یۆتۆپی دەکەن؛ ئەو زەمینەش تەواو وەک دەزگایەکی بەنجکردنی لێدێت. روونتر، وەک دروست کردنی بەهەشتی جیاجیای لێدێت .. باخچەی گێلاس و باخە زۆر جوان و ئارامەکان و عیشقی ناو ئاوەکان و ماچ بەجۆرەها شێوە.. چین جگە لە دروستکردنی یۆتۆپیا. رەنگە ئەم بابەتە پەیوەندی ئەدەب بە واقیعەوە بێنێتەوە گۆڕێ ..دەی ئەمە باشە.. خۆ بڕیار نییە خەیاڵی ئەدەبی ببێت بە خەیاڵی ئایینی و مرۆڤەکان ڕەوانەی دنیایەکی زۆر جیا لەو دنیایە بکات. بێگومان نەخێر..کەواتە کەشی ئارام لە واقیعی ئێمەدا ئێستا بوونی نییە – گەر بوونیشی نەبێت – دەبێت لێی بکۆڵینەوە و بیکەینە دەقی ئەدەبی و لە ئەدەبیاتماندا ڕەنگ بداتەوە. چۆن و بەچ شێوەیەک ڕەنگ دەداتەوە، دیسان ئەمەش بابەتێکی ترە.

**ترۆپک: هەموو ئەو نووسەرانەی کە بوونەتە ناوێکی دیار لە ئەدەبی کوردیدا، سەرەتا بە شیعر دەستیان پێکردووە و دواتر پەلوپۆیان بۆ ژانرەکانی تر هاویشتووە. پێتوایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا شیعر ژانرێکی ئاسانە بە بەراورد بە ژانرەکانی تر ؟**

**ڕێبین:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک شیعر ژانرێکی ئاسان نییە بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانیتر. مەسەلەکە ئەمە نییە، قسەیەک هەیە دەوترێ و لە راستیشەوە نزیکە – ئەویش ئەوەیە کە ئەدەبی نووسراوی ئێمە بەشی زۆری شیعرە، هەر لە (هەمەدانی)یەوە ئینجا (نالی) و ..هتد..ئەمە کاریگەری هەیە. ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە، رۆمان و چیرۆک نین – شانۆنامەش نییە، بەڵکو شیعرە.. لەگەڵ ئەوەشدا، من واهەستدەکەم نەک هەر لەناو ئێمە لە شوێنانی تری زەویش شیعر نزیکتربووە لە مرۆڤ – بەرادەیەک زۆربەی مرۆڤەکانیش پەیوەندییەکی کەم و زۆرییان لەگەڵ شیعر هەیە – دوو مامۆستای ماتماتیک کاتێ خۆشەویستی خۆیان بۆ یەک بەیان دەکەن، هەر هەوڵدەدەن بەجۆرێک لە زمانی شیعریی ئەو خۆشەویستیە دەربڕن – خۆ نایەن بەهاوکێشە و بیردۆز ئەمە بگەیەنن.


کەواتە شیعر لە بوونی مرۆڤەوە نزیکە. ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە ئەدەبی گێرانەوە ئەو پەیوەندییەی نییە. با هەیەتی، حیکایەتیش هاوشانی شیعر و گۆرانی لەمرۆڤەوە نزیکبوون، لەبنەرەتدا مرۆڤ هیچکات نەیتوانیوە بە بێ حیکایەت هەڵبکات. بەڵام سەبارەت بە ئەدەبی ئێمە و دەسپێکی نووسەرانی ئێمە ئەو هۆکارە کاریگەری زۆری هەیە کە لەسەرەتاوە وتم – هۆکاری




ئەوەی کە زۆربەی ئەدەبی نووسراوی ئێمە شیعربووە و تا ئێستاش ئەوەی لە هەموو ژانرێکی تری ئەدەبی دەنووسرێت و بەرهەم دەهێنرێت لەناو ئێمەدا هەر شیعرە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەشتێک بکەم کە پێشووتریش لە نووسینێکمدا باسم لێوەکردووە. ئەویش ئەوەیە زۆرجار جۆرێک لە شیعر یان ستایلێکی شیعریی.. زۆر کەسی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێتە نێو شیعر و ئەوانەی لە بوارێکی ترەوە دەنووسن رادەکێشێتە ناو شیعر..ئەمە لە شیعری کلاسیکیش دەبینین، کە چۆن کۆمەڵێک شاعیر دوای بەدوای (نالی) دێن و بەهەمان نەفەس شیعر دەنووسن.. تەنانەت وای لێدێت (رەفیق حلمی) لە کتێبی شیعر و ئەدەبیاتەکەیدا ئاماژەیەکی جوان بدات.. لەبارەی ئەو عیشقەی لە شیعری کلاسیکدا دەبێتە عیشقێکی لاسایی...ئەوەش کە لەبارەی ئاسانی و شیعرەوە وتت – رەنگە زۆر هەڵەنەبین کە بیبەستین بە واقیعەوە، واقیعی ئێمە واقعێکی داخراوە، تاکەکان هەمیشە دوور لەیەکتری دەژین ، بە تایبەت رەگەزەکان. ئەو ئازادی و زەمینەیەی کە بۆ خۆشەویستی پێویستە هەبێت، نییە. ناچار تاک گیرۆدەی خەیاڵ دەبێ و شۆک و

**واقیعی ئێمە واقعێکی داخراوە، تاکەکان هەمیشە دوور لەیەکتری دەژین ، بە تایبەت رەگەزەکان. ئەو ئازادی و زەمینەیەی کە بۆخۆشەویستی پێویستە هەبێت، نییە. ناچار تاک گیرۆدەی خەیاڵ دەبێ و شۆک و رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ دیوارە گەورەکان دەکا بەهەستێک و دەربرینێک. زۆرجار مەرج نییە ئەمە شیعریش بێ ، بەڵام بەشیعر دەناسرێت و بڵاویش دەبنەوە، واتە واقیعی داخراو ئەو واقیعەی حەز و ویستەکان لەباردەبات .**

رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ دیوارە گەورەکان دەکا بەهەستێک و دەربرینێک. زۆرجار مەرج نییە ئەمە شیعریش بێ ، بەڵام بەشیعر دەناسرێت و بڵاویش دەبنەوە، واتە واقیعی داخراو ئەو واقیعەی حەز و ویستەکان لەباردەبات – بۆ نموونە حەزی ماچێک دەکوژێ و ئەو حەزانە وردە وردە دەبنە گرێ لە تاکەکەدا و بێ چارە تەنها رێگایەک بۆی دەمێنێتەوە دەربرینییەتی. جا چۆن دەریدەبڕێ و ناوی شیعری لێدەنێت ئەمە شتێکی ترە..ئەمە رەنگە هۆکارێکی تر بێت بۆ زۆربوون و زیاتر دەرکەوتنی شیعر، ئەگینا وەک وتم پەیوەندی نییە بە ئاسانی شیعرەوە.




# ئازادی و بەرپرسیارێتی لە دیدی "هێربرت مارکۆزە"وە

**نەوزاد جەمال**
مامۆستا لەبەشی فەلسەفە-زانکۆی سەلاحەدین

## پێشەکی

یەکێک لەو چەمکانەی لە چەند ساڵانی رابردوودا زۆرترین وتار و بەدواچوون و قسەی لەسەرکراوە و تاڕادەی ئەوەی بۆتە دروشمێک و پێویستی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، چەمکی"ئازادی"یە. ئەگەرچی زۆربەمان لەبەردەم بانگی ئازادیدا، واهەستدەکات کە بەتەواوەتی لە مەبەستی چەمکەکە تێگەیشتوە و وادەزانێ کە تێگەیشتنەکەی چییەتی و مانای دەردەخات. بەڵام کاتێ دێتە سەرگرێکوێرە و رێگرەکانی بەردەم ئازادی و هاوکات تاوتوێکردنی مانا قوڵەکانی، کەمترین توانای شرۆڤەیی و رونکردنەوەمان هەیە. بەتایبەتتر، لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە تێگەیشتنی گەنج و لاو بکەین. ئەوەی لەمڕووەوە زێتر بەرچاودەکەوێ ئەوەیە تێگەیشتێنێکی گەنجانە کە لە زانکۆ و کۆڕوکوبنەوەکاندا ئامادەیی هەیە، مانای ئازادی یەکسانکردووە بە حەز و خەونە شەخسیەکانی خۆی. واتە "ئازاد" ئەو کەسەیە کەهەرچی حەزی لێبێ و بیەوێ، بێ رێگر و کۆسپ ئەنجامی بدات. هەڵبەت راست تێنەگەیشتن لە چەمک و ماناکانی ئازادی، بەتایبەت لای نەوەی گەنجی ئێمە شتیک نیە کە تەنها بێگەڕێنینەوە بۆ کەمی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری ئەم چینە. ئیدی ئەگەرچی ئەم تێگەیشتنە کە تەواو دروست و پەسەندیش نییە لە رووی فەلسەفەیەوە، بەڵام زۆریش پێچەوانەی ناوەڕۆکی چەمکی "ئازادی" نییە. چونکی بەو مانایە ئازادی وەسفدەکات کە نەمانی رێگرەکانە لەبەردەم بەدیهێنانی خواست و حەزەکانی مرۆڤ دا.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم بۆچوونە گەنجانەیە کە"سادەیی" و "ساکاری" پێوە دیارە، پێویستی بەپشتڕاستکردنەوە و قوڵبوونەوە هەیە. ئیدی لەپێناو تێگەیشتنێکی دروست لە ئازادی، هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی فەیلەسوفی ئەڵمانی "هێربرت مارکوزە" هەندێ رەهەندی گرنگی چەمکەکە لێرەدا روونبکەینەوە. شایانی باسە زیادەڕەوییمان نەکردووە ئەگەر "مارکۆزە" بە بیرمەند و فەیلەسوفی گەنجان دابنێین. هەربۆیە ئێمە پشت دەبەستین بەو وتارەی کە ئاڕاستەی گەنجانی زانکۆیەکی ئەمریکی و گەنجانی شاری لەندەن کردووە. (١)

### هۆشیاری وەک دابڕان لە سەردەم و مێژوو

بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ مرۆڤ خۆی رزگاربکات، دەبێ رزگاربێ لە هەژموونی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێک کە ئازادیی سنووردار دەکات. بۆیە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی دا، (مارکۆزە) پێی وایە دەبێ دابڕانێک لە رێڕەویی رۆتینی رۆژگار و مێژوودا بکەین. ئەمەش کاتێک دەبێ کە ئێمە هۆشیاریمان هەبێ بە زەروەرەتی ئەو رزگاربوونە و لەرێی بەردەوام نەبوونی ئەومێژووەی کە ڕەوتی



**لە ڕواڵەتدا جێگەی پرسیارە: بۆچی (مارکۆزە) لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و دەوڵەمەندی وەک کۆمەڵگەی ئەمریکی باس لە رزگارکردنی مرۆڤ دەکات. بۆیە مایەی سەرنجە کە (مارکۆزە) هەر لەسەرەتای وتارەکەیدا، باس لە رزگارکردنی مرۆڤ دەکات، بەڵام لەدەست کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆر یا تیرۆریست یا کۆمەڵگەیەک نا کە ستەمی سیاسی تێدایە.**

رۆژگارێ کە رەوشی ئێستای بەسەرماندا دابڕیوە. بۆ روونکردنەوەی مانای مێژوو و زەمەن و دابڕان، دیارە (مارکۆزە) پشت بەتێگەیشتنی فەیلەسوفی ئەڵمانی "واڵتەر بنیامین" دەبەستێ. لەبەرئەوەی "بنیامین" پێی وایە زەمەن، سەردەمی ئێستا دیل و نائازادە، بۆیە دەبێ لە چنگی ئەو رەوتەی کە تا ئێستاکە وەریگرتووە ئازاد بکرێ. واتە مێژوویییەک کە خۆی ئازادنییە، ناشتوانێ ببێتە مێژووی زەمەنی ئازادی. دیارە "بنیامین" لەگێڕانەوەی نموونەیەکدا، باس لە دۆخی "کۆمۆنەی پاریس"ی شەستەکان دەکات کە چۆن لەو شارەدا و لە هەموو سوچ و قوژبنێکدا خەڵک و گەنجی راپەڕیوو بەردیان دەگرتە سەعاتە هەڵوسراوەکانی منارەی کلێساکان و مەیدانە گشتیەکانی ناوشار. جا تێکشکاندنی سەعاتەکان بەهۆشیارانە یا نائاگایانە کرابێ، بەڵام ئەو کردەوەیە ئەوە دەردەبڕێ کە زەمەن و کات دیل و دەستبەسەر کراوە، چونکی ئازادی تێدانەماوە. بۆیە پێویستە بەردەوامی کات لەدەستبەسەری رزگاربکرێ. دیارە ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ رزگاربوون لە کۆمەڵگەی باو و دێرین کە بە هەژموونی سەردەمی ئێستای داگیرکردووە. بۆیە دابڕانیش لەو مێژووە، دابرانە لە هەژموونەکە خۆی.

هەڵبەت مەبەستی (مارکۆزە) لەگێڕانەوەی نموونەکەی "بنیامین"، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە"گۆڕانی جۆریی"(qualitative change). دیارە مەبەستی (مارکۆزە) لە "گۆڕانی جۆریەتی" شۆڕش نییە بەو مانا رادیکاڵە چەپەی کە هەمیشە باوە. چونکی (مارکۆزە) پێی وایە زۆربەی شۆڕشەکان لەدوای سەرکەوتن، کەمترین بەهای جۆریی مرۆڤیان پاراستووە و دواجار دژ بەخودی مرۆڤ شکاوەتەوە. لێرە بەدواوە باس لە گۆڕانی جۆریەتی دەکەین و تاوەکو بزانین ئەو پرۆسەیە بەرئەنجامی چ ململانێ و کێشمەکێشێکە.

**دیالێکتیکی رزگاری و گۆڕانی جۆرایەتی**


مەبەست لە"دیالێکتیکی رزگاربوون" واتە ئەو پرۆسە دووجەمسەرییە کە بەشێویەکی ریشەیی و گشتگیر، کار بۆ دارِشتنەوەی سەرلەبەری کۆمەڵگە دەکات و هەوڵی ئازادکردنی تاک دەدات لەهەژمونی سیستەمێ کە ئابڵوقەی ئازادییەکانی داوە. ئیدی رزگارییەک کە هەوڵی بەدیهێنانی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ئەدات. سەرەڕای ریخۆشکردن بۆ سەرکەوتنی بەهاجۆریەکان لەرێگەی هۆشیاربوونەوەی تاکەکان، ئازادی دەکاتە پێوەرێک. واتە ئازادی مرۆڤ دەکاتە "بەهایەکی باڵا" لەپرۆسەی رزگاربووندا. شانبەشانی ئەمەش، دەبێ دامەزراو و دەزگاکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای "بەهای جۆریی" مرۆڤ کار بکات. هەرکات ئەمە هاتەدی، ئەوا "گۆڕانی جۆری" روویداوە.

دیارە لێرەدا (مارکۆزە) جەخت لە"گۆڕانی جۆریی" نەک "گۆڕانی چەندێتی (quantitative change)" دەکات، چونکی گۆڕانی چەندێتی زێتر لە شۆڕشەوە نزیکە. شۆڕشیش واتە هەڵگەڕانەوە و ژێراوژوورکردنی سەرجەم سیستەم و پێکهاتەی کۆمەڵگە. بەڵام گۆڕانی جۆریی، بریتییە لەو سیاسەت و رێوشوێنانەی کە بوونی مرۆڤ دەگرێتەوە و لەبەرچاودەگرێت. بەواتایەکی تر، بریتییە لە گرنگیدان بەئازادی مرۆڤ خۆی وەک بونەوەرێک لەسەرووی هەموو شتێکەوە. کەچی لە گۆڕانی چەندێتی دا، زیاتر ئیش لەسەر باروددۆخ و هەلومەرجی ژیان و گوزەران دەبێ، نەک ئازادی مرۆڤ بەتەواوەتی. دیارە ئەمە خاڵێکی جیاکەرەوەیە بۆئەوەی رەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری بگرین، چونکی ئەو سیستەمە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا باس لە ئازادی و ئازادی خاوەنداری و بازاڕی ئازاد دەکات، بەڵام زێتر ئیش لەسەر چەندێتی وەک پێوەرێ بۆ ژیان دەکات، نەک گرنگی و بایەخی ئازادی وەک جەوهەر و تەوەرێکی سەرەکی لە گۆڕانیسیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. بۆیە لای (مارکۆزە) پێویستە ئەو سیستەمەی کە گۆڕانکاری چەندێتی هێناوەتەدی، بەرەو سیستەمێکی جۆریی ببرێ. واتە رزگاریی مرۆڤ بکاتە مەرج و ئامانجێکی رەسەنی خۆی لەپێناو ئازادی دا.

ئیدی جارێکیتر (مارکۆزه) بانگەشەی گۆڕانکاری دەکات لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان دا، ئەویش لە گۆڕینی سیستەمی چەندێتی (کە تەنها بایەخ بە قازانجی ئابوری دەدات) بۆ جۆرێتی، بەتایبەت لە کۆمەڵگە دەوەڵەمەند و خۆشگوزەانەکاندا. بۆیە ناونیشانی وتارەکەی (مارکۆزه) بەناوی "رزگاربوون لە کۆمەلگەی خۆشگوزەران" هەڵدەگرێ. هەڵبەت لە ڕواڵەتدا جێگەی پرسیارە: بۆچی (مارکۆزه) لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و دەولەمەندی وەک کۆمەڵگەی ئەمریکی باس لە رزگارکردنی مرۆڤ دەکات. بۆیە مایەی سەرنجە کە (مارکۆزه) هەر لەسەرەتای وتارەکەیدا، باس لە رزگارکردنی مرۆڤ دەکات، بەڵام لە دەست کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆر یا تێروریست یا کۆمەڵگەیەک نا کە ستەمی سیاسی تێدایە. نەخێر ئەو بانگەوازی رزگاری مرۆڤ دەکات لە چنگی کۆمەلگەی سەرمایەداری کە خۆشگوزەرانی و تێروپڕی هەیە و هەژاری و نەداری نییە (دیارە ئەو باسی ساڵانی شەستەکان دەکات).

رەخنەکەش لە کۆمەڵگەی ئەمریکی یا هەرکۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی ئەوروپی بەدیوێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو جۆرە کۆمەلگەیە بەرەو ماشێن بوون (کۆمەڵگەیەکی مەکینەیی)دەچێ. هەمووشت لەسەر دابەشکردن و رێکخستنی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی کار و موڵکدارییی بەندە. لەو کۆمەڵگەیەدا مرۆڤ کاڵا و شمەکی تایبەت بەخۆی دەبێ، بەڵام لەڕاستی دا شتەکان، قازانج و سوود، دەبنە خاوەنی مرۆڤەکان. واتە مرۆڤ دەبێتە موڵکدار نەک خاوەنی خۆی. ئەمە ئەو رەوشە ترسناکەیە کە لە کۆمەڵگە خۆشگوکزەرانەکاندا دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە. مرۆڤ خۆی دەبێتە دیلی کاڵا و ئەو شمەکانەی بەرهەمی هێناون و دواجار لەو رێیەوە ئازادی مرۆڤبوونی خۆی لەدەستدەدات. ئاشکرایە (مارکۆزه) لە ژێر کاریگەری نەریتی "هزری مارکسیزم" دایە، بەڵام سەدلەسەد مارکسیزمانە قسەکانی خۆی ناکات. چونکی (مارکۆزه) لە دەرەوەی دۆگمای مارکسیزم دەیەوێ باس لە رزگاری و ئازادی مرۆڤ بکات. بۆیە گوتاری مارکس و بۆچونەکانی سەبارەت بە"ئازادی" کە لە چوارچێوەی هاوکێشەی "زەرورەت"دا خۆی دەبنیتەوە، بەجێدەهێڵێ. بەمانایەکی تر، ئەو پێی وایە کایەی رزگاری و ئازادی (of liberation and freedom realm) لە دەرەوەی بواری زەرورەتدایە (realm of necessity).

کارڵ مارکس ئازادی وەک زەرورەت و پێشمەرجی "چالاکی کار" دەبینێ. بەواتایەکی تر، مارکس یا ئەو خوێندنەوانەی کە هەیە بۆ مارکس، خۆی لەسەر بنەمای زەرورەتی "کار" و چالاکی "ئیشکردن" دادەمەزرێ. بۆیە ئازادی دەبێتە مەرجی هاتنەدی ئەو زەرورەتە. "کار" وابەستەیە بەئازادیەوە و زەرورەتی کار ئازادی دەخوازێ. لەکاتێکدا (مارکۆزه) پێی وایە، بوار و مەیدانی زەرورەت رێگر و بەربەستێکە لەبەردەم ئازادی دا. دەبێ ئازادی لە دەرەوەی چالاکی




پرۆسەی"کارکردن" سەیربکرێ و بە بەرهەمهێنان نەبەسترێتەوە. چونکی زەرورەتی ئازادی لە پرۆسەی"کارکردن"دا بەئامانجی زیادکردنی خودی بەرهەمە و هاوکات زیادکردنی ڕێژەی کار وەک چالاکیەک، شتێکی دیکەیە. پاشان ئەو پۆلێنکردنە باوەی کە بۆ دابەشکردنی ژیان و گوزەران بەپێی "کاتی کار" (work time) و "کاتی ئازاد"(free time) هەیە شتێکی گونجاو نییە.

(مارکۆزە) پێی وایە ئازادی، هەر ئازادی بەرهەمهێنان نییە بەهۆی پرۆسەی کارکردنەوە، چونکی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا هەر ئەنجامدانی کار و بەرهەم نییە، بەڵکو پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا وەک خودێ (subject) کە لە بەرامبەر بابەتێکدایە. هاوکات پێکهاتەی مرۆڤ بۆخۆی لە ڕۆح–ئاگامەندی و جەستە پێکدێت، بۆیە ئازادی دەبێ هەروەک زەرورەت و پێداویستییەک بۆ پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان سەیرنەکرێ. بەڵێ، ڕاستە کار و بەرهەمهێنان بەستراوەتەوە بەمەرجێکەوە کە ئازادییە، بەڵام لەو بوارەدا دەبێ لەجۆرێکی تری ئازادی بکۆڵرێتەوە.

**رزگاربوون لە کۆمەڵگە لەپێناو ئازادی دا**

باشە دەبێ بپرسیین رزگارکردنی مرۆڤ لەچی و بۆچی؟ دیارە (مارکۆزە) بەڕاشکاوی باس لە دۆخی مرۆڤی کۆمەڵگەیەک دەکات کە چۆن دەبێتە دیلێ لە شوێنێکدا خۆشگوزەران و تێروپڕ و دەوڵەمەندە. ئاخر ئەو پێی وایە ئەو گۆڕانکارییەی لە کۆمەڵگەی دەوڵەمەندا هاتۆتە ئاراوە و رواڵەتێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، تەنها لایەنی چەندێتی گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری ژیاندا دەگرێتەوە، نەک ئەوەی گۆڕانێکی لە دۆخی بنەڕەتی مرۆڤدا هێنابێتە ئاراوە. مەبەست لەدۆخی بوون، واتە بوونێ کە ئازادی راستەقینەی فەرامۆشکردووە، نەک دەستەبەری کردووە. لێرەوە (مارکۆزە) رەخنەکەی ئاراستەی ئەو جۆرە کۆمەڵگە سەرمایەدارییە دەکات کە دەبێ مرۆڤ خۆی لە چنگی رزگارکات. راستە کۆمەڵگەیەکە لە رواڵەتدا دەوڵەمەندە و سەرەڕای ئەوەی حەزەکانی مرۆڤیش تێیدا تێرکرابێ.



**(مارکۆزە) پێی وایە ئازادی، هەر ئازادی بەرهەمهێنان نییە بەهۆی پرۆسەی کارکردنەوە، چونکی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا هەر ئەنجامدانی کار و بەرهەم نییە، بەڵکو پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا وەک خودێ (subject) کە لە بەرامبەر بابەتێکدایە.**

بەڵام بەڕاشکاوی (مارکۆزە) پرۆسەی رزگاریی وەک شۆڕشێکی سەرتاپاگیر و هەڵگەڕانەوەی کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی نابینێ، بەڵکو رزگارکردن بریتیە لە" ئازادکردنی جۆریی" مرۆڤ لە کەسێکی بەرخۆر و تاکرەهەند و یەکدید و یەک بۆچوون، بۆ بوونەوەرێک کەخۆی لە هەژمووون و باقوبریقی دنیای بەرهەمەکانی سەرمایەداری و ئەقڵیەتی "کاڵاپەرستی" دابماڵێ.
پاشان راستە کە لە سەرمایەداری دا بنەمایەک بەناوی ئازادی بازاڕ هەیە، بەڵام ئەو ئازادییە لەسەر گیرفانی تاکەکان دەبزوێ و مرۆڤ ئازادی هەیە لە کڕینی رێژەی کاڵاو بەرهەمەکان، بەڵام هیچ ئیختیارێکی نییە و سەرپشک نییە لە نەکڕین و بەشدارینەکرن لەو بازاڕەدا یا دیاریکردنی نرخی کاڵاکان بەدیوێکدا. ئیدی گیرفان و خاوەنەکانیان هیچ ئازاد نیین، چونکی قازانج ئامانج و ستراتیجیەتی بەرهەمهێنانە. هەمیشە دەستێکی شاراوە یا باشتر بڵێین نادیار، گوشارمان دەخاتەسەر بۆ کڕینی بەردەوامی کاڵاکان و وامان تێدەگەیەنێ کاڵاکانی بەهەر جۆر و شێوەیەک بن، شتگەلێک نیین دەستیان لێهەڵبگرین. ئینجا فشاری بازاڕی ئازاد هەر خۆیەتی، ئەمەش چ لە فشاری ریکلام بێ، یا نەبوونی پێشبرکێی راست و گوێنەدان بەکوالێتی کاڵاکان بێ.
بۆیە (مارکۆزە) پێی وایە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران، واتە دەوڵەتی خۆشگوزەران کە لەبەدیهێنانی خۆشگوزەرانی دا پشت بە تەکنەلۆجیا دەبەستێت. بەڵام دەوڵەتی خۆشگوزەرانیش بریتییە لە دەوڵەتی جەنگ. واتە دەبێتە دەوڵەتی جەنگ لەناوخۆیدا و لەگەڵ دەرەوەدا. هەموو هەوڵەکانی لەپێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانییە و هەموو ریگرێکیش بە کۆسپ و دوژمنی ئەو ئامانجە دادەنێ. لەبەرئەوە دەوڵەتی خۆشگوزەران پێویستی بە دوژمن هەیە کە بەناوی هەڕەشە و مەترسییەوە سنوورەکانی توند بکات و بێ مەترسی بەرهەم و کاڵاکانی بخاتە بازاڕەوە. دواجار قازانج کەڵەکە بکات و سەرمایەی چەند بەرامبەر بکات، ئەمەش بەپشتبەستن و هاوکاری

**پرۆسەی رزگاری مرۆڤ بریتییە لە ئازادکردنی سەبجێکت -خود- لە ئایدیۆلۆجیا و ئەو هەبوونە زۆرە ماتریالْیە و تەکنۆلۆجیای کۆمەڵگەی دەوڵەمەند کە مرۆڤ تێردەکات، بەڵام ئازادی ناکات.**

تەکنۆلۆجیا. چونکی دوژمن دەچێتە بەرگی شانس و ئەگەرەکانی هەبوونی ئازدییەوە، بۆیە پێویستمان بەگۆڕانێکی رایدکاڵ- بنەڕەتی هەیە. گۆڕانێ کە دەستەبەری ئازادی مرۆڤ بکات و هەرچی کەرەسە و ئامێری تەکنۆلۆجیی هەیە بخاتە خزمەت ئازادی مرۆڤ خۆیەوە و دەرگاکانی داهاتووی ئازادی بەڕوییدا والآکات.

ئیدی پرۆسەی رزگاری مرۆڤ بریتییە لە ئازادکردنی سەبجێکت -خود- لە ئایدیۆلۆجیا و ئەو هەبوونە زۆرە ماتریالْیە و تەکنۆلۆجیای کۆمەڵگەی دەوڵەمەند کە مرۆڤ تێردەکات، بەڵام ئازادی ناکات. هاوکات پێویستمان بە مرۆڤێکە کە زەرورەتی ئازادی بکاتە رێگەی رزگاری و رزگاربوون لە سیستەمی دەوەڵەمەندی و ئەمەش بکاتە پێداویستی بنەڕەتی ژیان. کەواتە "دیالێکتیکی رزگاربوون" بریتیە لە گۆڕانێ لە چەندێتییەوە بەرەو چۆنیەتی دۆخی مرۆڤ لە بوون دا بەگشتی و بەتایبەت لە بوونی کۆمەڵایەتی دا. بەواتایەکیتر، جۆرێکی تر لە مرۆڤ کە لە ئازادی دا دەگات بەهەقیقەتی بوونی خۆی و خاوەنی رەسەنێتی خۆی بێ. لێرەوە دەکرێ بڵێین هەمیشە رێگەی ئازادی، بە رزگاری دا تێدەپەڕێ. بێگومان رزگاربوون ئەو نەریتە فەلسەفییەیە کە هەر لە ئەفلاتونەوە تا ئێستاش بنەمایەکە بۆ ئازادی و داوەری و یەکسانی و مافی مرۆڤ و هەقیقەت.

---

Herbert Marcuse: "Liberation from the Affluent Society" (1967 lecture in London) & "The Realm of Freedom and the Realm of Necessity: A Reconsideration" and "Revolutionary Subject and Self-Government" with a discussion by Ernst Bloch in: Praxis: a Philosophical Journal (Zagreb) 5(1969), 20-25, 326-329.



# وەزیفەی حیزبی سیاسی

**فوئاد سدیق**

چەمکی ئەرک (وظیفة) شوێنێکی فراوانی لە کۆمەڵناسی هاوچەرخدا گرتووە، بۆیەکەمجار (مالینۆفسکیMalinovski) [١] ئەنترۆپۆلۆژیست بەکاریهێنا، ئینجا (مێرتونMerton)[٢]و (تالکۆت پارسون Parsons[٣] گشتاندییان .[٤]

لەراستیدا چەمکی ئەرک لەگەڵ ڕێکخستن لە واقیعدا لەیەک جیا نابنەوە. ئەگەر دوو ڕووی یەک دراویش نەبن.[٥] حزبە سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا هەیە، بەڵام "حزبەکان بەهۆی جیاوازی سیاسەتەکانیان ئەرکی جیا جیاشیان هەیە. ئەم جیاوازییە بەهۆی سروشتی سیستەمی سیاسیە باوەکەیە (السائد) ، کە ئایا سیستەمەکە دیموکراسییە، یان تۆتالیتارییە. لەم چوارچێوەیەشدا بەجۆرێکی تر جیاوازی لە ئەرکی حزبەکان سەرهەڵدەدا. ئەویش ئەوەیە، ئایا حزبەکە حوکمڕانە (لەحوکمدایە) ؟ یان لە دەرەوەی حوکمڕانییە (بەرهەڵستکارە)".[٦] لەلایەکی تریشەوە "ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر جیاوازە لە هی وڵاتە دواکەوتووەکان، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە جێگیری سیاسی (الاستقرار السیاسی) تێدا لەرزۆکە. واتا حزبەکان لە هەر وڵاتێکدا بە پێی سروشتی دۆخەکە کۆمەڵێک ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، کە بە تەواوی لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە" .[٧] ئەمانە سەرەتای نزیکبوونەوەن بۆ ئەوەی بزانین کە ئەرکەکانی هەر حزبێک چین. بەڵام بەگشتی ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە هەندێک خاڵی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە ،[٨] جا سیستەمەکە دیموکراسی بێت یان تۆتالیتاری، وڵاتەکە پێشکەوتوو بێت، یان دواکەوتوو .[٩] بەڵام حزبەکانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو هەندێک ئەرکی تایبەتییان هەیە ،[١٠] کە تا ڕادەیەک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە جۆرێکی ترە، بەتایبەت ئەو حزبانەی بۆئەوە دروست بوون خەباتی چەکداری بکەن لە بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بۆ نموونە تەواوی حزبە کوردییەکانی نەک هەر تەنها عێراق بەڵکو حزبە کوردییەکانی ئێران و تورکیاو سوریاش هەر بە هەمان شێوەن.

"بەگشتی ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە دوو بەشی سەرەکیدا کۆ دەکرێنەوە. یەکەمیان ئەرکە گشتییەکانە کە پێوەستن بە هەموو حزبێکی سیاسی و جێ سەرنجی هەموو ئەوکەسانەن کە خاوەن تیئۆرن. دووەمیشیان بریتییە لەو تیئۆرە جیاوازانەی کە بۆ هەر حزبێکی سیاسی چەندین ئەرکی شاراوە لەخۆدەگرێ بە شێوەیەک ئەو ئەرکانە لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە دەگۆڕدرێ".[١١] بۆنموونە حزبی بڕوادار (العقیده) لە ئیتالیا شێوەی بەشداریکردنی جیاوازە لەگەڵ حزبێکی بڕوادار لە میسر، هەروەها کارو کردەوەکانی حزبە گەورەکان جیاوازە لە جموجۆڵ و چالاکییەکانی حزبێکی بچووک لە هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراودا.[١٢] لێرە دەتوانین ئەرکە گشتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە.

## ١- ئەرکە گشتییەکان:

**أ-ئەرکی هەڵبژاردن**

لە سیستەمی سیاسی دیموکراسیدا حزبە سیاسییەکان پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ پرۆسیسی هەڵبژاردنەوە هەیە،[١٣] واتا ئەرکی حزب بریتییە لە: یەکەم هەڵبژاردن، دووەم زاڵبوون و ئاراستەکردنی دامودەزگا-الاجهزة- ی سیاسی، ئەرکی سێیەمیش بریتییە لە دیاریکردن و گۆڕان لە هەڵوێستی سیاسی[١٤] .

**ب- دروستکردنی رای گشتی**

حزبی سیاسی فاکتەرێکی کاریگەرە لە کارکردنە سەر بۆچوونەکانی رای گشتی، واتا "دروستکردنی رای گشتی بەستراوەتەوە بەو حزبەی لە رووی جەماوەرییەوە چەندە باڵایە، حزبی سیاسی لە رێگای کەناڵە جیا جیاکانییەوە هەوڵی دروستکردنی رای گشتی دەدات"[١٥] بەڵام"هەموو مرۆڤێکی تاک ئەگەر پسوولەی دەنگدانیشی هەبێت لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بێگومان دابڕاو دەبێت ئەگەر نەتوانێت هەوڵەکانی خۆی یەک بخات لەگەڵ هەموو ئەوانەی وەکو ئەو بیردەکەنەوە. چونکە هەموو هاووڵاتییەک بە تەنیا ناتوانێت بە کاری گرنگ هەڵبسێت جگە لە پچڕ پچڕ کردنی ئیرادەکەی، بەمەش تین و گوڕ لەو ئیرادەیە ون دەبێت کە وای بۆدەچێت کاریگەر بێت. لێرە حزب هەوڵی ئەوە دەدات ئەو هێز و توانا پچڕپچڕانە کۆبکاتەوە و یەکیان بخات، بۆ ئەوەی سەنگێکی راستەقینەی بداتێ کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی پێڕەو و پیادەی دەکەن[١٦]

**ج- پێگەیاندنی کادیری سیاسی**

بێگومان "سەرەکیترین کاری حزبی سیاسی، سیاسەتە و پەیوەندی بە هەڵسووڕانی خەڵکەوە هەیە، بەتایبەت ئەوکارانەی راستەوخۆ پێوەندییان بە دەوڵەت وکاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە هەیە. ئەمەش هەموو بوارەکانی، رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کادیری حزب شارەزایی لە زانستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و هەروەها لە خاڵە بەهێزەکانی بەرەوپێشبردنی کاروباری دەوڵەت پەیدا بکات[١٧]

**حزبی سیاسی فاکتەرێکی کاریگەرە لە کارکردنە سەر بۆچوونەکانی رای گشتی، واتا "دروستکردنی رای گشتی بەستراوەتەوە بەو حزبەی لە رووی جەماوەرییەوە چەندە باڵایە، حزبی سیاسی لە رێگای کەناڵە جیا جیاکانییەوە هەوڵی دروستکردنی رای گشتی دەدات" بەڵام"هەموو مرۆڤێکی تاک ئەگەر پسوولەی دەنگدانیشی هەبێت لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بێگومان دابڕاودەبێت ئەگەر نەتوانێت هەوڵەکانی خۆی یەک بخات لەگەڵ هەموو ئەوانەی وەکو ئەو بیردەکەنەوە.**

**- هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان**

لەبەرئەوەی لە سیستەمی دیموکراسیدا، حزبی سیاسی پەیوەستە بە هەڵبژاردنەوە، بۆیە" هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە ئەندام و کادیری خۆیان پێبگەیەنن و دروستیان بکەن بەو شێوەی بەرنامەی سیاسی حزبەکان دەیانەوێ، بۆئەوەی جومگەیەکی پێداویستییەکانی بۆ بەڕێوەببات. بۆیە دەبینین هەمیشە ئەوکەسانەی کادیرن لەناو حزبێکی سیاسیدا، زۆر وەئاگاتر و پڕ زانیاری ترن لە خەڵکی ئاسایی کە هیچ ئینتیمایەکیان بۆ هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە. بێگومان ئەم بۆچوونە لە وڵاتێکی پێشکەوتووەوە بۆ وڵاتێکی دواکەوتوو تا رادەیەک لە گۆڕاندایە، چونکە زۆر جاری وا بووە، لە وڵاتانی جیهانی سێهەم خەڵکانێکی ناشایستە پلەو پایەی جۆراوجۆریان وەرگرتووە، کەچی لە بەڕێوەبردنی کارەکانشیاندا هیچ سەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێناوە"[١٨].

**ە- ڕێکخستن و هەماهەنگکردنی کاری هەڵبژاردنەکان**

بە بۆچوونی د. الطعان "هەندێک لە پسپۆران وای بۆدەچن کە ڕێکخستن بۆ حزبەکان زۆر زۆر گرنگە. ئەگەر (رۆبەرت میشێل) بەلایەوە ئەوەندە بەس بێت کە گرنگی ڕێکخستن لە ژیانی ناوەخۆی حزبیدا دەبێتە ئەو توخمەی کە هەموو جومگەکان دەخاتە جوولەوە، ئەوا هەندێکی تر لەمە دوورتر دەڕۆن و بەرزی بە ڕێکخستن دەدەن بۆ ئاستی هاوجووتی دابڕان (الانقطاع) بۆ دیاریکردنی ڕێنماییەکان. ڕێنماییەکانیش تەنها حزبە"[١٩]. بەڵام (موریس دوفرجیە) پێیوایە "تیئۆری ڕێکخستن بەشێوەیەکی تایبەتی واتا گرفتەکانی ڕێکخستن زیاتر لە هەر لایەنەکانی دیکەی حزبەکانە"[٢٠]. چونکە لە بنەڕەتدا "حزبە سیاسییەکان ئامرازێکی کاریگەرن بۆ ڕێکخستنی بەشدارییپێکردنی هەر تاکێکی سیاسی لە حوکمڕانیدا، ئەمەش بەرێگای یان بە یارمەتی چوونە ناو حزبەکانەوە، یان بەشدارییپێکردن لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت. بە واتایەکی دیکە چەمکی حزبە سیاسییەکان و بەشداریکردنی سیاسی پێوەندییەکی توند گرێدراویان بە یەکەوە هەیە، بەجۆرێک هەندێک کەس وایدەبینن ناتوانرێ لەسەردەمی ئێستادا بەشداریکردنێکی سیاسی کاریگەر بکەیت ئەگەر لە ڕێگای حزبە سیاسییەکانەوە نەبێت"[٢١].

**٢- ئەرکە پەروەردەییەکان**

یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی حزبی سیاسی لە پڕۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە کۆمەڵگادا بۆ "رۆڵ و ئەرکی حزبەکانە کە هەمیشە هەمەلایەنەیە و بەتەنیا کارێک یان دوو کار پێوانە ناکرێ. حزبە سیاسییەکان جگە لەوئەرکانەی سەرەوە، هەمیشە هەوڵی ئەوەدەدەن ئامادەییان لە هەموو شوێنێک هەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەو نەوەیە (جیل)ەی کە هێشتا ئینتیمایان بۆ ناو هیچ حزبێک نەکردووە و تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە، بەشێوەیەک هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە "ئەگەر نەیەنە ریزی

حزبەکەیشەوە، بەڵام وەکو دەنگدەرێکی ئەو حزبە بمێننەوە، جا بۆ گەیشتنیان بەو ئامانجە، حزب ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە پەروەردەکردنی سیاسی و هوشیارکردنەوەی جەماوەر و وەئاگا هێنانیان لە پرسە جۆراوجۆرەکان[٢٢].

**أ- ئاگادارکردنەوە**

ئەم ئەرکە لە سیستەمی تۆتالیتاری جیاوازە لەوەی لە سیستەمێکی دیموکراسیدا هەیە "لەوکاتەی حزبێکی تاکڕەوی حوکمڕانی تۆتالیتار فەرمانڕەوایە هەمیشە ئەو حزبە حوکمڕانە تاکڕەوە لە بری ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان، هەوڵدەدات هاووڵاتی کەمترین زانیاری پێبگات. بەڵام حزبە دیموکراسییەکان بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە سیستەمی حوکم سیستەمێکی ئیئتیلافی یا دیموکراتییە و چەندین ڕێکخراوی جیا جیا لە کۆمەڵگەی مەدەنی و فێمینیزم و مافی مرۆڤ و... هتد لێیە، هەموو حزبەسیاسییەکان لە هەوڵی ئاگادارکرنەوەی هاووڵاتیاندا دەبن، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە بەسەر حوکمڕانێتییەوە. بینینی هەر ڕۆڵێکی چەواشەکارانەش لە سیستەمێکی دیموکراسیدا کە ئازادی ڕاگەیاندنی تێدابێت، ئەو ڕۆڵە چەواشەکارییانە زوو ئاشکرادەبێت و هیچ کاریگەرییەکی نابێت. بەڵام کارەسات ئەوکاتە ڕوودەدات کە ئاستی هۆشیاری سیاسی جەماوەر نزم بێت[٢٣].

**ب- فێرکردنی تیۆری و بەشدارپێکردنی سیاسییان**

وەک ڕوونکرایەوە حزبی سیاسی پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیا و پرسەکانی وەک پەروەردە و هەڵبژاردن و.... هتد، بۆیە "حزبە سیاسییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لە پێشکەشکردنی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی سیاسی ئەندام و لایەنگرانیان بەو بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیایەی خۆیان پێڕەوی لێدەکەن. ئەمە لەناو هەموو حزبە سیاسییەکاندا هەیە. جا ئەگەر حزبەکە لیبڕالی و دیموکراسی بێت، یان کۆمۆنیستی، تەنانەت ئەگەر حزبەکە لە پێڕەوانی ئایدیۆلۆژیای نازی و فاشیش بێت. وەک چۆن لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیستەمدا) ئەو حزبە سیاسییانەی ئایینی مەسیحیان پێڕەودەکرد، هاوکات ڕۆشنبیری ئایینی و پێگەیاندنی ئایینی و سیاسیان بۆ ئەندامەکانیان فەراهەم دەکرد. جا حزبەکە کاسۆلیکی بوایە یان پرۆتستانتی لەوبارەیەوە گرفتێک نەبوو[٢٤]. بۆیە "فێرکردنی تیئۆری و بەشدارپێکردنی سیاسی هاووڵاتیان لە ناو حزبەکاندا، ڕۆڵێکە دەکەوێتە ئەستۆی حزبە سیاسییەکان. دوو ڕێگای سەرەکیش هەن بۆ ئەم مەبەستە، کە یەکەمیان خوێندنگە و زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانن، کە ئەمەیان حزب کەمتر گرنگی پێدەدات بۆ ئەندامانی، ئەوی تریان هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حزبە، بۆ قۆناخی ئێستاو ئایندەی ئەو حزبە.

واتا فێرکردنی له تاکتیک و ستراتیژ و، ململانێی سیاسی، که زۆر جاری وا ههیه، ئهکادیمیستهکان لهو ململانێیه سیاسییه سهرکهوتوو نابن، وهک ئهوهی کادیری سیاسی حزبهکان لێی سهرکهوتوو دهبن [٢٥].

**ت- ئاوێتهبوونی کۆمهڵایهتی**

به رای (د. الطعان)"حزب نوێنهرایهتی دیارده کۆمهڵایهتییهکان دهکات، بهومانایهی نوێنهرایهتی ڕێگای لێکگرێدانی کۆمهڵایهتی (الترابط الاجتماعي) دهکات[٢٦]. "لهبهرئهوهی حزب ڕۆڵێکی بنچینهیی و کاریگهر دهبینێ له گهشهسهندنی سیاسی و بهشداریپێکردنی سیاسی هاوولاتیان، ئهو حزبه ناچاردهبێت ئاوێتهبوونێکی کۆمهڵایهتی بهرجهستهبکات. ئهم ئاوێتهبوونه کۆمهڵایهتییهی حزبه سیاسییهکانیش لهسهر بنهمای بهشداریکردن له بهرژهوهندییهکان پێکدێت. بهڵام دهبێ ئهوهش بوترێ پلهو ڕێژهی بهشداریکردن له بهرژهوهندی به رادهی جیاوازی بهرژهوهندییهکان جیاوازه . واتا ههموو ئاوێتهبوونێکی کۆمهڵایهتی که خۆی له لێکبهستنهوهیهکی کۆمهڵایهتی دهنوێنێ لهناو حزبدا، لهسهر بنچینهی ئاستی بهرژهوهندییهکانه[٢٧]. "یهکێک له گرنگترین ڕۆڵی حزبهکانی ئهمریکا ئهوهیه، ئهو کهسانهی دهچنه ئهمریکا لهگهڵ کۆمهڵگا تێکهڵیان دهکهن، بۆ ئهو کهسانهی که له نهتهوه و وڵاته جیا جیاکانهوه بۆ ئهمریکا کۆچیانکردووهو ئێستاش کۆچدهکهن. حزب ڕێرهوێکی باشه بۆئهوهی ئهوان بگهنه قووڵایی کۆمهڵگای ئهمریکا و پاش ماوهیهکی کورت ببنه هاووڵاتییهکی هۆشیار. بهم جۆره حزب له ئهمریکادا وهکو یهکێ له ئامرازهکانی کوورهی تواندنهوه کاردهکات. ئهم ڕۆڵه دهتوانێت بۆ ئهو وڵاتانهی که چهند نهتهوهیهکی جیاوازیان تێدایه به ئامرازێکی باش دابنرێت بۆ ئاوێتهبوونی نهتهوهیی[٢٨]. حزبه سیاسییهکان له ژیانی ڕۆژانه و مومارهسهی حزبیاندا ڕۆڵی نێوهند (الوسیط) یان ڕۆڵی ئهڵقهی گهیشتنی نێوان رای گشتی و حکومهت دهبینن، بۆیه ههمیشه دهبێت تێکهڵاوی نێو خهڵک بن.

**پێکهاتهی حیزبی سیاسی**

لهبهرئهوهی پێکهاتهی حزبی سیاسی خۆی له پێکهاتهی چینه کۆمهڵایهتییهکانی نێو ههر کۆمهڵگایهکدا دهبینێتهوه که ههیه. ههڵبهت ئهو پێکهاته کۆمهڵایهتییانهش له وڵاتێکهوه بۆ وڵاتێکی تر جیاوازه، بۆیه "پێکهاتهی حزبه سیاسییهکانی ههر وڵاتێکیش له وڵاتێکهوه بۆ وڵاتێکی تر جیاوازه. بۆ نموونه بونیادی چینایهتی له وڵاتانی دواکهوتوو ههندێک له توێژ و چینهکانی کۆمهڵگهی سهرمایهداری هاوچهرخ بهخۆوهدهگرێ (وهک بۆرژوازیی و پرۆلیتاریای پیشهسازی) و چهند توێژێکی ناوهند که لهگهڵ پێشکهوتنی سهرمایهداری (وهک ئهو کرێکارانهی

**"یەکێک لە گرنگترین رۆڵی حزبەکانی ئەمریکا ئەوەیە، ئەوکەسانەی دەچنە ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵگا تێکەڵیان دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی کە لە نەتەوە و وڵاتە جیا جیاکانەوە بۆ ئەمریکا کۆچیانکردووە و ئێستاش کۆچدەکەن. حزب رێڕەوێکی باشە بۆئەوەی ئەوان بگەنە قووڵایی کۆمەڵگای ئەمریکا و پاش ماوەیەکی کورت ببنە هاووڵاتییەکی هۆشیار.**

بە کارگێڕییەوە سەرقاڵن، رۆشنبیران، ئەفسەران)، هەروەها بونیادی چینایەتی هەندێک لەو چین و توێژانە بەخۆوە دەگرێت کە بۆ سیستەمی پێش سەرمایەداری دەگەڕێنەوە (وەک موڵکدارەکان (دەرەبەگەکان)، جووتیارە بەشخوراوەکان(المعدمین). تەنانەت هەندێک لە پێکهاتەکان (خێڵەکیانەیە)و لە ریزی بەرهەمهێنانێکی سەرەتاییدایە. لەم روانگەیەوە، چین و توێژەکانی وڵاتانی دواکەوتوو بەستراونەتەوە بە قۆناخێکی گواستنەوەیی چالاکیی ئابووری لە پێش قۆناخی سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناخی سەرمایەداری[٢٩] . بەڵام هەموو ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەکوردستانی باشووردا دامەزراون، بەدرێژایی ئەم ماوەیە، پێکهاتەکەیان یان حزبیی نەتەوەیی- نیشتمانی بووە، یان حزبی چەپ و شۆڕشگێر بوون، یان زۆرجاریش تێکەڵەیەک بوون لە هەردوو توخمەکە. واتا هەم نەتەوەیی نیشتمانی و هەم چەپڕەوی شۆڕشگێر بوون. بەڵام ئەوان نەیانتوانیوە بەم تێکەڵاوییە بۆ ماوەیەکی دوور لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن و حزبەکە لەبارێەک هەڵوەشاوەتەوە، باشترین نموونە (حزبی هیوا، حزبی رزگاری) تەنانەت (پارتی دیموکراتی کورد) کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) یش کە درێژەی کێشا تا لە ساڵی ١٩٦٤ جیاوازییەکان بەتەواوی زەق بوونەوە و لە ساڵی ١٩٦٦ باڵی مەکتەبی سیاسی ئەو پارتە بەتەواوی جیابوونەوە .[٣٠]

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، وەک چۆن (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی ١٩٦٦ باڵێکی لە توێژی رۆشنبیر و (بژاردە-نخبة) لێ جیابووەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)یان دامەزراند، دەبینین، بە هەمان شێوە، مێژوو خۆی دووبارە کردەوە و لەناو هەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا باڵێکی سیاسی و رۆشنبیر و بژاردە، جیابوونەوە و بزووتنەوەی (گۆڕان)یان دروستکرد و لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و توانیان (٢٥) کورسی وەدەست بهێنن، وێڕای ئەم هەموو گوشارەی لەسەریان بوو.

"زۆرجاری واش هەبووە، حزبێکی سیاسی لە سەرەتاوە پێکهاتەکەی جیاوازبووە لەگەڵ دواتر کە کەوتۆتە قۆناخی خەباتەوە، یان کاتێک وڵاتەکەی بە چەندین قۆناخی شۆڕشدا تێپەڕیوە، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی حزبە سیاسییەکانیشدا دروست بووە، چونکە مەرجە سیاسییەگشتیەکانیشی گۆڕاون"[٣١].

حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتانەی چەوساندنەوەیان تێدا زۆر بێت، کە دروستدەبن زیاتر مۆرکێکی جەماوەری وەردەگرن چونکە بەرنامەی سەرەکییان رزگاربوونیانە لە چەوساندنەوەکە، بەتایبەت ئەگەر چەوساندنەوەکە نەتەوەیی و نیشتمانی بێت. بەڵام ئەو وڵاتانەی دوورن لە چەوساندنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەوا حزبە سیاسییەکان تا رادەیەک هەڵگری بەرژەوەندییە چینایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان دەبن.

١–برونیسلاف کاسبر مالینۆڤسکی(1884 -1942) Bronislaw Malinowski بە رەچەڵەک پۆلەندی و بە رەگەزنامە بەریتانی بوو. بەناوبانگترین زانا بوو لە بواری مرۆڤناسی پراکتیکیدا. لە کاتی گەنجیدا کەوتبووە ژێر کاریگەری زانای مرۆڤناسی بەناوبانگ (جیمس فریزەر). مالینۆڤسکی لەگەڵ (رادکلیف براون) رۆڵێکی زۆر کاریگەریان لە پێشخستنی زانستی مرۆڤناسی بینی نەک تەنها لە ئەوروپا بەڵکو لە ئەمریکا و جیهانیشدا. ئەو رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بوارەکانی زانست و ئایین و سیحر و یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی کە زۆر ناوبانگی دەرکرد بریتی بوو لە (Argonauts of the Western Pacific). بڕوانە: د. احسان محمد الحسن، موسوعە علم الاجتماع، بیروت: دار العربیە للموسوعات، ١٩٩٩، ل ١٢٨–١٢٩.

٢ –رۆبەرت کینج میرتۆن (١٩١٠–٢٠٠٣) لە پێشڕەوانی تیۆری بونیادی وەزیفی هاوچەرخ دەژمێردرێ، واتە (٨) ساڵ دوای پارسونز لەدایک بووە و نزیکەی (٢١) ساڵیش دوای ئەو مردووە. هەوڵەکانی مێرتۆن بۆ پێشکەوتنی زۆر لە چەمکەکانی بونیادی وەزیفی بوو لەرێگای ئەو تیۆرو میتۆدانەی لە بواری واقیعی کۆمەڵایەتی بوون کە زۆر زیاتر لە تێگەیشتنە ئاڵۆز و گرانەکانی پارسۆنز روونتر بوون.

٣ –تالکوت پارسۆنز (١٩٠٢ – ١٩٧٩) یەکێکە لە بەناوبانگترین زانایانی کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەمریکا. بارسۆنز گەشەی بە تیۆری کۆمەڵایەتی دا بەتایبەتی بە جەمسەری قوتابخانەی (Social Action) کە ئەمەش بە جەمسەرێکی گەورەی وەزیفەی بونیادگەرایی Structural Functional دادەنرێت. سەبارەت بە پارسۆنز کاری کۆمەڵایەتی یەکێتییەکی بنچینەیی ژیانی کۆمەڵایەتییە. کاری کۆمەڵایەتی بەو پێناسەیەی پارسۆنز رەفتاری ئیرادەییە لای مرۆڤ بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. پارسۆنز لە چوار سیستەمی جیاواز کاری دەکرد کە بریتی بوون لە سیستەمی ئۆرگانییەوە بۆ سیستەمی کەسایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانێتی، کە هەر چواریان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تەواوکراو (تەواوکەر) پێکدەهێنن. بارسۆنز لە ساڵی (١٩٤٤) ەوە لە زانکۆی هارڤارد پلەی زانستی گەیشتە پرۆفیسۆر و هەر لەو زانکۆیەش وەک ئوستاد و تۆژەر و نووسەر مایەوە تا خانەنشین کرا. لە رۆژی ١٩٧٩/٥/٨ لە شاری میونیخ لە ئەڵمانیا مرد. هەندێک لە دانراوەکانی: ١– بونیادنانی کاری کۆمەڵایەتی (١٩٣٧)، ٢– النسق الاجتماعی (١٩٥١)، ٣– چەند لێکۆڵینەوەیەک لە تیۆری کۆمەڵایەتی (١٩٥٤)، ٤– تیۆری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای نوێ (١٩٦٧)، ٥– سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تیۆری کار (١٩٧٧)، کۆمەڵناسی ئەمریکی... هتد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. احسان محمد الحسن، موسوعە علم الاجتماع، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣–١٤٤.

٤ – موريس دوفرجيه، علم اجتماع السياسة، ت:د. سليم حداد، بيروت، الموسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، ص١٩٨
٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
٦ – بدرالدين القمودي، حول مفهوم الحزب السياسي ووظائفه ٢٠٠٨/١٠/٢٦، بڕوانە: http://gammou-dib. maktoobblog. com/١٣٩٨٨٤٧ ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٨ سەردانیم کردووە.
٧ – صباح صبحي حيدر، "اصلاح الاحزاب السياسية" – نامەی دکتۆرا – زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی یاسا و رامیاری ، ل٣٠.
٨ – هەموو حزبێکی سیاسی خاوەنی بەرنامە و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە و بۆ بزواندنی خەڵک بەو ئاراستەیەی خۆیان مەبەستیانە لەبەشداریکردنی سیاسی و دروستکردنی رای گشتی و بەشداریکردن یان وەرگرتنی دەسەڵات کاردەکەن.
٩ – بدرالدين القمودی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٠ – ألب ولد معلوم، حول مفهوم الحزب السياسي ووظائفه، م. ن. لمزيد انظر:
http://www. kolchi. tv/vb/showthread. php?t=11101 یوم ٢٠١٠/٦/٤.
١١ – بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی –گۆڤارێکی زانستی – وەرزییە..... گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و داهێنانی فیکری دەدات، گۆهدار محەمەد، ژمارە١٢، کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩، ل٦١
١٢ –د. نظام بركات–د. عثمان الرواف–د. محمد الحلوة، مبادي علم السياسة، الرياض، الطبعة السابعة، ٢٠٠٩، ص٢٤٣
١٣ – بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١
١٤ – د. حسان محمد شفيق العاني، ألانظمة السياسية والدستورية المقارنة، بغداد، ١٩٨٦،ل ٢٥٩.
١٥ – بەهادین ئەحمەد موحەممەد، پارتە رامیارییەکان، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل ٢١
١٦ – د. عبدالرضا حسين الطعان، البعد الاجتماعي للاحزاب السياسية –دراسة في علم الاجتماع السياسي، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩٠ ، ل ٣٦
١٧ – بەهادین ئەحمەد موحەممەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١–٢٢
١٨ – بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.
١٩ – د.عبدالرضا حسين الطعان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
٢٠ – هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.
٢١ – د. نظام بركات وأخرون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤
٢٢ – بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
٢٣ – بۆ زیاتر بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣–٦٤
٢٤ – د. عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع السياسي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ل ٣٤٧
٢٥ – د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤
٢٦ – د.عبدالرضا حسين الطعان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢
٢٧ – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠–٢٦١
٢٨ – د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤
٢٩ – بڕوانە:د. اسامة الغزالي حرب، الاحزاب السياسية في العالم الثالث ، سلسلة عالم المعرفة ١١٧، سبتمبر ١٩٨٧، ص ٥١
٣٠ – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول –بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١–١٩٧٥، سلێمانی، چاپی سێیەم، ساڵی ١٩٩٩، ل١٥٣–١٥٤، ١٦١–١٦٧، ٢٠٥–٢٠٨، ٢٢٣–٢٢٧.
٣١ – موريس دفرجية، الاحزاب السياسية، ترجمة: علي مقلد وعبدالحسن سعد، بيروت، دار النهار، الطبعة ٣، السنة ١٩٨٠، ل ٢٦



# جەستەم
# گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە

**شیعری : مۆهجە کەهف**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف**

جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە
مەمکەکانم نە کانیاون و نەچیا،
نە .....ن و نە ..... (١)
مەمکەکانم نایانەوێن ببنە پێشڕەوی شۆڕش
ناشمەوێت ببن بە دیلی جەنگ
مەمکەکانم بەدوای لێبووردنی گشتیدا دەگەڕێن؛ ئازادیان بکە
تا من بە سەرووکە پڕە شیراوییەکانیان شکۆمەند بم،
تاوەکو بتوانم بۆ ئەوەی ئاڵا و بەیداخیان لەسەر هەڵکەم
پێشکەشی دڵدارە شیرینەکەمی بکەم.

(١) لێرەدا شاعیر دوو وشەی هەستیاری بەکارهێناون لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پێم باش نەبوو وەریان بگێڕم. (وەرگێڕ)



جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە
پرچم نە پیرۆزە و نە هەرزان بەها،
نە هۆی پەشۆکانی تۆیە و
نە ڕێچکەی رزگاربوونی تۆ.
قژم پێشکەوتن و ئاوی پاک ناهێنێت
ئەگەر بەخاوی لەبەر بادا بکەوێتە باڵەفڕێ،
ئەگەر داپۆشرێت و لەخۆر بشاردرێتەوە
ئێمە لە هێرشبەران رزگار ناکات
دەستەکانت لە پرچم بەربدە
تا بتوانم شانەی بکەم و پێی دڵخۆشبم،
تا بتوانم سەربەرز بم و چەوری بکەم،
تا بتوانم بەسەر سینەی دڵدارە شیرینەکەمدا پەخشی بکەم.

جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە
باخچە تایبەتییەکەم چاندنگای تۆ نییە
رانەکانم شاڕێگەی تۆ نیین بۆ شاری زێرینی تۆ
سکم کۆگای قەسناخە گەنمی تۆ نییە
منداڵدانم بێشکەی سەربازەکانی تۆ نیین،
کەشتی گەشتکردنی تۆ نیین بەرەو زێدی خۆت.
لێمگەڕێ با دەریاچەکان بگەڕێم
کە لەناو دارستانە سەوزەکەمدا چریسکە دەدەن و
بۆ تێگەیشتن لە هێزی ئاوەکانیان
لێمگەڕێ با لیوانەی خۆم پڕ بکەم یان پڕنەکەم
لە مەی و هەنگوینی ئەوینە شیرینەکەم.
ئاخۆ پێستی تۆ دادەدڕێت کاتێک سەری دنیایەکی نوێ دێتەدەر؟


جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە
چۆن دەوێریت دەستت دابنێیتە سەر
ئەو شوێنەی من ڕێگام پێنەداویت،
ئەرێ، خودا ڕێگای پێداویت
دەستت لەو جێیە دابنێیت؟

جەستەم گۆڕەپانی شەڕی تۆ نییە
لە بەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکشێوە
ئەم لەشکر و ئەم ئابلۆقەیە بکشێنەوە
تاوەکو بتوانم زەوی ئامادە بکەم
بۆ سەردەمێکی نوێی گوڵە زەمەق و سێپەڕە،
تاوەکو ئەم بەهارە بتوانم بۆ کەژاوەی جوانی
لەگەڵ ئەوینە شیرینەکەم ئاهەنگ سازبکەم.

١٩٩٨

لە کتێبی (ئیمێلەکانی شەهرەزاد، زانکۆی فلۆریدا، ٢٠٠٣) ل ل ٥٨-٥٩ -
-مۆهجە کەهف (١٩٦٧ - ) کچە شاعیرێکی بە ڕەگەز سورییە و لەساڵی ١٩٧١ ەوە لە ئەمریکا نیشتەجێیە.
# پرۆفیسۆری هاریکارە لە زانکۆی ئارکەنساس (سەنتەری مەلیک فەهد بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئیسلامی)
#مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی عەرەبی، زانستی قورئان، پۆستکۆلۆنیالیزم، جەندەر، ئەدەبی جیهانییە.
#کتێبەکانی مۆهجە کەهف ئەمانەن:

The Girl in the Tangerine Scarf (Perseus, 2006)
E-mails from Scheherazad (U Florida, 2003)
Western Representations of the Muslim Woman from Termagant to Odalisque (U Texas 1999)



# سەفەربەرلک

ڕێبین ئەحمەد خدر

گرانیی گەورە دێت و پەڵە هەورێک نامێنێ
بزنەکان شینایی ئاسمان دەخۆن

پیاوە قەڵەو و دەوڵەمەندەکان ئەستێرەی گەورە
لە ژووری پشتەوەی ماڵەکانییان دەشارنەوە

ئێمەی هەژار و بێ ڕەنگ و ڕوو دەزانم
هیچمان بەرناکەوێ

بۆ تەواوی شارەکەمان پەلکێکی
پەلکە زێڕینە لە کارگەی جگەرەی ڕووخاو دابەش دەکرێ
شەیتان دەزانێ چەندمان دەبینە هاونوێنی فیشەک و کەتەر!

گرانیی گەورە دێت و دارستانەکان لەبەر ئاوێنە
دەڕواننە سەری ڕووتاوەی خۆیان
کۆترەکان لە وانەی فڕین دەکەون

جنۆکەکان وەک مرۆڤ شکستە، چیتر ناتوانن خۆیان ون بکەن
نانییان دەبڕێ و ناتوانن کەسیش شێت بکەن

گوندنشینان لەبری ئەوەی برۆنە ڕێواس و کەنگر و کاردی
لەزەوی پڕ لە ئەڵغامدا کەمێک هەوا دەڕنن
تا ساڵ دەڕوا بەیەکەوە لە زەرفێکدا هەناسە دەدەنەوە

ڕۆژ تووشی نەخۆشی دەبێ و زوو زوو تاریک دادێ
شەو لە بوژانەوەی دڵدا دەخەوێ و
ئەستێرە بچکۆلەکان لە فریاکەوتنەکەدا بۆی دەگرین و
پۆلیسەکە بەپاڵ دەیانکاتە دەرەوە

خۆشەویستیی لەماڵێکی نەخشیندا دەبێتە کارەکەر و
تەنها فیوزی پێ لێ دەدەنەوە

بەفر لە بازاڕە کۆنەکاندا دەبێتە حەمباڵ و
لە گەرمەی هاویندا،
هەمیشە بەر لەوەی پارەکەی وەرگرێ دەتوێتەوە

گرانیی گەورە دێت و من دەزانم
ئێمەی هەژار و بێ ڕەنگ و ڕوو هیچمان بەرناکەوێ

پیاوە قەڵەو و دەوڵەمەندەکانیش ئەستێرەی گەورە گەورە
تەنانەت مانگ یش
لەژێر زەمینی ماڵەکەیاندا دەشارنەوە

منداڵە مۆن و ترسنۆکەکانییان
لە کۆڵاندا ڕۆناکی نەرم و نیان لە گیرفانی ڕەنگاوڕەنگیان دەردێنن و
لەبەرچاوی ئێمەی بەدبەخت خەساری دەکەن و
وەک میزەڵدان دەیتەقێنن

ئاه
کە گرانیی گەورە دێت بزنەکان چەند بەختەوەرن
شینایی ئاسمان دەخۆن
بەڵام ئێمەی دەرکراو
لە کارگەی جگەرەی ڕووخاو لەسەر پەلکێک لە پەلکەزێڕینەی ساختە
چۆن یەکتری دەدەینە بەر فیشەک و کەتەر !



# ئەنگوستیلە

## چیرۆکی: ئەنیس نین

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ترۆپک

لەناو هیندییەکانی(پیرۆ) وا باوە کە ئەنگوستیلەی دەزگیرانداری بگۆڕنەوە؛ ئەو ئەنگوستیلانەی ماوەیەکی دوورودرێژ هەیانبووە. هەندێکجار ئەو ئەنگوستیلانە لە شێوەی زنجیرێکدان.
کوڕێکی زۆر قۆزی هیندی کەوتە داوی ئەوینی ژنێکی (پیرۆ)یی بە ڕەچەڵەک ئیسپانی، بەڵام خێزانەکەی لەمەدا بەتووندی بەرهەڵستکار بوون. وشەی هیندییەکان بەمانای تەمبەڵ و داهێزراو دەهات؛ ئەوان دەبوونە هۆی لێکەوتنەوەی منداڵی بێهێز، بەتایبەتی ئەگەر تێکەڵاوی ژنخوازییان لەگەڵ رەگەزی ئیسپانی کردبووایە.
سەرباری بەرهەڵستییەکە، ئەو کوڕ و کچە گەنجە ئاهەنگی شیرینیخواردنەوەیان لەناو دۆستانی خۆیان بەجێگەیاند. باوکی کچەکە لەکاتی ئاهەنگەکە هات و هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر هاتوو هیندیەکە ببینی ئەو ئەنگوستیلە زنجیردارەی کە کچەکەی پێیداوە بکاتە بەر، ئەوا بە خوێناویترین شێوە لە پەنجەی دەپچڕێنێت، ئەگەر پێویستیش بوو ئەوا پەنجەکەی لێدەکاتەوە. ئاهەنگەکە بەم رووداوە تێکچوو. هەموو کەسێک چوونەوەماڵەوە و کوڕ و کچە گەنجەکە لێکدابڕان بەو بەڵێنەی بەدزییەوە یەکتر ببینن.
دوای زەحمەتییەکی زۆر ئێوارەیەکیان یەکتریان بینی و بەگەرمی بۆ ماوەیەکی درێژ یەکتریان ماچکرد. کچەکە بە ماچەکانی ئەو شاگەشکە ببوو. ئەو ئامادە بوو خۆی بەدەستەوە بدات و هەستیدەکرد رەنگە ئەمە دوایین یەکتربینینیان بێت، چونکە رق و کینەی باوکی کچەکە هەموو رۆژێک گەورەتر دەبوو. بەڵام هیندیەکە سوور بوو لەسەر مارەکردنی، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەنهێنی هی ئەو نەبێت. ئینجا ژنەکە سەرنجی دا کە ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەدا نییە. بەچاوەکانی لێیپرسی. ئەو لە پەنا گوێچکەکانی گوتی: "من لەبەرم کردووە، بەڵام لە شوێنێکدا نییە ببینرێت. من لە جێگەیەکی وام کردۆتەبەر کە هیچ کەسێک نەیبینێت، ئەویش رێگریم لێدەکات کە نەتوانم نە تۆ و نە هیچ ژنێکی ترم هەبێت تا ئەو کاتەی ئێمە پێکتر شاد دەبین."
ژنەکە گوتی: "من تێناگەم، ئەنگوستیلەکە لە کوێیە؟"
ئینجا ئەو دەستی ژنەکەی گرت و بردیە شوێنێکی تایبەتی نێوان لاقەکانی. یەکەمجار پەنجەکانی ژنەکە هەستییان بە چووکی ئەو کرد، ئینجا ئەو رابەری پەنجەکانی ئەوی کرد تا هەستی بە ئەنگوستیلەکە کرد کە لە بنی چووکیەتی. هەرچۆنێک بێت، بە پێکەوتنی دەستی ژنەکە، چووکەکە رەق بوو و ئەویش هاواری لێ هەڵسا، چونکە ئەنگوستیلەکە دەیگوشی و ئازارێکی توندی دەدا. ژنەکە لە ترسان نزیکەی لەهۆش خۆی چوو. وەک بڵێی ئەو ویستبووی کە ئارەزووی خۆی بکوژێت یان کپی بکات. لە هەمانکاتیشدا، بیرۆکەی چووکێکی بەستراوە و ئەنگوستیلەی ئەو



تێگیراو وایلێکرد کە لە ڕووی سێکسیەوە بجۆشێت، تا ئەوەی وایلێهات کە جەستەی گەرم و هەستیار بوو بۆ هەموو جۆرە ئەندێشەیەکی ئیرۆتیکی. ئەو بەردەوام بوو لە ماچکردنی کوڕەکە و کوڕەکە لێیپاڕایەوە وانەکات، چونکە ئەوە ئازاری زۆرتری پێدەگەیاند.
چەند رۆژێک دواتر، هیندییەکە دیسان لە ئازارێکی توووند دابوو، بەڵام پێینەدەکرا ئەنگوستیلەکە بێنێتەدەرەوە. دەبوایە دکتۆر بێت و ئەنگوستیلەکە بڕندرێت.
ژنەکە هاتە لای و ئەوەی بۆ خستەڕوو کە لەگەڵی رابکات. ئەو پەسندی کرد. ئەوان سواری ئەسپان بوون و بەدرێژایی شەوێک پێکەوە بەرەو شارۆچکەیەکی نزیک رۆیشتن. لەوێ لە ژوورێکدا ژنەکەی شاردەوە و خۆی چووە دەرەوە بۆ کارکردن لە زەوی و زاری کێڵگەیەکدا. ژنەکە ژوورەکەی خۆی جێنەهێشت تا ئەو کاتەی باوکی لە گەڕان بەدوایدا بێزار بوو. پاسەوانی شەوانەی شارۆچکەکە تاقەکەس بوو کە ئاگای لە بوونی ئەو بوو. پاسەوانەکە گەنج بوو و یارمەتی دابوو کە ژنەکە بشارێتەوە. ژنەکە لە پەنجەرەکەیەوە ئەوی دەبینی کە هاتوچۆی دەکرد و کلیلی خانووەکانی پێبوو و دەنگی هەڵدەبڕی، "شەوەکە روون و بێگەردە و هەموو شتێک لە شارۆچکەکەدا باشە."
کاتێک یەکێک درەنگ بهاتایەوە ماڵ ئەو کەسە چەپڵەی لێدەدا و بانگی پاسەوانەکەی دەکرد. پاسەوانەکە دەرگاکەی دەکردەوە. کاتێک هیندییەکە لەوێ نەبوایە و لە کار بوایە، پاسەوان و ژنەکە بە پاکی قسەیان دەکرد.




ئەو دەربارەی تاوانێکی پێگووت کە لەم دواییانە لە گوندەکەدا روویدابوو: ئەو هیندییانەی کە چیاکان و ئیشەکانیان لە کێڵگەکاندا جێ هێشتبوو و چووبوونە ناو دارستانەکە ببوونە درندە و جانەوەرئاسا. روخسارییان لە شێوەی نەرم و نیان و جوامێرانەوە ببووە ناشیرینییەکی درندانە.
گۆڕانێکی واش هەر ئێستاکە لەو کابرا هیندییە روویداوە کە جاران قۆزترین پیاوی گوندەکە بوو، دڵنەرم و هێمن و بەزمێکی خۆش و هەستیارییەکی مەندانەی هەبوو. ئەو چوو بووە ناو دارستان و بەدوای پارەدا گڕی دەخوارد. ئێستا ئەو گەڕاوەتەوە. ئەو هەستی غەریبی هەڵسابوو. ئەو بە هەژاری هاتەوە و بەبێماڵی دەگەڕا و دەسوڕا. کەس ئەوی نەدەناسیەوەو ئەوی بەبیر نەدەهاتەوە.
ئینجا ئەو کچێکی بچکۆلەی لەسەر رێگا گرتبوو و بە چەقۆیەکی درێژ کە بۆ کەوڵکردنی گیانەوەر بەکاردێت، جێیە سێکساویەکی هەڵدڕیبوو . کچەکەی نەدڕاندبوو، بەڵام چەقۆکەی لەناوگەڵی کچۆلەکە چەقاندبوو و بەزەبر لێیدا بوو. سەرتاپای گوندەکە لە پەشێویدا بوو. ئەوان نەیاندەتوانی بڕیار بدەن چۆن سزای بدەن. بۆ سزادانی ئەو کەسە دەبوایە کاروکردەیەکی زۆر کۆنی هیندی زیندوو بکرێتەوە. زامەکانی ئەو پێویستە لێک بکرێنەوە و شەمێ لەگەڵ ترشێکی بەهێز کە هیندییەکان دەیانزانی چییە، بخرێنە ناو زامەکانیەوە تاوەکو ئازارەکەی دووقات ببێتەوە. ئینجا دەبێت ئەو تا مردن دارکاری بکرێت.
کاتێک پاسەوانەکە ئەم چیرۆکەی بۆ ژنەکە دەگێڕایەوە، دڵدارەکەی لە کارەکەی گەڕایەوە. ئەو ژنەکەی بینی خۆی لە پەنجەرەکەوە شۆڕ کردبۆوە و سەیری پاسەوانەکەی دەکرد. ئەو بەپەلە هەڵیکوتا ژوورەکەی و بە قژە رەشە کێویانییەکەی سەر روخساری لەبەردەمیا دەرکەوت، چاوەکانی پڕ بوون لە بریسکەی رق و حەسوودی. ئەو دەستیکرد بە نەفرەتکردن و ئازاردانی ژنەکە بە پرسیار و گومان.
هەر لەکاتی رووداوی ئەنگوستیلەکە، چووکی ئەو زۆر هەستیار ببوو. مەسەلەی جووتبوون لەلای ئەو ئازاری لەگەڵدا بوو، بۆیەش ئەو نەیدەتوانی ئەوەندەی حەزی لێبوو وابکات. چووکی دەئاوسا و بۆ ماوەی چەند رۆژێک ئازاری دەدا.

ئەو هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو کە خانمەکەی تێر ناکات و رەنگە ئەو کەسێکی دیکەی خۆش بوێت. کاتێک پاسەوانە درێژەکەی بینی قسەی لەگەڵیدا دەکرد، ئەو دڵنیا بوو کە ئەوان مەسەلەیەک لە پشت ئەوەوە جێبەجێدەکەن. ویستی ئازاری ژنەکە بدات، ئەو دەیویست ژنەکە بە جۆرێک ئازاری جەستەیی بچێژێت، وەک چۆن ئەو بۆ ئەم ئازاری چەشتووە. ئەو ژنەکەی ناچار کرد لەگەڵیا بچێتە خوارەوە بۆ ناو ژێرزەمینەکە کە لەوێدا مەی لەناو جەرەی گەورەدا لەژێر بنمیچی کاریتەداردا هەڵگیراوە.
ئەو گوریسێکی لە یەکێک لە کاریتەکان بەست. ژنەکە وای بیرکردەوە ئەو بەنیازە لێیبدات. ژنەکە لەوە نەدەگەیشت بۆچی ئەو گرگرەیەک ئامادە دەکات. ئینجا دەستەکانی بەستەوە و دەستیکرد بە هەڵکێشانی گوریسەکە تا جەستەی ئەو لە هەواوە بەرز بۆوە و هەموو قورساییەکەی کەوتە سەر مەچەکەکانی و ئازارەکەی ژنەکە زۆر مەزن بوو.
ژنەکە گریا و سوێندی بۆ خوارد کە لەگەڵی پاک بووە، بەڵام ئەو مێشکی لە کەللەدا نەمابوو. کاتێک گوریسەکەی دیسان هەڵکێشایەوە ژنەکە لە هۆش خۆی چوو ، کابراش هاتەوە هۆشی خۆی. ژنەکەی هێنایە خوارەوە و دەستیکرد بە لەباوەشکردن و ماچکردنی. ژنەکە چاویکردەوە و بەرووویا خەنییەوە.
ئەو حەزی بۆ ژنەکە بزوا و ئارەزووی بەسەریدا زاڵ بوو و خۆی هەڵدایە سەری. ئەو وای بیرکردەوە کە ژنەکە بەرهەڵستی دەکات و دوای ئەو ئازارەی چەشتبووی ژنە لێی توورەیە. بەڵام ژنەکە هیچ بەرهەڵستی نەکرد. لە خەنیین بەرووی ئەودا بەردەوام بوو. جا کاتێک دەستی بۆ ناوگەڵی ژنەکە برد بینی تەڕبوو. ئەو بەرقەوە بۆی داگرت و ژنەش بەهەمان جۆش و خرۆشەوە وەڵامداری هەبوو. ئەو شەوە خۆشترین شەوی پێکەوبوونیان بوو، ئەوان لەوێ لەسەر زەوییە ساردەکە لەو تاریکییەدا درێژ ببوون.

▪ئەم چیرۆکە لە کتێبی : Anais Nin, Delta of Venus (Penguin Books, 2008) وەرگێردراوە. ناونیشانی چیرۆکەکە "The Ring"

▪ئەنیس نین (١٩٠٣–١٩٧٧) ژنە چیرۆکنووس و رۆماننووس و نۆڤڵێتنووسێکی بەناوبانگی ئەمریکییە و لە شاری پاریس لە دایکبووە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٣٩ گەرایەوە ئەوێ و بووە دۆستی (هێنری میللەر). لە نووسینەکانی (ئەنیس نین) دا زۆر بە خەستی هەست بە ئیرۆتیکا و لایەنی دەروونی دەکرێت. ئەو ژنە نووسەرێکی زۆر کراوە و چاونەترسە و لە نووسینەکانیدا بە ئاشکرا باسی شتە قەدەغەکراوەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات.

# ناساندنی کتێب:

# 1Q84

گۆڤاری ترۆپک

"ئەمە مرۆڤایەتییە لە ساڵی ١٩٨٤، ژنێکی گەنج لەناو تاکسییەکدا لە هێڵێکی خێرا لە تۆکیۆ کەوتووەتە ناو قەرەباڵغی هاتووچۆوە. هەستێکی وەڕسکەر دایگرتووە ئەمەش بەهۆی دواکەوتنی لە کۆبوونەوەی ڕێکخستنی نهێنی کە دەربارەی توندوتیژی ناو خێزان سازکرابوو. شوفێرەکە پێی گووت: هەلێکت لەبەردەمدایە، دەتوانی بێیتە خوارەوە و لەوێدا پەیژەی فریاکەوتن بەکاربهێنی و بچیتە خوارەوە و خۆت بگەیەنییە نزیکترین میترۆ، بەڵام ئاگاداربە ڕەنگە لەمەودوا خۆت لەم جیهانەدا نەبینیەوە. ژنەکە لە تاکسییەکە هاتە خوارەوە و بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکەی کە لەکاتی ڕۆیشتنیدا لەپێیدا داکەلا و بە تەنورەیەکی کورتەوە کە لەکاتی هاتنە خوارەوەیدا لێ بووە بەربەست، بە ڕێگاکەدا و بەناو قەرەباڵغییەکەدا خۆی گەیاندە پەیژەکە، لەکاتی گەیشتنی و هاتنە خوارەوە لە پەیژەکە دوو شت ڕوویاندا: یەکەمیان کوشتن، بە خەنجەرێکی دروستکراوی خۆماڵی کەسێکی کوشت. دووەمیان پێشبینی شوفێری تاکسییەکە بووە ڕاستی و خۆی لە جیهانێکی نوێدا دۆزییەوە."

بەمشێوەیە دوایین ڕۆمانی نووسەری ژاپۆنی (هاروکی موراکامی) بەناوی (1Q84) دەستپێدەکا. لە ساڵی ٢٠٠٩ کاتێک ئەم ڕۆمانە بە چاپی ژاپۆنی بەرگی یەکەم و دووەمی بڵاوکرایەوە، لەماوەی مانگێکدا یەک ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا. دوای دوو ساڵ ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا کتێبخانەکانی لەندەن و نیۆیۆرکی ناچارکرد کە تا درەنگانی شەو لەبەر زۆری کڕیاری ئەم ڕۆمانە بمێننەوە. لە فەرەنساش لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١دا حەفتا هەزار دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە و لەماوەی هەفتەیەکدا تەواوی ئەو ژمارەیەی لێ فرۆشرا. لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و لە سایتی ئەمازۆندا نزیکەی بیست هەزار دانەی لێ فرۆشرا. هەموو ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە (موراکامی) سەرەڕای ئەوەی ناسراوترین نووسەر و ڕۆماننووسی ژاپۆنییە، لە ئێستادا پڕخوێنەرترین ڕۆماننووسی جیهانیشە.


ناڕوونی ناونیشانی ڕۆمانەکە دەرگای ناساندنی ئەم کتێبەمان بۆ دەکاتەوە. پیتی "Q"ی ئینگلیزی کە لەناونیشانەکەدا دەبیندرێ کاتێک دەخوێندرێتەوە بە (کیو) ئەم دەنگە لەزمانی ژاپۆنیدا بە واتای ژمارە (٩) دێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (موراکامی) ناراستەوخۆ ئاماژە بە ساڵی (١٩٨٤) دەدات. زۆرێک لە ڕەخنەگران وای دەبینن کە (مۆراکامی) لە ژێر کاریگەری ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێڵدا ئەو ڕۆمانەی نووسیوە. (موراکامی) لە وەڵامی ئەمدا دەڵێ: (ئەوکاتەی کە ڕۆمانەکەی ئۆروێڵ لە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوکراوەتەوە، من ئەو کاتە لە دایکبووم و ئەمە ڕێکەوتێکی جوانە.

له ڕوانگەی ئۆروێڵەوە ساڵی ١٩٨٤ داهاتوویەکی نادیارە و ڕۆمانەکەشی وەک کتێبێکی ئاگادارکەرەوە نیشاندەدا ئەویش بە پیشاندانی جیهانی داهاتوو. بەڵام له کتێبەکەی مندا ساڵی ١٩٨٤، له دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدایە؛ هەر بۆیە ڕۆمانەکەی من گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. ئەمەش له پێناو هەوڵدان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وجود. ڕابردوو بۆ ئەفسانە).

(ئومامە) و (تێنگۆ) دوو کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەن. (ئومامە) ئافرەتێکی تەمەن سی ساڵانە و ڕاهێنەری وەرزشییە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزاییەکی زۆری لە ڕێگاکانی کوشتن هەیە. ناوەکەی نامۆیە و مانایەکی سەیری هەیە، ئەویش بە مانای بەزالیای سەوز دێت. ئومامە لە خێزانێکی دیندارە و پەیڕەوانی ڕێکخراوێکی ئایینین بەناوی (شونینکای). (تێنگۆ) یەکێکی ترە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە. کوڕێکی سی ساڵانە لە پەیمانگایەکی تایبەتیدا وانەی ماتماتیک دەڵێتەوە. لە زۆربەی کاتە بەتاڵەکانیدا خۆی بە نووسین و خوێندنەوە و پێداچوونەوەی ڕۆمان خەریک دەکا.


**له ڕوانگەی ئۆروێڵەوە ساڵی ١٩٨٤ داهاتوویەکی نادیارە و ڕۆمانەکەشی وەک کتێبێکی ئاگادارکەرەوە نیشاندەدا ئەویش بە پیشاندانی جیهانی داهاتوو. بەڵام لە کتێبەکەی مندا ساڵی ١٩٨٤، لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدایە؛ هەر بۆیە ڕۆمانەکەی من گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. ئەمەش لە پێناو هەوڵدان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وجود. ڕابردوو بۆ ئەفسانە.**

(کوماتسو) یەکێکی ترە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەو ڕۆمانە. تەمەنی چل و پێنج ساڵە و نووسەرێکی دیاری دەزگایەکی بڵاوکردنەوەیە و داوا لە تێنگۆ دەکا کە دووبارە نووسینەوەی یەکێک لە ڕۆمانەکان لە ئەستۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە پێشبڕکێیەکی ئەدبیدا بەشداری پێبکا. کە وا ڕێکدەکەوێ ئەو ڕۆمانە خەڵاتی یەکەم وەربگرێ و زۆرترین فرۆشی هەبێ. (فوکایری) یەکێکی ترە لە کارەکتەرە دیارەکانی ڕۆمانەکە، کچێکی حەڤدە ساڵانە کە ڕۆمانی (کوکی ساناگی) دەنووسێ. کە تێنگۆ دووبارە پێداچوونەوە و نووسینەوەی بۆ دەکا و وەک پێشتر ئاماژەم پێدا زۆرترین فرۆشی دەبێت، کە باس لە کۆمەڵێک ڕووداو دەکا کە لەناو دەستەیەکی ئایینی یەکگرتوودا بەسەری هاتووە کە ئەوانیش ڕووداوەکانی کوشتن و لاقەکردنی ئەو کچە منداڵانەیە کە بێ دایک و باوکن و لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا گیرساونەوە. (فوکایری) بەدەست ئاستەنگەکانی خوێندنەوە دەناڵێنێ. تێنگۆ و ئومامە ئەو کاتەی منداڵ بوون و لە قوتابخانە بەیەک گەیشتوون و یەکتریان ناسیەوە، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لەدەوری ئەم دوو کارەکتەرە سەرەکییە دەسوڕێنەوە.




دیاردەی کوشتن بەشێکی دیاری ناو ڕۆمانەکەیە ئەویش کە ئومامەی کارەکتەری سەرەکی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانیان. دیارترینشیان کوشتنی سەرۆکی ڕۆحی بزووتنەوەیەکی ئایینییە، کە (فوکایری) کچی ئەو سەرۆکەیە.

موراکامی لەم ڕۆمانەیدا زۆر لێزانانە دوو سەردەمی جیاواز تێکهەڵکێش دەکا. ئەمەش بەوەی کە مرۆڤی ساڵی ١٩٨٤ لە سەردەم و دنیای ئێستادا دەژی. ئەم ڕۆمانە لێوانلێوە لە توورەیی و توندوتیژی و کارەسات و سێکسی سیحری و واقیعی سیحری دەگمەن کە بەسەرهاتەکان لەناوەوەی ژاپۆنەوە وێنەی ژیان و بوونی مرۆڤایەتی لە جیهاندا نیشان دەدەن. شێوازی گێرانەوە لەم ڕۆمانەدا بەردەوام خوێنەر بەدوای ڕووداوەکان پەلکێش دەکا و ئەگەرچی ئاڵۆزی لەنێوان ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوێنەر لەناو ڕۆمانەکدا بەردەوام تووشی ڕووداوی لەناکاوی سەیر و سەرنجڕاکێش دێت ئەو ئاڵۆزییەی لێ دەگۆڕێت بۆ زێتر چوونە ناو قووڵایی باسەکانەوە. (موراکامی) لەناو ڕۆمانەکدا کەشێک دەسازێنێ کە خەیاڵی خوێنەریش ببێتە بەشێک لە گێرانەوەی ڕووداوەکان و هەر ئەمەش وا دەکات کە خوێنەر بەبێ کۆتاییەکی دیار ڕۆمانەکە تەواو بکات وخوێنەر لەناو خەیاڵ و واقیعی بووندا چاوەڕێ زیاتر بکات.




کەسایەتییە ناڕوونەکان و خۆشەویستی و چێژی سێکسی و کوشتن و لاقەکردنی منداڵان باسی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەن. کە هەم لە فۆرمی خەیاڵاویدا و هەم لە شێوەی ڕووداوێکی واقیعیدا خۆیان لەناو هزری خوێنەردا نیشاندەدەن. (موراکامی) زۆر بەوردی کار لەسەر وجودی مرۆڤ دەکا و لەم ڕۆمانەیدا تەواو ڕۆچووەتە ناو ناخی ڕاڕایی مرۆڤی مۆدێرن.

تاکو ئێستا ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی (ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانی و تایلەندی و عبری و لیتوانی و پورتوگالی و سویدی و چیکی) بەردەوام وەردەگێردێتە سەر زمانە زیندووەکانی تری جیهان.

سەرچاوەکان:

*http://www.wikipedia.com
*http://www.thenewyorktimes.com
*http://www.japantimes.co.jp/



# ڕوانین لە ترۆپکەوە:
# خەمی وەرگێڕان

بەڕێوەبەری نووسین

وەرگێران بەرلەوەی هونەر، داهێنان، ئارەزوو یان هەر شتێکی تربێ، ئەرکە. ئەرکێک کە بە یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکان دادەندرێت، بەجۆرێک کە وەرگێر بەرپرسیارییەتییەکی گەورە لە گواستنەوەی کولتوور و تێگەیشتن و ئایدیای زمانێکی تر دەگرێتە ئەستۆ. بەهۆی وەرگێرانەوە مێژوو و شارستانییەتی گەلان و تێگەیشتن و هزرینی مرۆڤانی جیهان دەگاتە دەستمان. وەرگێران کردەی تێکەڵبوونی بیرکردنەوەی مرۆڤە نەتەوە جیاوازەکان دەسازێنێ، تێکەڵبوونێک کە زۆرجار کۆمەڵگە جیاوازەکان بەلایەنی ئەرێنییەوە بۆیان دەگەڕێتەوە. پۆشکین، وەرگێڕکاران بە هەڵگرانی گیانی مرۆڤایەتی پێناس دەکا. دەشێ لەو پێناسەیەی پۆشکینەوە دەرگەی چوونە ژوورەوەی پیرۆزی وەرگێران بکەینەوە. لەبەرئەوەی لە جیهاندا سەدان زمانی جیاواز هەن و زۆربەشیان خاوەن کەلتوور و شارستانییەتی جیاوازن، وەرگێران دەبێتە تاکە ڕێگە بۆ ناساندنی مرۆڤی کولتوورە جیاوزەکان بە یەکتری و هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ یەکتریدا بەجۆرێک کە دواجار پێکەوەژیانی فەراهەم بکا. ئیدی لێرەدا وەرگێڕ ئەرکی گەیاندنی هەموو ئەو شتانەی بە شێوەیەکی دروست و حەقیقەتیانە هەیە ، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە لە ئەزموونی ژیانکردنی مرۆڤە زمان جیاوازەکاندا تەواو شارەزای بیرکردنەوە و هزری یەکتری بن.

کێن ئەوانەی لەناو ئێمەدا کاری وەرگێران دەکەن؟ بە کامە یاسا و پرەنسیپی وەرگێڕان کار دەکەن؟ چی و چۆن وەردەگێڕن؟ کامیان لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتییە گەورە و پیرۆزەدایە؟ دەیان پرسیاری تر دەربارەی پرسی وەرگێڕان هەن کە هێشتا بە جدی قسەیان لەسەر نەکراوە. وەرگێڕکارانمان سەرەتا لە حەزی کاری وەرگێرانەوە دەست پێدەکەن و دواتر بەبێ ئەوەی ئەم حەزە بگۆڕێت بۆ بەرپرسیارییەتی بەردەوام دەبن لە کاری وەرگێڕان و بێ هیچ سڵکردنەویەک بەرهەمەکانیان دەخەنە دەست خوێنەران. نەبوونی ڕێکخراوێک یان سەندیکایەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران وایکردووە کە هیچ یاسایەک بۆ کاری وەرگێران نەبێت و وەک زۆربەی بوارەکانی تر پەرتەوازەیی، وەرگێڕانیش بگرێتەوە. بوونی سەندیکایەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران نەک تەنیا برەو بەکاری وەرگێران دەدا، بەڵکو وەرگێر دەبێتە خاوەنی پاڵپشتی و ئیمتیاز و یاسا بۆ کارەکەی. هەموو ئەمانەش دووبارە دەبنەوە هۆکار بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی وەرگێڕان.

دەیان نەگبەتی و نەزانی لە کاری وەرگێرانی ئێستاماندا هەن، بەتایبەت بابەتە ئەدەبییەکان زۆرتر ئەو فەوزا و بڵاوییەی گرتووەتەوە، لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەو کارەساتانە دەدەم کە لە ئێستادا پڕۆسەی وەرگێڕان پێیەوەی دەناڵێنێ:

له بابه‌ته ئه‌ده‌بییه‌کاندا چ ڕۆمان یان شیعر یان هه‌ر ژانرێکی تر زۆرجار ده‌بینین که وه‌رگێرانه‌که زیاتر به فلته‌ری زمانێکدا تێپه‌ڕیوه، به نموونه ده‌ق هه‌یه به فه‌ڕه‌نسی نووسراوه و دواتر کراوه به عه‌ره‌بی پاشان کوردی، یان له ئیسپانییه‌وه بۆ ئینگلیزی دواتر بۆ فارسی ئینجا بۆ کوردی. له کاتێکدا که زمانی نووسراوه ئه‌ده‌بییه‌کان له‌به‌رئه‌وه‌ی لێوانلێون له ئیستاتیکا و هزر به هه‌ر کرده‌یه‌کی وه‌رگێران ئه‌و جوانی و فیکره‌ی لێ داده‌چۆڕێ و له ئه‌نجامدا به‌رهه‌مێکی کرچ و کاڵ ده‌که‌وێته ده‌ست خوێنه‌ر. وه‌رگێر هه‌یه له هیچ شوێنێکی کتێبه‌که ئاماژه به سه‌رچاوه‌ی ئه‌سڵی کتێبه‌که نادا، ئه‌مه‌ش ڕێز نه‌گرتنی ئاوه‌زی خوێنه‌ره. وه‌رگێر به‌و که‌سه ناگوترێ که شاره‌زایی له زمانێک هه‌یه کاری وه‌رگێڕانی تێدا ده‌کا، به‌ڵکو به‌ر له هه‌ر شتێک که‌سانێک ده‌توانن سوود له زمانێک وه‌ربگرن بۆ کاری وه‌رگێران کاتێک شاره‌زایی ته‌واویان هه‌بێ له زمانی بۆوه‌رگێڕدراوه‌وه نه‌ک ته‌نیا شاره‌زایی له زمانی لێوه‌رگێردراو. مخابن به‌شێکی زۆری وه‌رگێڕه‌کانمان شاره‌زایی ته‌واویان له مه‌سه‌له‌ی زمان به هه‌موو زانسته‌کانییه‌وه نییه، پێکهاته و ستره‌کچه‌ری ڕسته، سیمانتیک، فۆنۆلۆجی، ئیدیۆم و ده‌سته‌واژه که‌لتوورییه‌کان و چه‌ندین شتی تر که وه‌رگێر ده‌بێ له هه‌ردوو زمانه‌که شاره‌زاییه‌کی ته‌واوی لێیان هه‌بێ و بتوانێ به‌هۆیه‌وه وه‌رگێڕانێکی دروست به‌رهه‌م بهێنێ، که دواجار هه‌موو وه‌رگێڕانێکی جوان و دروست وه‌ک داهێنان و ده‌قێکی نوێ سه‌یرده‌کرێ. له ئێستادا ئه‌و ده‌زگا زه‌به‌لاحانه‌ی که مانگانه چه‌ند کتێبێکی وه‌رگێردراو ده‌خه‌نه کتێبخانه‌ی کوردییه‌وه، هیچ لێژنه‌یه‌کی جددی و پسپۆڕیان نییه بۆ پێداچوونه‌وه به‌و وه‌رگێرانانه‌ی که وه‌ک کتێب بڵاوی ده‌که‌نه‌وه، به‌ڵکو هه‌مدیس ئه‌وه‌شیان په‌یوه‌سته به په‌یوه‌ندییه دۆستانه‌ییه‌کانیان. تاکو ئێستا له‌زانکۆکانی کوردستان به‌جددی کار بۆ کردنه‌وه‌ی به‌شی وه‌رگێران نه‌کراوه، که تیایدا که‌سانی پسپۆڕ له وه‌رگێڕان، بنه‌ما و پره‌نسیپه‌کانی کاری وه‌رگێڕان به شیوه‌یه‌کی زانستییانه بڵێنه‌وه و به‌و هۆیه‌وه وه‌رگێران وه‌ک زانستێک سه‌یربکرێ و هه‌ر کارێکی وه‌رگێڕان ڕه‌خنه و بۆچوونی جیاواز هه‌ڵبگرێ.

**نه‌بوونی ڕێکخراوێک یان سه‌ندیکایه‌کی تایبه‌ت به وه‌رگێڕکاران وایکردووه که هیچ یاسایه‌ک بۆ کاری وه‌رگێران نه‌بێت و وه‌ک زۆربه‌ی بواره‌کانی تر په‌رته‌وازه‌یی، وه‌رگێڕانیش بگرێته‌وه. بوونی سه‌ندیکایه‌کی تایبه‌ت به وه‌رگێڕکاران نه‌ک ته‌نیا بره‌و به‌کاری وه‌رگێران ده‌دا، به‌ڵکو وه‌رگێر ده‌بێته خاوه‌نی پاڵپشتی و ئیمتیاز و یاسا بۆ کاره‌که‌ی. هه‌موو ئه‌مانه‌ش دووباره ده‌بنه‌وه هۆکار بۆ به‌ره‌وپێشبردنی پرۆسه‌ی وه‌رگێڕان.**

# Tropk

" A Space for Sublime Works "

An Independent Intellectual, Cultural, and Artistic Periodical
Published by:
Tropk Establishment for Cultural & Artistic Activities (TECAA)

No (1) Summer, 2012

**Editor-in Chief: Dr. Azad Hamad Sharif**
**Editor: Goran Rasool**

Mob:00964 750 6677958
00964 750 4524443

Email: dezgaytropk@yahoo.com

Erbil – Kurdistan Region - Iraq
2012